# چۆن بوومە تیترواسك

# چۆن بوومە تیترواسك

عەبدوڵڵا سەڕاج

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

هەولێر - ٢٠١٢

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **رۆمان**
- **چۆن بوومە تیترواسك**

---

- نووسینی: عەبدوڵڵا سەڕاج

---

- نەخشەسازی ناوەوە: رێدار جەعفەر

---

- بەرگ: جێگر عەبدولجەبار

---

- ژمارەی سپاردن: (٦٩٠) لەساڵی ٢٠١٢

---

- نرخ: (٢٠٠٠) دینار

---

- چاپی یەکەم : ٢٠١٢

---

- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

---

- چاپخانە: چاپخانەی رۆژهەڵات(هەولێر)

**زنجیرەی کتێب (٦٢٧)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

مەكان شەوقی بە عێلاتە، پەشمە كۆنە هەوار

حەیات زەوقی بە ئەحبابە، بایە ئاو و هەوا

حاجی قادری كۆی

# ١

گەرەکتە بزانیت چۆن بوومە تیتروا‌سك. مەراق مەکە، خواهیشت دەکەم پوخت هۆشت لەلام بێت و ئەم لاپەڕانە بخوێنەوە، لە رازەکەم تێ دەگەیت، تەنیا ئارام بگرە و بەس، باوانەکەم لەو دەمەی کلك و هەردوو باڵی کردنەوە وەك داموس و یاڵی ئەسپێکی رەسەن، تیتروا‌سکی تایین لە ئاسمانە ساماڵ و کەوەییەکەی خوارینی چەمی (سیروان) دا چریکاندی: (چ کارەساتێك بوو.. بوو.. بووو)

لە رۆخی دەمزێی بچووکەوەش، قومرییەکی هاوژانی ئەو تیتروا‌سکە خوێندی و زمانحاڵی گوتی:

(لێرەوە بۆ کاروانسەرای بێ سەروشوێن تێپەڕین.) کوڕکوڕێکی بناری (حەمرین) و کەوێکی کەپکە شاخەکان (زاگرۆس) ناڵە و چریکەژانی هەردوو تیتروا‌سك و قومرییان دەچڕێ و دەچڕییەوە:

(وای لە ئەشکەنجەی مرۆ بە دەستی مرۆوە)

ئەگەر بڕوات بە زمانی باڵندان نییە و بێ هەست و خوستیان تێ دەگەی. کەیف و ئارەزووی خۆتە؛ وەلێ نیگات بە لای کێشکەیەکی ناو قەفەزۆکەی منداڵێکی توولەك وەرچەخێنە، ئەو کاتەی نیازی ملکێشانی مەلە بەسەزمانەکەی هەبێت. ئەدی هەستت بە ترپەی دڵۆکەی کۆترە شینکە کردووە، کە بە تێسرەواندنی بەردۆکەی دارلاستیك، یان قەڵماسنگ باڵێکی شکاوە و شۆڕبووەتەوە! هەنگی هاوچووی باڵندەی قوڕین دەڕمێتە سەرزەوی. ئەی پەڕەی گوێت بۆ رازی جووتێ پەڕەسێلکەی هاوسەری لانە شێواو رادێراوە، هەستت بەناگزۆریی مەلی ناو تۆڕ کردووە. لە ژماردن نایەن دیمەنگەلی

سەلماندنی زمانی بێ دەنگیی مەلۆچکان. دەی ئەوەی نەشیاوە با بۆ داهێنان و جوانی بلوێنین .چی لە دەست دەدەین..ها، کەواتا یاوەریم بکە و کەمۆکەیەك هەستەوەری و نەستەوەریت بۆ دەمگۆی پێنووسەکەم تەرخان بکەیت و وشە تەریوەکانم ببیە. خۆ چاویش دەبێ لەو هاوسەنگییەی هاوکێشەکە دریغی نەکات. گوێت لە بەشداریی کردارەکیی چوار مەلان بوو بە تایبەتی چریکەی سۆزناکی تیتراوسکەکە.

ئەوسای نەنکە پەژمووردەکان بەتەك باپیرە چاوکز و پشت کۆماوەکانەوە لە چریکە چڕینی ئەو باڵندانە زۆر پوخت دەگەن، خۆ سەر و تیتکیان لە باراش هاڕیندا چەرموو نەکردووە برا. چریکەکان فرمێسك. دەزایێنێتە چاویان و کەڵەکەی خەم بەناخیاندا دەچۆڕێنێت. رۆندکیان بازرەقە دەکاتە خوارینی دیدە کلۆڵ و نمناکە خووساوەکانیان. لەدوور ناخیانیشدا هەست بەمەترسیی لێکترازان و زێد چۆڵکردن دەکەن. لە ناوەوە هەوێنی پەژارە هەنجن هەنجنیان دەکات، نەبادا ئەوانیش راپێچی نادیاری لمینگەی باشوور و بێروونان بکرێن، شانیان بەکۆڵە قورسەکانیانەوە داگە، بەرەو هەوراز هەنگاوی لەرزۆك هەڵدەنێن.

- (فریا کەفە ئافرەت هەتا نەکراوینەتە ئاردی ژێردەوەنە خڕنووك و بەلالووکان)
- (ئاخر پیاوەکە، لاقم لە دووم نایەت باداری تەنگی پێ هەڵچنیوم.)

مشتومڕیان درێژەی هەیە، هەر چەندە لە بیستنی تۆ و من و کەسانی تریش دوور و دوورتر دەکەنەوە و لە ئاسۆگەی هەردەکاندا دەبنە دوو خاڵی کاڵ و بەقەم. دەزانی هێڵی ئاسوی هەورازان لە ئاسۆی نشێوان بڵێندترن، کەچی هێڵی کەمەرەی گۆیی زەویمان لە دەشتاییە کاکی بە کاکییەکاندا ناوەند دەگرێ. ئەگەر بەوەت نەزانیبوو لە هەنووکەوە بیزانە. ئەمەش وانەی یەکەمینە لە زانستی بینینگەی نیگارکێشان و ئەلفوبێی کەڤاڵدا.

ئەز بەسەرهاتی بەشمەینەتیی مرۆگەل بۆ مێژوونووسان دەهێڵمەوە کە نەوە و هەڵاتووەکانیان ئەمێستا لە تەمەنی سەرووی بیست ساڵەوەن. زۆریش بەتەنگیانەوە نەهاتوون لە پەیکەرتاشین و مۆنۆمێنت و رووالەتی گیرفانمەندی بترازێت. ئەم ئەزموونەی بەندە گەردشی خامەیە بەناو برین و خوێنەر و موولوولەییەکانی جەستەی نووسیندا. هەرگیز خۆم پێبەندی وا پرۆژەیەك حەنبەلییانە نەکردووە. قەڵەمەگە و گەردش دەکات؛ دەهێڵێنێ و دەڕەنگێنێ و دەهەژێنێ. سنوورەکان دەبەزێنێ و تابۆکان پێشێل دەکات و کێلی حەرامی

مەرز و تەلبەندی تخووبان لا دەبات لە پێناوی راستوێژی و جوانیداو بەس. لەوانەیە سەرسام بیت لەوەی نیازمە لە شێوەی مێرووستان کە چۆن چۆنی گەرا دادەنێت و پەروەردەیان دەکات ئاوها لانە لە پزدانی دایکمەوە تێهەڵچم لەو دەمەی پارچە ئاو لە مەلەیەك بووگم واقت نەورمێت لەو گۆشە نیگایانەی لێوەیان، هەبوونی زندگی و هەم رابوونم وێنا بکەم. ئەدی سەردەمی نۆژەنی و تەکنەلۆژیای بەد بەتاك نییە. ئەی پێشتر باڵم نەبەخشیوەبە ئافریدەکراوەکانم و گشت نهۆمەکانی ژێر ئاو و بن زەوین و نەزاندراوەکانم پێنە کردوون تەنیا بۆ مەبەستی پتر پشکنین و پترکنەکردن و هەڵهێنانی مەتەڵە شاراوەکانی گێتی و گەردوون. (زەمان، بڕوانە هەمبانە بۆرینە) کە وابوو، بەهیچ کلۆ جێك مەبە لەمپەرم؛ بەڵکو لەتەکمدا هاو گەشتم ببەو بزانین چۆنەکی دەکەوێتەوە.

ئەو جووتە پیرەژن و پیرەمێردەی لە چنگی وێرانکاری سەرگەردان بوون؛ دایك و باوکی هەزارانی وەکو منی هۆشەنگ بوون لە زەنگی مەترسی و تۆقان رەدووی بانگهێشتیترووسکایی خۆری سەرفرازی کەفتبوون. تێشووبەرەی هەفتەیەکیان پێبووە لەگەڵ راوییەی ئاو و ئازوقەی قەسپ و مێووژ و نۆك و هەرشتە. لەوا گەشتێکی رۆحیی فرە ناسکدا، گونجاو و ناگونجاو، ناشیاو، هەبوون و نەبوون دەستەملانێ دەکە، یەکتریش جاروبار لە پانتایی ناختدا دەگەوزننەوە. دڕبەیەکدی دەدەن، ئەوساش براوە زەبر بەدەست دەبێت، سەرەڕای نارەوایی گەمە نا یەکسان و زۆرانبازییە ناجۆرەکان. ئەمە پێگەی رێسای ژینەوەری و رەوتی گەردوونە و دەبێت رەچاوی بکەیت، منیش وام کرد. ئامادەیی هەنووکە، بزربوونی رابردوو لە بەرچاوی گیان و لەشدا دیاردەیەکی رەچاوکراوی ئاساییە بسەپێنە سەر هەڵوێستە سەر وێستگەی ژیان و برگەکانی تەمەنی تۆ و من و ئەوانی تریش. ناوبەناو، بۆنە و رووداوە ئێستاییەکان دەبنە شایەتحاڵی رابردوو، جاروباریش رووپەلە ژاکاو و شەمزاوەکانی پێشینەش دەبنە بەرسڤی دیاردەی ئێستایی. ئەم ئاڵوگۆڕە پەیجۆری یەکتری دەگرنەوە. لێرە و لەوێدا، پاش و پێش دەکەن. تکایە چاکم تێ بگە، پرسیارەکانیشت لە سەر پێڵووم دادەنێم لەوەش دڵنیا و ئەرخاین ببە، بە تۆ و بە من چەمکێ بۆ قەوارەی هەبوونایەتیمان دادەڕێژین، وەکو ئەشوو (سیمیار)ی رەوانشاد بەبێ گوێدانی زاگۆن و بەربەستە حەرام و تابۆکان. دەبا رابردوومان و

ئەمێستاییمان بە جووتی ئاوێنەی رووبەڕوو بەیەك بزانین، رەنگدانەوەیان، زەنگدانەوەیان، هێڵدانەوەیان ئاوێتە بن. ئاخر ئەشوو سیمیار فێری کردووین: (ڕامان پاکژ، چاکوێژ و بڕستکردار) بین بۆ پێشڤە خستنی چڤاك و کۆمەڵگە. ئەو سێ ڕێبازە بایەکتری نمایش بکەن، یەکتری بگێڕنەوە و رووناکی دیودەریش لە تیشکۆی رەوانمانەوە بخوازن. دوورکەوتنە لە زایینگە، دوورکەوتنەوەشە لە رەحم و یۆڵداش و گەردوونیش. دوورکەوتنەوەیە لە یادەوەری و هەڤاڵان و گەرەك و پێچاوپێچی کۆڵانان و گوزەران. وای لە ئاوارەیی، دوورکەوتنەوەیە لەدارییی ناومالێ و شاتووی باخان و بەردەبازی جۆگە و قەڵبەزەی بەست و داروبەرد، رووەك و پشیلە و ئاژەڵ و سەگ و بنیادەم. ئەوانەی گرۆی گرێبەستی هەمان هەبوونن، گوزەرانیان چوونیەك تەبا و گونجاوی هارمۆنین، ئاخۆ توانستێکی نادیار کۆی کردوونەتەوە، رەنگە کۆکەرەوەکە (زەروان)ی پەروەردگاری چارەنووسمان بێت، دەشێت لە هەڵوەستەی هەڵبژاردنی خودی مرۆڤەوە بێت. لە نەرین دیدگەی بەندەوەش، سەبارەت بە هەر هۆیەك دەبێت هۆشکراو و خارادڵ بین. ئەم دەرەنجامە بە بیرناسی و سۆفیگەرییەوە مەبەستە، گوایا ئەز لە ناو پەرژینی ئایندابێ ئۆل و نابروام بەمیتالۆژیا و لە شوراجارێ لە ئەنبوژەنی (مادی)دا گەڕیدەی دۆزەمینوویی (مەعنەوی)یەکانم بۆیەش زەند و راڤەکان بەویستی خۆم هەڵدەخەم. ئەوجا لێمی وەردەگرێ و خۆشنوودت بکات، یان ناقایل و قەڵس و تۆسن دەبێت. ئەمە بۆتۆی فەرزانە دەهێڵمەوە، ئەوجا باپەرژێینە خۆمان و هێڵی سەرەکی بگرین چاکە وەکو ئاماژەم پێ دا، دوورکەوتنەوە لە جێگەی یەکەم، پێشینەی لە تڕۆکردنی دایکە حەوا و باوکە ئادەمدا هەیە و بۆمان ماوەتەوە، لە بەهەشتی دڵاراوە بۆ دۆژەی زەوینی بەیار. ریشاڵ و رەگ هەڵکەناندنە، لە زێدی بەفەڕەوە بۆ رەهەند دڕکاوی و دەشتاییە قاقڕەکان کە دەکاتە سەندنەوەی ژیان و مراندنی رەوان. ئایا لەم مەرگە ترسناکتر و ئەشکەنجەدارتر هەس. هۆلاکۆ بێنە بیرت، هیتلەر و کێ و کێ. من ناڵێم، تۆبڵێ، ئەوە جێگەی پێکەنین و تەوس نییە کە لە پاش لە سێدارەدانی سەدامی بنیاژەڵ، هەندێك بێژن: لە کاتی دەستبەسەری و بەندبوونیدا ئەشکەنجەی جەستەیی دراوە. ئەدی ئەو مافپەروەرانە لە سەروبەندی جینۆساید و هەشت ئەنفالەکاندا لە کێندەرێ دەلەوەڕان. ئەز راستی رووداوەکان ناگێڕمەوە، وەکو گوتم بۆ

دیرۆکنووسان و پەیڕەوانی مافی مرۆڤم جێ هێشتوون. ئەز، لە ئازارەکانم دەپەیڤم. خوازیارم لە ژانگەی وشە و جەستەی تێکستدا، چوون جێ پەنجەکانی (میکلانج) و (رۆدان) بپەیکەرێنم. خۆ پەیکەری داود و موسا و عیسای لە خاچدراوی یەکەم و پەیکەری ماچ و دەست و بیرکارەکەی دووەمت دیوە. ئاوها دەمەهەوێ قولنگی وشەرۆنان بوەشێنم.

بەلامەوە، هەرە گرنگ و کاکڵدار نیاز پاکی و کۆششەکەیە لەو پێناوە هەرمێنەی پێواژۆکەدا، ئەمەیشە بەلای تۆی ژێرەوە ناکاتە ئیسرا و میعراج و هەڵشاخان بەرەو دوندە سەرکەشەکان. کەوابوو، چ گوزارێکی شادیهێنە، چ بەختامێزییەکە، ئەسپی پێنووس لە چێوەیدا بحیلێنێ و بکوژێنێ. ئەگەر ئەمە توولە ڕێی جاویدانی نەبێت، ئەدی چییە. با لەڕێی پرسیاردا بین، ئەو پرسیارەم بە ئاراستەی هۆردووکمانە، وەڵامدانەوەش زۆر پێویست نییە، بەسەر راوەشاندنێك، بەچاو لە یەکدی بڕین مەبەست دەپێکین. ئا.. ئاوهالانە بنۆڕە، چاوم و دەنوارمە چاوت، ئەمە لە دەیان دێری هاڤپەیڤین و درێژدا دڕی رەوانبێژترە، مەگەر وانییە. ئافەرین. کاکی برا، گەشتە بازنەی هەبوونایەتی و نەبوونایەتی لە رەهاییدا یەکتر راودەنێن، لاپەڕەی مێژینەیان خوێناوی کردووین. شەرەف و ناموسیان لە کاباریێ و بازاڕی (عوکاز)دا هەرزانفرۆش کردین، بە بەڵگەوەش و هێشتا هیچمان بۆ نەکراوە. ئەمە حەلقەگەوی دۆزەخینە دەیهاومە ئەستۆی سیاسەتواناکانی خەمساردەوە. هەمیشە لەوەڕ و پاوان و قەدەغەکراوەکانمان والاکراون بۆ مێگەلی و حوشترانی ئەوانگەل! ئەوانگەلیش لە تۆڵەی کەرپەو باشیمان شوونبزریان کردین هەنووکەشی لەگەڵدا بێت وەکو ئەوەی دوای کلاوی بابردوو کەوتووین. بێدەنگییەکی موتلەق سەرجەمی تاوانە ریسواییەکانی گرتووتەوە. مەگەر دوای بخەین بۆ ئەوسای کلکی حوشتران دەگەنە زەوی. یادەوەریی کۆهۆشیمان هەڵدەگەرێتە هەورێکی بۆر و چڵکن؛ بەڵام ئاوس و دووگیان. چڵکن لە سمینی شەرەف و رووحەتمان، ئاوسیش بۆ رێژنەی داهاتوو. وایە. بەڵێ لەگەڵتام کە هەور بەهەر شێوە و جۆرێك بوو، راگوزەر و گەشتیارە و رەنگە بەم زووانە نەیکاتە شەستە باران و لیزمەی بەخوڕ. ئەمەش ئازارێکی دیکەیە لە تەك کۆزامی گەلەکیمان، وای.. کە چەند سان و پیرۆزە لە کنمان وشەیەك لە سێ پیت پێکهاتووە: زێد.. زێد.. ز.. ێ.. د. سێ جاران گوێبیستی

زەنگدانەوەی دەبین: زززز... بیێ بیێ یی بیێ ...د. د. د. د. ئەم دۆخە مەگەر بەزار سووك و سانا بێت، دەنا سەتان واتا و چەمکی لە دڵ و دەروونانداگرتووە، چوون سێبەرمان، پێستمان، بیرمەندیمان ئۆرگانییە و هەرگیز لێمان نابێتەوە؛ وەلیێ ترس و برسێتی جووتیێ کۆڵەگەن نشوستی بە مەردمی راڕادێنن، زۆرینەی خەڵکیش لەو جۆرەن کە بەرگەی ئەو دوو هێرشە نالەبارە ناگرن. ئەگەر جەنابت و من سەرژمێری ئەنفالکراوان و شەهیدانی هەڵەبجە و بالیسان و بادینان و... تاد، بزانین، لەوەش دڵنیایین. کە پتر لە پێنج ملیۆن زام لە ناخی ئێمەی باشووریدا سوێی بووەتەوە. لە ریشاڵەوە هەڵکەندن، لە ماڵ و حاڵ دوورخستنەوە مەگەر بەزمانگۆ ئاسان بێت. ئاخر... نەماڵی نوێت ماڵە و نەگوزەرانی تازە هەوارت گوزەران. دەبوێرە و وڵامم بدەرەوە، دەی. بۆ وا بێدەنگیت؟ شارەکەی کە جێت هێشت، شارەکەی کە تۆ جێهێشت وا لە دوورەوە کزە رووناکی بەژوورەوەمان دەدات و تا دێت کزتر و کاڵتر دەبنەوە. دڵۆپ، دڵۆپ ئەو کزە رووناکییە و ئەو یادەوەرییانە تك تك دەڕژێنە ناو رەحەتیی ناخمانەوە. بۆنا.. کاکی خۆم رووناکی دۆخی شلەمەنی وەردەگریێ چوون ئەشکی چاوان دەتکێت. ئەمە فرمێسکبزەیە لە بیرت نەچێت کە لێواری گیانم تەڕیی نماکی دەکات.

ده لە پاش ئەم چەند و چوونەمان روو لە کاولستانی گەرمەسێر بکە بەچاوانی لەش و رەوانت ئەوانە بدینە، کە پێنووسەکەم، بیرەکەم نەگەیشتۆتە قولە پێی کارەساتەکانی. بەئامۆژی ئەشوو (زارا) مان کرداری بگۆڕ جێمەکی هەردوو پایەی خاوێنی بیر و گوفتارن، چونکی کنەکردن لە یۆتۆ پیاکانی ئەفلاتوون، فارابی و ملتون و چەندانی دیکە، گاسن گڕدانە لە زەویی رەقەن و نالەباردا. ئەو یۆتۆپیایانە زڕە خەونی مرۆگەلێك بوونە بەدەر لە کردار و گۆڕنکاری. ئەمەی من بانگهێشتی بۆ دەکەم هاوشانی گەڕانەکەی کەلگامێشە بەدوای نەمریدا. کنە کردن لە شارە میروولە و منداڵدانی دایکانمان لە بۆ دۆزینەوەی سەرهەڵدانی جینەکانمان، لە بڕبڕەی پشتی باوکانمانەوە ـ وەك باوە ـ بۆ هێلکەدانی دایکانمان. خۆ تێم دەگەی، جیێ نەما تاوانی تێدا نەکەن مەگەر بان مەریخ و کۆ هەستارەکان. هەمنگوای گوتەنی پانتاییی زەریاکان مابنەوە بۆ گەرا دانانی ئازادی، باوەجوو، لەوێندەریش تیمساح و نەهەنگ و جلەکان دەست باڵان بەسەر زیندەوەرە چکۆلە و تیشکپژێنەکاندا. ئەدی بۆ کویێ هەڵبێین. نا.. هەڵنایەین. هەتا و زەمان

لەبەردابێت بەرەنگاری دەکەین و نابەزین، نا.. بە.. زین. ن. ن. بەزین و ئێمە. مەحاڵە و ئەودیو مەحاڵیشە (دەربەست نایەم ئەگەر تاجی شاهانەم بە سەرەوە نەبێت، خۆ قەڵەمم بەدەستەوەیە.) ڤۆڵتێر هەموو جارێ ئەوەی بەخۆی گوتووە. هەر چەندەش ئارامگەیەك بەدی ناکەم دۆزەخاوی ئێشی تێدا هەڵنەقوڵێت. ئەمە لە ئەزەلەوە لە سەرەتایی گێتیی فیزیکی و میتافیزیکیی گرتووەتەوە؛ لێ بڕوام بە هەتاهەتایی نییە هەرگیز لە بەر هۆکارێکی لۆژێکی ئەویش ئەوەی سەرەتای هەبوو بێگومان کۆتایی دەبێت. ئەوجا هەردوو جیهانی فیزیکی و سەرووەی فیزیکییش لەو بۆچوونە بەدەر نین، هەردوو خاڵی بەرایی چ لە ئەفراندنی ئادەم و چ لە تەقینەوەی بگبانگەوە بڕوانین، لە دۆخی یەکەمیندا حەشر و نەشر و قیامەت بەرپا دەبێت، لە دۆخی دووەمینیشدا یاساکانی فیزیك ڕۆڵ دەگێڕن لە تەفر و تووناکردنی گێتی و زەمان (گەردوون) لەوە پاش چاوەڕیی چەندین ئادەم، تۆفان و پێغەمبەران دەبین، یان تەقینەوەیەکی فرەمەزنی تر، تاکە. ئەم پرسیارەت مەگەر بە تەوێڵی ناجێگە و ناکاتەوە هەڵبواسیت لەوەش پتر وەڵامم نییە. ئەگەر زەروان بم، ئەگەر شەیتان هەمان وەڵامت دەدەمەوە. وای لە نەزانینمان. ئاخر گیانەکەم، شانەکانی مێشکمان لە سەتا یەك دوویەکی کارایە و هەر هەندەش بڕ دەکات. گیانەکەم، لەوەش بێهوودە مەبە.

گوتم لە مێرووستان و پزدانەوە دەستپێك بۆ ئەم تێکستەمان هەڵدەگرین، سەرباری ئەوەش، هاوشێوەی گۆڕە دژە واتای پزدان و شارانی ئاپۆ (باشلار)ە. ئەگەر گۆڕەکە چاڵی سەرنگوومکردن و کۆتاییی تەمەن بێت، ئەوا پزدانەکە شوێنی زاین و پەروەردەیە، کە لە شاراندا دەڕسکێت. سەبارەت بەهەرحاڵ، دەبێت نەریتی گۆڕ بۆ یەکەم جار لەم میزۆپۆتامیایەی ئێمەدا بووبێت ئەوسای قابیل تاکە برای خۆی کوشت. ناوی کوژراو (هابیل) ونە. لەمەشەوە بڕوانە کوشتارەکانی ئەسکەندەری ماکدۆنی لە دەشتاییی ئاربائیلودا، لە شەبەیخوونەکانی هۆلاکۆ، حەجاج و گورگەبۆر مستەفا کەمال. ئەوجا شۆڕبەرەوە بۆ سەردەمی هیتلەری نازی و فرانکۆی ڕەفتارفاشیست و کێ و کێ، تا دەگەیتە هاروهاجەکەی (عۆجە). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، وەکو ئەوەی شیری گشت کۆ هەستارەکان چۆڕابێتە گەروومەوە، شەڕی گەندەکاریی کەوناراو قەدیمە. لە شریتێکی زنجیرەدا کارەساتەکان دەبینم

ئیتر چ حەوجە بە دەموێژی دەكات لە بارەیانەوە، مەگەر وێنە بەخۆیان نائاخێون. ئەوەشی لەسەر بێت یادوەریی هەستبزوێن و وێنە خەمهاوردەكان دەخوازن بە بێ دەنگی كڕنووشیان بۆ بەرین لە تەك رامانێكی قووڵدا. لێرەدا گەرەكە بەتۆ و من و هەمووان بە وێنەكاندا بچێنەوە، بەتەلیسكۆپی (هۆبل)ی فەلەكی حینجەیان بكەینەوە؛ چونكە قەڵەم لە حوزری ئەو پێودانگەدا یەكجار كۆل و كەمبڕشت و كلۆڵە. وای.. لەم نەهامەتییە قسەی تۆیە، تەلیسكۆپی هۆبل لە نەوەت و چەند خولەكدا جارێك بە خولگەی هەستارە سەوزەكەماندا دەسوورێتەوە. بەڵێ، بەتیژڕەویی لە زۆر تشت بەڵەدن لەم وڵاتەدا، بگرە دەزانن لە وڵاتە زلهێزەكاندا ناوی سەرۆك چییە وكێ بۆتە جێگری. ناوی سكرتێری گشتیی دەوڵەتە (نەك میللەتە) یەكگرتووەكان چییە و خەڵكی كام كیشوەرە. زۆری دیش لە مەڕ ئابووری و رامیارییەوە؛ كەچی خۆمان، خۆیان، خۆتان لە عاست كارەساتەكانی گەرمێن و زاوی چەمێ و بالیسان و دۆڵی جافاندا نابینایین.. نابینان. كەڕ و لاڵ. هەشن لەو نێوانەدا، لە نێوانی ئەزی تەرخەمدار و ئەوانگەلی كەمتەرخەم و بێموبالات، تەنافبازی و پەتپەتێن دەكەن بۆ قۆزتنەوەی بڕە بانكەنۆتێك. دۆزیمەوە. ئەوانگەل سیمۆرەن لە پەنا و قوژبنی گەلا و چڵی تلۆفكاندا چاوەڕوانی گوێز كەوتنی دەم رەشەبایانە. وێنای سیمۆرە بینادەمەكان فرمێسكم دەكەنە تیزاب و لاچاوەكانم دەچووزێنێتەوە. ئاسان نییە، بەڵكو سەخت و دژوارە وەكو من، بەبێ دایك پاشان بە بێ باوك بگوزەرێنی. ئەمن بووم لە پاش كەوتنە خوارەوەم لە منداڵدانی دایكمەوە. بە شیرەخۆرەیی خرامە بەرمەمكانی نامۆوە. دەراوسێیە كۆرپەدارەكان، بەنۆرە و بۆ خودا تێرە شیریان دەكردم. گەورەتر بووم و، بە هەموو شیردارانم دەگوت: (دایكە). كەوا بوو ئەز، بەرمەمكەی چەندین دایكە هاوسێ ماڵان بوومە. وای دەبینم كە لە جەژنی زایینی چركەی دەستپێكی كەونەوە وەكو گوتم شیری مەمكانی كۆ هەسارەكان چۆڕابێتە گەرووەمەوە، بۆیە لەو ساوە مەیل و هەوەسم بۆ كەسانی خولگە و دەوروبەرم لە پەرەسەندایە. كاتێكیش باوكم بۆ سەفەری هات و نەهات جێمی هێشت، ئەوە یەكەم شەوی باڵقبوون و شەیتانیم بوو. ناوگەڵ و دەرپێكەم تەڕ و خوساو بوون. مەپرسە لە پای چی و بۆ دایكم و پاشان باوكم سەریان نایەوە و منیان بۆ كۆشكی هەرزەكاری هێشتەوە.

بێدەنگبوون لە رووداوڕۆنان واتای سوورە ماسییەك ناگەیەنێ، کە دەمێك لەمەوبەر تۆڕگیر کرابێت و لە هەڵبەز و دابەزی دامرکابێتەوە. لە (ونگە)ی عەبداڵی زیندرووشدا چمکێك لەوانە تۆمارکراون. ئەوجا تۆمار و بەڵگەنامە چییان لە توانادایە. ئەوە نییە بەڵگەنامەی پیری شالیاری هەورامان لە پێستە تۆمارێکدا گشت ریسوایی و نامووس بردن وئاوڕوو شکاندنی بۆ جێ هێشتووین. ئەوە نییە باس لە کوژاندنەوەی کوانگی پیرۆزی ئاهورامەز دامان بەگوێدا دەدات. ئاخر چیمان لە دەست هات. ئەگەر نەبووبینە کەواسۆری بەر لەشکران و بەردەبازی پەڕینەوەی هێرشبەران بۆ قودسی ئەقداسی ئاینە یەکتاو رێنمای ئاینە ئاسمانییەکانی خاوەرنشین. هەنووکە، هەستێکی سەیروسەمەرە تێکەڵاوی دێرە شیعری شاعیری دانمارکی (بییت هاین) م دەکات.

(ئەوەی لە سەردەمی خۆیدا نەژیت، هەرگیز لە زەمانێکی دیکەدا ناژیت. ئەی تۆ... چی دەکەیت؟)

چەند بارەی دەکەمەوە، کردار پێش نیاز و گوفتار بکەوێت لە بارتر و هەموارترە بۆ رەوتینەی ئایندەمان. ئەم راستییە هەرگیز لە هەقیقەتێکی دەرەوەی کۆ هەستارەکەمانەوە نەهاتووە. گرنگ لە هەرجێ و کاتێکدا ئەمەیە: وابەستەی هەر تاکێکمان چۆن شتەکان دەبینێ و چۆنیش بیردەکاتەوە. ئەرێ بڕوام پێدەکەی ئەگەر بێژم: ئەم کەون و ژیوەرییەمان پەرجووە، ئەفسانەیەکە لەو گۆڕەدا. ئارەزووی خۆتە کە پێچەوانەی من بهزرنێت. جوانییەکەشمان لەوەدایە، هەریەکەمان جوداواز و جۆراوجۆر هەڵبسووڕێین و لێکچوو نەبین. لە خۆمم پرسیوە، ئەتۆش لە خۆت بپرسە: ئەم بارودۆخە بەوە ناکات، کە هەریەکەمان بەسەر پەتێکدا تەراتێن بکەین. پرسیارە و کردم و، هەرگیز داوای وەڵامت لێ ناکەم؛ چونکە ئەو ئەفسانەیەی ئێمەی بەخۆیەوە گلاندووە، جۆرە مەتەڵێکە دەشێت رێسا و یاسای خۆی هەبێت. دەنا بمانەوێ و نەمانەوێ دادە رووخا، بۆیە گەمەی خۆی دەکات. بڕوا بکە، ئەم ئاکامەش بەندە بەپەرچووی و شەگەریی تێ دەگەم. پرسیارە ئەزەلییەکە ئەمەیە: ئەوا زانیمان ژیانمان کەممەودایە، ئایا هەڵدەبژێرین یان نا. گشت ئەزموونەکانم وایان دەرخست، کە خودی چوونە ناو ئەزموونەکەوە، سەرەڕای کەم مەودایشی، ئەرێنی و نەرێنی نیشان

دەدات. ژیانێك سوور دەزانیت هاکا لێوەی راکێشرایت، تۆچی هەڵدەبژێریت. ئەو پرسیار و توێژینەوانەم لادان نییە لە هێڵی سەرەکیی تێکستەکەمان. یارۆی خوێنەرم بۆ وەڵام نادەیتەوە. لە رەوتی خۆی ناکەوێت رۆژگار. ئێمە و مانانیش دەڕەوتێین و لادەچین، ئیتر پاش ئێمە چ دەبێت. نازانم. ئەوەی دەیزانم چەند چرکەیەکە لەم ژیانەی فرەتر دەڕەوتێت. دەلوێت رۆژێك لە رۆژان بگەینە پەنهانی تشتەکان؛ وەلێ دڵنیام کەوا بوونمان هەرچەندەش راگوزار بێت، باپاقژ و خۆشنوود بێت. ئەوجا ئەم هەموو شتانە بکرێنە وشەگەلی هاوڕێی هەقیقەت. کاری سانا و هاکەزایی نییە لەو کاتەی خەون و ئەندێشە و روانینە داهاتوو بووبێتە خود ئەفسانەی هەردانەیەکمان، دەنا لێکترازان و تەنیایی هەرتاکێکمان، مەیینی گەردوونە تێم بگە. لەو ساوەوە تەمەنم نۆژەن بۆوە، کە ئافرەتێکی پەمەیی پۆش بە لێواری زێی بچووکەوە لە (تەقتەق)دا رێنمایی کردم. بەو بوێرییە لە مەرگی ژێر زرپپۆشان رزگاری کردم. نەمزانی کێ بوو. لە تارمایی مەرگ دوورکەوتمەوەوە و چاو و دەستی ئەمەك و پێزانینم بۆ بەرزکردەوە و رووم کردە تیماری پەڕینەوەی ئاوایی (قوزڵوو). لەو دیوی (شێخبزێنی)دا خۆم دیتەوە. کەڵەکەوانەکە هیچ کرێ و قەرەبوویەکی نەویست. منیش نێو چاوانیم ماچکرد و نیگام هەڵدایە ئەوبەری زێ. ئەم خدر زیندە پەمەیی پۆشەم نەدیت؛ بەڵام رووی ئاوەکە زێو کەفت بوو. ئەمەم بۆ گێڕایتەوە بۆ وەی بێژم: لە نێوان ژیان و مەرگدا تاڵەموویەکی بەچاو نەدیتراو هەیە و بەس. ژیانم لەوە پاش زنجیرەیەك بوو لەو دەمەناسکانەی نێوان ئەو دوو جەمسەرەی ژیانمەرگە ـ مەرگژیانەدا.

ئاخر ئەو تەقتەقە و دەڤەرەکەش کەوتبووە ژێردەستی ئێمەی پێشمەرگەوە؛ لەکوێڕا ئەو لەشکرە زرپپۆشەمان لێ پەیدابوو. ئەدی لە کوێڕا ئەو ئافرەتە بووە خدر زیندەی رزگاریکەری ئەز و برێ هەڤاڵانی شۆڕش کە بەرێکەوت بەرپا بووبوو. ئەدی چ هێزێکی نادیار منی کادری دەوروپشتی (خاڵخاڵان)ی گەیاندە ئەوێ بۆ دەستەبەرکردنی کەلوپەلی شارەدێیەکە. ئەو پرسیارگەلە لەئێستامدا کنە دەکەن و هەنووکەش وەڵامی دروستم بۆ نەدۆزراوەتەوە. لە وەتەی هەبوون هەیە، ئەو ژیانمەرگەمان بەباڵادا بڕاوە و دەبێ نمایشی بکەین، ئەگەر بە تەرسەیی مەرگژیانیش بووبێت. ئەمەیشە بە جووتە (ژیانمەرگ-مەرگژیان) بەختەوەریان

کردووم. هیچیان بەبێ ئەوی دی واتایەك نادات، چوون ڕووناکی و تاریکییەکەیە، چوون ئاهورامەزدا و ئەهریمەنن و گشت دووانە دژەکانی تر. هەر لە فیزیکی ئەو زێیەدا لە شیوە سووری (ئۆمەرمەندان) بوو کاکە (مەئموون دەباغ) ڕووبەڕووی مەرگی خۆی بووەوە. ئەوسای ئاواتەکانی نەهاتنە دی و تیٚ گەیشت هەندەی فیشەك پیٚ نەماوە، ببێتە یەخسیری ناو تەڵەی دوژمن، بۆیە بەتاکە فیشەکی دەمانچەکەی داوی ژیانمەرگی خۆی قرتاند. بەختەوەریش بوو بەو ئاکامە تراژیدی و دراماتیٚکە، فیشەکێك، تاکە هیٚڵە نەبیندراوەکەی نیٚوان ژیان و مەرگی ئەو دلێرە بکێشیٚت، کە خۆی بەدەستی خۆی کێشای. باری ئەوتۆ هەڵدەسووڕیٚ، کە مەرگ ویستراو تر دەبیٚت لە ژیان. ئەو دوو ناوەی (تەقتەق-شیوە سوور) یادەوەریم... هەناسەدانی شوێنن لە کاتی بەسەرچووی تەمەنمدا و شوێنەواریان لە ناخمدا هەڵکەندووە. ئەمێستا مەئموون گیان بەچاوی وشەکانم دەتبینم. تۆش لە چاوی فیشەکەوە دەمبینی، زمان خۆی لە خۆیدا هەزاران وشەچاو... چاوەوشە نەبیٚت... وانییە. دەبلّی وا نییە. ئەوجا گوێی بتکێنە بۆ لیٚچوواندنیٚك لەمەڕ ژیانمەوە، دەق بەچیلکە شەمچەیەکی دەزانم، کە لە سەرەوە راگرەکەی وردە وردە بەرە و خوارەوە دیٚت. ئیٚستا هەڵگەڕانەوەی ناخەکیم بۆ ئەو شوێنە مەترسدارە هەمان دەنکە شقارتەی سووتاو بوو؛ بەڵام سەرە گۆگردە سووتاوکەی لە خوارەوە بوو. دەشیا لەو کردارە هزرییەمدا گڕ لە خۆم بەربدەم و لە هەڤاڵەکانیشم، لە کاتێکدا پێیەکانم لە سەر لمێکی خز و گەڕۆکدا بوون. رۆژگار، هیچ چەمکێکی ئەوتۆی لە لام نابیٚت ئەگەر یەکتری نەسڕنەوەو چاوەنۆڕەی نوێترمان نەکات؛ چونکە ژیانەکە، بەسەرجەمی گشتگیرییەوەی هەرگیز مەرگی ئەو و ئەم، یان خۆشبەختیی من و تۆ ئەوی تر نالاوێنیٚتەوە. ئەمە خودی گەردوونە کە فیٚری کردم. براڵە بە وڕێنەی مەزانە. نامن هەرگیز ناوڕێنم، ئەمەش سۆفیزمی شوێنە بزرەکانە لە یادەوەریمدا و، هەمیشە چەند پاتم کردووەتەوە. رۆحی رەوانم، ئەوەی خواردوومەتەوە، وەکو ئەوەی دیمەن و ڕووداوەکان شلەیەکی سازگاربن بە قوڕقوڕاگەمدا بچنە خوار، ئەو وابەستەیی نییە بە سروشت و کەونەوە. بڕوا بفەرموو، ئەوانەی دەراندمن، لە نەستمەوە بەسەر زمانمدا زاڵ کراون و هیچ دەستەڵاتێکم بەسەر گێڕانەوەیدا نییە، ئەمەیشە ئافراندنە و وابەستەی فریشتەی جوانسازی. وا ئەز لە حاڵی سرووشان و سەرووی

فیزیکییەوەم. پێنووس بە ئارەزووی خۆی بە دێڕەکاندا گەردش دەکات، منیش ناچارم ملکەچی یاساکانی ببم. زانستی بۆ بەجێماوە (GENTICS) لە جیاوازییەکانمان دەپشکێنێت. جا لە نێوان مرۆڤگەل دا بوبێت، یان لە نێوان زیندەوەرە فرە بچکۆلە و هەرە فیلەتەکاندا: مرۆڤ، مێروولە، رووەك و نەهەنگ، شیردار و بێ شیر، ئێسکدار و بێ ئێسکبەند، گەڕۆك و خشۆك، فڕندە و گازندە، زەمینی و ئاوی هەموو یەکسانن لە سەر رەوتی گوزەرانیان. دەتوانم بێژم کە مێژووی بایەلۆژی و تەنانەت پێوەندیمان بە بوونەوەرانی دیکەوە و چۆنیەتیی خاڵی دەسپێکی ژیوار، بۆیە زانایان دەیخەنە پەیژەی جوگرافیاوە، واتا: پەیوەستە بە شوێنەوە، ئەمەش دەیسەلمێنێ کە پێشینەی هەرە دێرین لە ئاوەوە سەری هەڵدابێت. ئەمەیان یەکێکە لە چەند لۆژیکێك رەنگە راست بن و دەشێت وا نەبن. سەبارەت بەهەر حاڵ، سەرانسەری ژیوەرییەکان وەکو جووتێ دڵۆپەی ئاو لە دوو رەگەزی مێ و نێر دێنەکایەوە. ورد تروایە بڵێم: تۆێکی چالاك هێلکۆکەیەك دەپیتێنێ. تۆ و من و گشت بوونەوەر و رووەك دێینە ناو چێوەی زیندەگییەوە، کەوابوو، نەوە لە پاش نەوە، بەشە تایبەتییەکانیان، بەگوێرەی مێبوون و نێربوونیان دەبەخشنە وەچی پاش خۆیان، کە هەریەکەیان هەڵگری ڕەگەزی هاوشێوەیانن بەواتای: کیژ هەڵگری زۆرینەی جینەکانی دایك و کوڕ هەڵگری زۆرینەی  جینەکانی باوکیەتی. لە کۆد و نەخشەی ئەم جینانەوە دەگەینە ئەنجامێك: ئەگەر کۆمەڵە رەگەزی مرۆڤ کتومت  کۆپێکراوی یەکدی بوونایە ئەوسا کە خولخولۆکەی گۆڕان دەوەستا و زانستی جینەکانیش دەپووکایەوە، وەلێ کات تیری تیژڕەوە و تێ دەپەڕێت. دیارە منی هۆشەنگ لە بیست و سێ کرۆمۆزومی (x) م لە ناسکەی دایکمەوە، بیست و سێ کرۆمۆزومی (y) م لە حەمەی باوکمەوە وەرگرتووە، بۆیە لە کۆی ئەو چڵ و شەش کرۆمۆزومەوە چاوم قاوەیی کاڵ دەرچووگە. ئەدی خەونەکان، دیارە مەبەستم لە خەونی دایك و باوکمە لەگەڵ خەونی منیشدا تێکەڵن بە حوکمی ئەوەی خەون تێڕوانینی تایبەتی تاکیمانە لە دەرەوەی خودئاگاییماندا، مەودایەکی راگوزەریشە لە مێژووی پەرەسەندنی مرۆڤایەتیمان بە واتای: لە خەونەکانمانەوە هەنگاوی گۆڕان و پێشڤەچوونمان بەرەو پێشتر ناوە چوون تۆویەك لە ژێر گڵدا دەرسکێت، ئاوهالانەیە خەونەکانمان. لە پێشدا نەست

چوزەرە دەردەکات، پاشان هەست و هۆشەکانمان تەشەنە دەکەن، بەنموونە: خەونی بەندییەکانی سەروبەندی یووسف لە زینداندا، لە نەستیانەوە گەیشتە هۆش و زاریان، لەوێشەوە بەرە و گوێی یووسف. ئەویش لە لای خۆیەوە سپاردییە هۆش و هەستی خۆی، دواجار لە شێوەی وشەی زارەکی بۆیانی لێك دایەوە. لە گوێیانەوە هەم دیسان گەڕانەوە بۆ ناخ و نەستەکانیان. ئەم ئالوگۆڕ و هاتوچۆیانەی نێوان نەست و هۆش و هەست، بەپێچەوانەش، خەونەکانمان بە ئەرێنی و نەرێنی بەرجەستە دەکەن، ئەمێستا گوێم لێ بگرە، خەونێکی خۆمت لە کن دەدرکێنم، دەشکرێت بۆلێك دانەوە تەئویلی هاریکارم بیت. چەند جارێکە هەمان خەون لە بەربەیانییان دەبینم. گوایا خەونی ئەو کاتانە راستگۆترە لە خەونانی نیوەشەوان. دوو پشیلەی قەلّە و هەردووکیان نێرن، گوربزێکیان وەکو ئەوەی لە شەو جیا کرابێتەوە، رەشی قەترانی بوو. ئەوی تر بۆربەلّەك بوو. ددان لە یەکدی جیڕ دەکەنەوە. چەنگالّی خڕمووشیان ئامادەیە. بێدەنگ دەبن و لە ناکاو دەبنە چووتێ ساوای گرینۆك و هەڕەشەی ژیانمەرگ لە یەکدی دەکەن. ئافەرین. دەنوێنن و نینۆکیان لە کالانیان دەردێننەوە، دەبپرسە، لە پای چی ئەو دڕدۆنگی و بەگژداچوونەیان درێژەی هەبوو؟! چاك بۆی چوویت. لەو لایانەوە پشیلە مێیەکی بەڤالّی نێرخواز، کەمووی لەشی لە پەلّەی قاوەیی و خەنەیی پێك هاتبوو، چاوەڕوانی ئاکامی شەڕەنگێزیی دوو گوربزە سەرقەوییەکان بوو. کلکە تووکنەکەی بە بەفیزەوە بۆ دەلەنجاندن. میاو.. میاو، هانی دەدان. لەوانیشەوە وەلّامی میاوەکان دەبووە: مڕمیاو.. مڕمیاو. هەرچی زووترە یەکێکیان دڕ بەوی دی دەدا و دەیبەزێنێ و ئەوجا دەچێتە ژوانی پشیلەی بە ئالّووش.

براله. ئەمە کرۆکی خەونە چەندجار پاتبووەکەمە بەبێ ئەوەی بزانم کامەیان مێملّە چاوسوورەکەی دەبەزێنێ و سێکسی ئاسوودەی بۆ دەسازێت. چەندین لێکدانەوە هەلّدەگرێت، وا نییە. دەشێت بەرووگەی سیاسیشدا تەئویلی بکەیت. مێیەکە بەمالّی دنیا و تەماح و بەرژەوەند بزانیت، کە دووکەسی جەربەزە و گورزوەشێن لە پێناویدا کەوتبنە ململانێ. هەندێ جار بەلای ئەو بیرەدا دەشکێمەوە، پشیلە مێیەکە بە کۆترێکی سپی ئالّشت بکەم، بۆ ئەوەی لە واتای ئابوورییەوە بیگوازمەوە بۆ چەمکی ئاشتەبایی ئێرە و ئەوێی مرۆڤایەتی، ئەمیش هەم دیسانەوە رەگ و ڕەچەلّەکی لە بارە ئابوورییەکە رۆچووە. لەم بۆ چوونانەدا، لەگەلّم دای،

یان راڤەی دیت هەیە. بیدەرێنە. ئافەرین، جاروبار گوتنی کاری سێکس و وەچ خستن خۆی لە خۆیدا چەمکی سەرەکی و پیرۆزیشە، بەدەر لە هۆکاری تر.

باوای دابنێین؛ بەڵام گومانم هەس کە ئەمەیشە بۆ واتاکانی پێشترمان بگەڕێندرێتەوە، پرسارەکەم لێرەدایە، ئەوسای دایکان و باوکانمان هامێزی چێژ و ئەڤین لە یەکدی توند دەکەن، ئایا بیریان بۆ ئەوە چووە، کە ئێمەمانان لە وەچی نێر، یان مێ خستنەوە بووە. ئەوسای ئێمەیان سپاردووەتە نۆ مانگی شەوە زەنگی پزدانەوە. ئەی چی لە بارەی زیندەوەرانەوە. دار و درەختان. چاکە.. غەریزەیە. ئەدی غەریزەکە لە چییەوە هاتووە. ئەدی باوك و دایکە نیاندەرتاڵەکانمان لە پەناهەندەییی جەرگی ئەشکەفتانی(شانەدەر)و (زەرزی)و (هەزارمێرد)لە چەنگی دڕندان. لە تەرزە و سوڵەی زستان. لە رەشەبا و گڕە و دیاردە تووڕەکانی سروشت.

دایك و باوکی قۆناخی راو و شکار. سەر و بەندی جێگیربوون و ئاژەڵداری. کێشاوەرزی. پشەوەری و سەرهەڵدانی بیرۆکەکەی چینایەتی و...تاد.

لە سەرووی ئەو حەمکە پرسیارانەوە، لە چاخی دایکسالاریدا - ئەگەر لە بڕگەیەکی مێژوودا هەبوویێت- چۆن چۆنی کەفتووەتەوە ئەگەر مێژووی مرۆڤ بەوا قۆناخێکدا، گیرام، تێپەربوویێت. بابتگەڕێنمەوە لای خەونەکانم. دەڵێم: ناوبەناو زڕخەونیش دێنە ئاراوە، ئاجڕوباجڕ لەگەڵ گزنگی بەیاندا - وەکو نەبووبن - لە بیر دەچنەوە. چاکتر. دەنا ئەوسا بیرو هۆشمانیان بەخۆیانەوە دەئالۆزاند. ئەوەی باشە، لەمەدا هاوبیرمیت و لە بیرت نەچێت، کە جەنابت دەدوێنم بۆ ئەوەی راتچەنێنم نەبادا وابزانیت لە واقیعی ژیان دای، نا.. بەڵکو بەکۆی تۆ و من و ئەوانەی لە لاپەڕەکانی تردا دەیانناسیت، تەنیا لە واقیعی تێکستەکەداین و هیچی تر و هێکرا بە مراز دەگەین.

بیرەوەرییەکانم لە سەنووقچەیەکدا پەنا خستووە، ناوبەناو، بۆ تاوتوێکردنی ئایندەم، دەریچەکەی واڵادەکەم و لێرەولەوێ هەندێکیان هەڵدەچنم. ئەمەش بەدێوە دڵسۆزەکەی عەلائەدین دەکات، کە فریاگوزاریم دەکات.

## ٢

نا هەرگیز ئاستەم نییە تێم بگەیت؛ بەڵام پەلەت نەبێت لەوەی چۆن بوومە تیترواسك. هەدادانت هەبێت و پشووت لەگەڵمدا درێژتر بکەرەوە. لە دیماهیدا بەڕاشکاوی دەڵێم: مەرج نییە رۆمانی نویٚ چنین و دارشتە و پلۆتی رۆمانە تەقلییدییەکانی پێشووی هەبێت. دەی.. تازە دگانی حەفت ساڵەم کەوتبوو، خرامە بەر دوو جۆرە خوێندن. خوێندنی بەراییم لە فێرگەی تێکەڵاوی گەڕەك بوو. دوای عەسرانیش بە سیپارەی (عەمە)ی ناو خورجێنی ملمەوە سەردانی مەلای سەرجۆگەی سەرووی خانگەکەمانم دەکرد. بیٚ ژێربی.. سین زەنە.. بیس.. میم ژێرمی.. بیسمی..لام ئەلیف لا.. بیسمیللا.. هیٚ ژێرهی.. بیسمیللاهی.. ئەوە جۆرێك لە پیت ناسینم بوو، ئەو دەمانە لە من وابوو(زیز، زیر، زیران)ی لاپەڕەی یەکەمی ئەلفوبێیەکەم بەزمانی عارەبانە و بیسمیلاکەش بەزمانی زگماکی خانەوادە و نەتەوەکەمە؛ چونکی هەمیشە و هەردەم گوێم بە بیسمیللای دەوروبەرم راهاتبوو، هەروەسا وایان نابووە گوێچکەمەوە، کە بیسمیلاکە عیلمی رەحمانییە، بەپێچەوانەش (زیز، زیرو زیران)ی مەکتەب عیلمی شەیتانییە. ئەدی بۆ باوکم زۆر دەکۆشا لە هۆردووکیاندا بخوێنم. بەو منداڵییەی خۆم پتر سەوداسەر و مەیلی فێرگەکەم هەبوو. لەوانەی مەلاو سوختەکان بێزراو و وەڕەس دەبووم بە تایبەتی لە ژێرسایەی تۆقین و زەبری حەیزەران و فەلاقەدا ئەنجام دەدرا. ئەوەی حینجەکانی وەکو ئاوودۆ خواردنەوە لە بەر نەبووایە، جووتیٚ قوتابیی زیرەکی سەروبەندی سیپارەی (تەبارەك)و سەرووتر، هەردوو ژێر پێی تەمەڵەکەیان بۆ مەلاکە بەرز دەکردنەوە. ئەویش چوار پێنج لیسی هەمیشە لە ناو ئاوی مەرکانەدا تیٚ دەسرەواند، کەچی مامۆستا ژنەکەی پۆلی

یەکەم  وێنەی زلی (زیزو زیرو زیرانی) دەخستە بەر چاومان، وێنەی زلی سیسارکە زیکزیکە. لە تابلۆیەکی تردا، دیوێکی یەك کووپەی لە سەر رەسم کرابوو، لەو دیوی دووکووەپەی سەوز، لەو جۆرە کووپانەی دایکانمان رۆن و قاورمەیان لە ناودا هەڵدەگرت بۆ زستان. هەنووکە کاسەی سەرە لینجەکەم بە هەردوو گیرەی چەپۆکم گرتووە. لە بیرکردنەوەیەکی چڕوپڕدام. ئەو دەمە و ئەمێستاش، من ئەو کۆرپەیەم کە پزدانی دایکم هەڵی گرتم، پوختەی کردم بۆ ئەم رۆژە دژوارانەی تێدا دەمبرژێنن. بەندیخانەی (ئەبوغرێب)م دیت و قورتار بوونم جۆرە پەرچوویەك بوو ئەوەی لە بنکەی شەهید مەئموون بە چاوانی خۆم بینیم و بەگوێیانی خۆم بیستم، ئەو پیاوە سەرکردەیە دوو پاکەتی جگەرەی (جەمهووری)ی دەدایە هەرزەکارێکی پەناهەندەی بنکەکە. رۆژێك نەبوو، دوو سێ رۆژ نەبوو. کەللەی سەرم ئاوسا. ئاخر هێشتا تەمەنی ئەوەی نەبوو چەکی پێ بدەم. ئەو کوڕە و سەرکردەکە بەپلەکاندا بەرز ببوونەوە. ئەز مایە پووچ بووم. هەتا رۆژێك گەیشتە کونە لووتم. دەوم تێ ژەند.

(قوربان.. ئێمەش...)

دەستم بۆ رووم برد.

(ئێمەش.. بابی.. پاکەتێکی جەمهووری..)

چاوی پەڕییە تەوقی سەری. رستەکەم تەواوکرد و بەچاوەمۆنەکەی هەڵمسوی.

(...پێمانەوە ماوە.. قوربان.)

ڕەنگی هێنا. ڕەنگی گۆڕی. روخساری بووە رۆژی هەورینی بزڕکاو. نوور لەدیدەکانی فڕین. بەتەسەوە، هەرچەندەش رووی لە دیواری ئەشکەفتەکە بوو، گوتی:(مەبەستت.. لەوە چییە میرزا هۆشەنگ؟ (ئەوەی نکوولیی لێ نەکەم، ئەو سەرکردە بەبنەچە رۆژهەڵاتییە بەمیرزا بانگی دەکردم. گوتم: (باشم تێ دەگەی.. جەناب)

وشەی جەنابم  بەشێوە رەزمی گاڵتەجاڕی دەراند. دەرحاڵ نەیکاری زەقنە بووتی تووڕە بوون و کەلەییی بەسەرمدا بباریێنێ و رەنجانی خۆی ئاشکرا بکات؛ بەڵام لە پاش ژەمە خۆراکی نەهار ـ خۆی گوتەنی- وەکو ئێستا لە بیرمە، سەر و دوو کولێرە و جامێك دۆبوو، بڕیاری گوێزتنەوەمی دەرکرد. لەبەرپرسی سیاسییەوە بۆ کادری

ناوچەی گەرمیانی جافایەتیی ئەو دیوی (ئاوەسپی). شایەتم هەن و ئەمێستا زیندوون: مچەی کرێکار، رەمزی گلی و حەمە کەریمی لەیلانی لەوێ بوونە، کە گوتوویەتی: (میرزا هۆشەنگ بەبێ چەك دەنێرمە ئەو گوزەرە.. هاکا کوشتیان.)

دەئەوجا وەرە لەگەڵ سەرکردەی وا هەڵبکە. سەرکردەیەك لە پێناو ناو گەڵی خۆی، کادری لێهاتووی شۆڕش بەرەو مەرگ بنێرێت. تەنیا رستەیەکی راستی پێ گوتووە.

ئەو بەچە بازە لە شاری (ئاراپخا) شدا هاوڕێی(گونە)ی شاز و گەندرەفتار بوو! بەبیانووی گوایا کەڵکی لێوەر دەگرێت بۆ کاروباری حیزب. نایهەوێ ئەندامێکی تێوە بگلێنێت. دەتەماشای ئەو مەنتیقە نادروست و چەوتە بکە. لەوێشڕا شەش مانگ لە کادری سڕی کردم. منیش رووم لە(قۆپیی قەرەداغ) ناو لەوێ بە دیمانەی هاوشاریم مەلای رۆژبەیانی شاد بووم. ئەو زاتە، کەباس هاتە سەر ئەو ئەندامی سەرکردایەتییە دەمی کردەوە.(بابە، ئەو کەی عولەمایە. ئەو عولەنیرە.) لە سەر تاشەبەردێکی رۆخی ئاوەسپیدا لەگەڵ (فەرەیدوونی خەلیفە)دا فانیلەو دەرپێ و جلەکانمان راخستبوون. خۆری گەرمیانەکە بەبان سەرمانەوە بوو. لە پێش چاوانمان تیتراوسکێك ئاسمانی کەرتاند. زیقەیەکی سەیریشی لێوە هات و پترسەری پێ هەڵبڕین. لە هەمان کاتدا لەق لەقەکانی باشوور گەڕابوونەوە سەر هێلانە کۆنەکانیان. لە رۆخی ئاوەکەدا، کە بەماستاوی ترنگ دەچوو، ئالابووونە قۆزتنەوەی بێچووە مار و سەرمێکوتە و بۆقەکان. پەیتا پەیتا بەهۆی گەرمای تاوێرەکە، ئەسپێکان بە پەلە برۆزێ لە جلەکانمەوە رێیان دەکرد بەرەو فێنکایی بەردۆکە، یان گیایەك. بەو جۆرە خۆمان لەو کێچ و ئەسپێ خوێنمژانە رزگار دەکرد. لە کاتی خۆیدا دایکانمان لە ناو تەندووری هەلایساودا جلوبەرگیان دەتکاندین. قرچەی ئەسپێ و رشك وکێچەکان دەگەیشتە پەردەی گوێمان. لە بری ئەوەی، کولێرە چەورە و کولێرەی ساوەری بە پیازو کەرەوزیان دەدایینێ.. ئێستا دەیان جۆری رووەك وگیا بە هەر دوو لێواری چەمەکەوە نمایشی خۆیان دەکەن: ئەسپون و کووزەڵە و پێکوڵە، جاترە و چاومار و چاوبازە، پونگەو ترشۆکە و خەرتەلە، زوڕ ناتك و قالۆرە و شینە شاتەرە، دەستخورینکەو گوڵەنیسان و گیازەنگوڵە. بە هەردوو یالانەوەش هەپلۆك و پێشۆك

و ڕێواس. گوڵ لە هەر ڕەنگی. گەڵا لە هەرتەرزێ. بەڕاستی کاتی تەمەنی ڕاستەقینەم بوون و سەر لە نوێ ژیانیان دەخەمەوە بەر.

کادری پەنجاو چوار ئاوایی: روغزایی، تەرخانی، هاروونی، و سوجانی و تیلەکۆو ڕەشو بۆری بووم لە نێوان هەردوو چۆمی سیروان و ئاوەسپیدا. فەرەیدوون چاوی بڕییە دووچاوم. بەهەمان شێوەی منیش گلێنەکانم لە ئاستی بیلبیلەکانی ڕەق ڕاوەستان.

- (ئەم قیژەیەی لە پای چیبوو؟) ئەو گوتی.

- (لە چریکەی نا ئاساییی ئەو تیتراوسکە هەراسان و سەراسیمام).

ئەز گوتم.

لەو دەمەدا مات و کاس بووین و هیچی ترمان بۆ نەهاتە گۆکردن هەر چەندەش ئەو دوو ڕستەیەی پێشوو بە ڕیتمێکی هەندە نزم بوون، کە ئامۆزای بێدەنگی بوون. نیشانەی گەشکەبوون بە تەوێڵمانەوە بۆ ماوەیەکی درێژمایەوە. خۆ بێدەنگییش لە شوێنی وادا زمانحاڵی خۆیەتی، ئەوسای هەناسەی سارد لە جێی هەڵقوڵانییەوە مت و خامۆش دەکات. لە تەلیسمی هاواری ئەو تیتراوسکە نەگەیشتین، دەنگۆ وایە گوایا بانگی ئاو دەکات و دەکات. یان دەخوازێت ئاو بەزەویی بەیاردا بتەشەنێنێت. ئەدی بۆ پەیامهێنی باران نەبێت. لەو کوێستانانەدا بە هەڵکەوت بووبیت، یان نا، لە پاش چریکەی تیتراوسکان نمەبارانێك زەوی تەڕ دەکات، ئەگەر نەیکردە خوڕ و شەستەباران. ئەو دیاردەیە، مێووڕۆنە کە لەشی سڕبووی خەڵکانی ئەو دەڤەرانە نەرم و شل بکات.

نێوانی هەردوو ڕووباری سیروان و چەمی ئاوەسپی، هەروەها هەتا ڕۆخانەی(باسەڕە)و خوارینی.لە جادەی بەغدا و هەڵەتەکانی حەمرینەوە بگرە هەتا(سەگرمە)ی قەرەداغ، کرایە گۆڕەپانی ئەنفالی زێدەکەمان. گەنم و زیوان و دارەڕای خانکان بەرلە دانیشتووە بێوەییەکان بوونە سووتماك. گوندییەکانیش بەر جینۆسایدی نەگریسی زیندەبەچاڵکردن کەوتن. مەڕومالآت و ئەو یەکسم و دووسمانەی لە تالآن و بڕۆ، قوتار ببوون بەو دەشتایی و یالآنەوە گەڕانەوە دۆخی ڕەمەکی و کێوێتیی پێشوویان.. بووە شایلۆغانی گورگی چاوبرسی، کەمتیاری گەندە خۆر و بزنمژەك. داڵە کەرخۆرەکان و پشیلە کێوییە لە گازی کیمیاوی

هەڵاتووەکان. گازی خەرەدەل و سیانید پاشماوەیانی کۆکۆژ کرد. رەشەولاغی پەرتبووی قڕکردن. گەلۆ.. ئەمە دەچێتە ریزبەندیی یاسای سروشتییەوە، کە داروین و لا مارك و هاوبیرەکانیان تیۆری جۆراوجۆریان لەمەڕ داڕشتووە؟

ئێستا، دیمەنێکی رەوانپڕووکێنی دایکە گەرمیانی و کوڕەکەیت دەخەمە نوای دیدت. وا بلدۆزەران قەپۆزیان لە لمەداغەکەی قەراغی چاڵەکان گیر دەکەن بۆ رامالێنی بەرەو چاڵەکە. لە خوارەوەی دوو مەتردا، دایکێك کۆرپە گرینۆکەکەی بە قەپیلکی شقارتەیەك ژێر دەکاتەوە، بەوەی لاسایی ئۆتۆمۆبێلی بۆ دەکاتەوە: بیب.. بیب.. هۆپ.. ژژژژژ. کۆرپە تاین ژێر نابێتەوە. چاوی دایکە چوستەکە دابەش بووەتە سەرلێواری لمینی چاڵەکە و خوارەوەی، کە دەیان پیرو ژن و منداڵ و گەنجی لە ئامێز گرتووە. چاوێکی لێرەو چاوێکی لەوێیە. دەنگی فیغان و گریە و لانەوە و شین دەگاتە کەشکەڵانی ئاسمان، ئاسمانیش بێباکە و بەهانایەوە ناچێت. هەندیك نوێژیان دابەستووە. بڕێك کاس و بێ دەنگن. هەردێت، لمەکە پەیتا پەیتا کەڵەکە دەکرێت. وا نێوقەدیانی گرتووە. لێخوڕی یەك لە شۆفەڵەکان ئەو کارەی بە دزێوو نامرۆڤانە زانی و یاخی بوو. دەسبەجێ فەرماندەی چاڵەکان بڕیاری دا، کەڕانندەکەش هەڵدەنە ناو چەڵەکەوە. لمە گەرمەکە وا گەیشتووەتە سەرووی کەمەرەیان. ئەز ئەم وێنە زیندووە دەکێشم و هێشتا روحیان لەبەر دایە. ئاپۆ (رەمەزان) وێنەی (عومەری خاوەر)ی کێشا، کە خۆی و کوڕە نازدارەکەی وشك ببوونەوە. وا لمەکە گەیشتە بناقاقایان و لمی باشوور نرکە و ناڵە و هاواری پەنجاویەك گیانلەبەری تاساند. پەنجا منداڵ و ژن و مێردی ردێن چەرمووی کورد لە تەك ئاژێوەرێکی عارەبدا. هەپروون هەپروون بێت ئەو دەست و ماسوولکە و خوێنبەر و مێشکانەی ئێمەیان بەر هەشت ئەنفالی نەگریس خست. جاشی نەفرەتی و کەوا سوورانی خۆشمان رابەر و چاوساقیان بوون. هەی داوەشێن. راست دەفەرمووی لەوانە هەن بوونە پەرلەمانتار. بە ئاشکراو لاوەکی پایەدارن لە کابینەکانی هەرێمدا.

کاسەی سەرم پڕبوو لە وردە هەڵماتی قوڕقوشمین. سەرم قورس و سەنگدار بوو، بۆیە توند بەگیرەی ئەنگوستەکانی هەردوو دەستم گرتم، نەبادا لەگەڵ مێشکم بڕژێتە خوارێ و پەخشان و تەخشان بێت مۆخی ناو سەرم. لە حەژبەتان هەرهەندەم مابوو لەگەڵ

خۆمدا شێتانە بدوێم و گوێگر لە خۆم خڕ بکەمەوە. خۆ تێم دەگەی. ئەمەیە تەنیاییی کەسێك و کۆتەنیاییی گەلێکی پەژموردە و بێ پەنا. ئا. ئا لەو کاتەی خەریك بوو مێشکم بەهەڵماتە قورسەکانەوە برژێتە خوارەوە، هەمان کات وام هەست کرد ئەوەتانێ پێستم دەگروون بۆ وەی دواجار بەلۆکە بیپەستن. دەبپرسە بۆچی؟ بۆ ئەوەی بمکەنە لەیستۆکی دەستیان. ئەوانە کێن؟ چاك بوو پرسارەکەت لە شوێنی شیاوی خۆیدا لێ کردم. ئەوانەن کە داوەکانیان بە دەستەوەیە و لەعاست راستیدا خۆیان نەبان، کەڕ و لاڵ و نابینا کردووە.

هەستم بە هێڵنجی رشانەوە کرد؛ بەڵام خۆم گرت و دۆخەکەم تاوتوێ کرد و نەڕژامەوە. هەڵم سەنگاند و لەگەڵ خۆمدا ئاشنا بوومەوە. فرامۆشیم هاتەوە. تۆ وەرە لەسەر ئەم هەستارەیەماندا، کە لەسەر مانگەوە سەرنجی تێبخێوێنی بە هەڵماتێکی یاقووتیی شین، یان زومروتی کەسکی کاڵ دەچێت، چۆن بەپەڵەی خوێن دەی بزرکێنن. لەم ختوورانەمدا دەمەوێ پێت بووشم کە هیچ نەخشە رێژیم بۆ ئەو تێکستەی بەردەستت نییە. جڵەوم بۆ نۆمای وشە و ماینی رستان شل کردوون، بەویستی خۆیان بڕەوتێن ئەوەی لە سەر تۆ و بەندەیە تەنیا گوێگری رەزمیان بین و بەس. ئەی پێشتر وا رێك نەکەوتین، کە وشە ژیانە و هەم شوناس. بەکورتی لەم نووسینەمدا دەژیم بۆ ئەوەی بتیتروا سکێم.

* * *

- دەبووایە لەم دێی (تۆمار)ەدا یەکتری ببینن مامۆستا هۆشەنگ. کاکە حەکیمی لێپرسی دێ، گوتی ئەوسای لە بنکەی (سەیدان)ەوە چووبووم بۆ دیدەنیی (سمایل چاپچی)و هێنانی وەکو تاوانبارێك بۆ بنکە. پاشتر ناوی بنکەکەمان بووە (شێمەحەمەدی عەودالانی) بەناوی یەکەم شەهیدی دەڤەرەکەوە، کەلقێك بوو لە (چەمی رێزان)ە وە شۆڕببووەوە. ئەوسای پەرەی سەندروبووە سێ لق، کرایە بنکەی (شەهید مەئموون). ئەو سمایل چاپچییە سیخوڕە خراپەی زۆری بەرانبەر بە رێکخراوی

حیزب و گەڕەکی(ئیمام قاسم) کردبوو، بەتایبەتی لەگەڵ خەڵکانی(عاشوور)و (یادگار)و (زێویە)دا. ڕێکخراوی گەڕەك بە پیلانێك تەفرەیان داو ڕفاندیان. لەو تۆمارە لە ماڵی حەکیمی شوانیدا شوێنگیریان کردبوو هەتا گەیشتنی من. وەکو لێپرسی سیاسی، گوتمە کاك حەکیم:

- تۆ واز لە سمایل چاپچی بێنە، دەرمانی چورتمی ئەو لە لای براتە. تۆ باس لە ژنە مامۆستا کەرکووکییەکەم بۆ بکە. مژێکی لە جگەرەکەی دایەوە، پاش ئەوەی بەدەست پێچابوویەوە. چەند چرکە بێدەنگییەکی لە نێوانماندا ڕاگرت. دووکەڵە پێچاوپێچەکەی گەیاندە بنمیچی خانووە داڕاکەی. دەمی بەش کرد.

- ئەو خاتوونە نامەی بۆ دەزگیرانە پێشمەرگەکەی ڕەوانە کردبوو، کە لێرەدا یەکتر ببینن و پەیمانی هاوسەرییان نوێ بکەنەوە.

ـ ئێ .. ؟

ئەز لەسەرخۆ، لە شێوەی پرسیارێکی سەر سوڕهێنەر ئەو تاکە وشەیەم لە ژێر زەمانەوە ئازادکرد.

ـ هەژاریش بەکاتی هاتنی پەخشان خان و شوێنی زانیبوو.

حەکیمی شوانی مژێکی خەمناکی تری لە جگەرە بەنیوە بووەکەیدا و بە نەرمی سووتووەکەی تەکاند.

لەگەڵ گەیشتنی بۆ ئاقاری تۆمار، فڕۆکەیەکی هەلیکۆپتەر پەیدا دەبێت و لەنەوییەوە دەستڕێژ لە هەژار دەکات.

— ساردی دەکەنەوە. دوایی. ئەز پرسیارمکرد. حەکیمی بەرپرسی گوندە خەریکی پێچانەوەی جگەرەیەکی دی بوو. سەری هەڵبڕی و بەچاوی نماکەوە وەڵامی دامەوە.

- زوو بە زوو تەرمەکەیان سەروبەر کرد.

- ئەدی پەخشان خان؟

- کاك هۆشەنگ، لەو کاتەی دیارییان کردبوو بۆ ژووانیان بردمە سەر تەرمی هەژاری جوانە مەرگ. بێ دەنگ بوو. بەچاو داوای پاشماوەی کارەساتەکەم لێ کرد.

ـ له سەرتەرمەکە گوێزانێکی بە دەماری مەچەکی خۆیدا هێنا و هەرهەندەمان زانی خوێنی فیچقە دەکات. ئەم ئەوینە داستان ئامێزە و ئەنجامە خوێناوییەکەی لە بێخەوە هەڵی تەکاندم. بەڕێ کەوتین. دوو پێشمەرگەم لەگەڵدا هاتبوون، یەکیان بە ئاماژەی من چاودێریی لە سمایل دەکرد. لە (خلەگەڕ) لای کوێخا (مجباس) بۆ وچانێك لامان دا. چایە سەنگین و قسە نەستەق و بە تامەکانی مێشکمی هێورکردەوە. هەندەمان نەمابوو بۆ بنکە، بەچاوی فرمێسکن سمایلم لە بەشی گیراواندا تەقەت کرد هەتا ڕۆژی دادگایی لە (چەمی ریزان)دا. مخابن. لە پاش گوێزانەوەم بۆ ئەو لای (ڕۆخانە)، بەنامەی ئەندامە کاراکە... سمایل بە پارە و ڕەشوەتو هەر هۆیەکی تر بەرەڵلا کرا. هەمدیسان وەکو لە خوێنیدا بێت ئەو قورمساغە کەوتە ناو زڕاندنی خەڵك و بەگرتندانیان، بۆیە لەگەڵ لاوێکدا، بەبێ ئاگاداریی ڕێکخراوی شار، دوو دەستڕێژمان لێ کرد و هەرچی دەبێت بابێت. بەدۆزەخمان سپارد. هیچ لێپێچانەوە و سەرکۆنە و لێپرسینەوە لەو بارەوە نەکرا. راستییەکەی هۆکاری بشێویی دووباڵە ترازاوەکەی حیزب لە ناو شاردا، بەسەر دیاردەکانی دیدا زاڵ بوو. هەربالێکیان لێی وابوو باڵەکەی دی بۆ دژەکاری ئەنجامی دابێت.

* * *

ئەز لەو دەڤەرەدا کە تازە رێکخستنی لێ دامەزرابوو نەکوژرام؛ بەڵکو رەوەند و جێنشینیی تیرەو هۆزەکانم کردە ئەنگوستیلەی قامکم. بەگوێرەی دڵیان سووك سووك پرۆگرامی شۆڕشم پێ دەناساندن. کادری پێش من گەمێلانە سەرۆکی زەنگنەی لە قۆپی بەگرتن دابوو، کەلە (خانی خواروو) ی ئاوە سپی دادەنیشت. دەسبەجێ چوومە قەرەداغ و ئەو پیاوە ریش چەرمووەم لەگەڵ خۆمدا هێنایەوە لەگەڵ سێ سەت فیشەك و کلاشینکۆفێکی نوێدا. ناکۆکی زەنگنە و جافانی دراوسێیانم لە چەند لایەکەوە چارەسەر کرد، چ لە بارەی زەوی و زارەوە و چ لە بارەی ژن و گرژیی هۆزگەرییەوە، هەربۆیە بە مەحەمەدی مەهدییان ناو دەبردم. ئەمەم یەکەم جار لە دەمی (لالۆ ڕۆستەم) لە ئاواییی (گامەخەڵ) بیست کە سەرکۆماری روغزایی و سەرپاکی رەوەندانی

جاف بوو. له پاش ئەنجامدانی سەرتۆپی ئەو کردار و رووداوانە، هەستم کرد وەکو ئەوەی پاژنەی ورچێك له سەرسنگ و پەراسووم لاچووە. ئەو سەرکردەیەی بنکە تووشی گونرەشی خۆی هات، له کاتی پەڕینەوەیدا بۆ ئەو دیو پاش هاتنی خومەینی و رژێمی ئاخۆندەکان گوایا چووبوو درێژە بەرێڕەوەی پێشووی بدات، گوایا رژێمی بەغدا هەناردبووی بۆ چێکردنی رەشەی پیلانێکی واو..وا.. گوایا و... چوونە پاڵ میری له پاش شەڕی ناوخۆیی و بەکوشتدانی سەتان ئەندام و پاڵێوراو و لایەنگر و دۆستان، ئاو خواردنەوە بوو له لایان. کەچی له پاش چل ساڵ، نەبایان دیبێت و نەباران، بەرژەوەند پێکەوەی لکاندن. بوونە مێو و رۆن. که ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم وەکو تەکتیك نەك ستراتیژ، بۆیە ئێستاکە و ئەوساش بەلامەوە نەنگ نەبوو لەبەر ئەوەی خەرەکی نیازەکانیانم بۆ نەسووڕاندنەوە و ناسووڕێنمەوە.

حەجلە حەجلە پخاوە
ئەتلاندم گێتتم ئاوە
ئاو دەم مولامەج بیێدم
موڵلامدە ئاغەج بیێدم

ئەمە یەکێك بوو لەو شتانەی پێیان ئەز بەردەکردین، بەبێ ئەوەی لەو سەروبەندەدا واتایان بزانین. له پۆلی چوارەمی بەراییدا مامۆستایەکی (چەمچەماڵ)ی فێری سروودی(دەنکەگەنم)ی کردین.

دەرکەی عەمبار دەشکێنم
دەنکەگەنم دەردێنم
پاك و بێگەرد
وەك ئاڵتوون زەرد
دەنکە گەنم.

قوتابخانەکەمان بەقوتابخانەی پەڕۆ ناوی رۆیشتبوو؛ چونکی له جیاتیی تۆپی پێ، سەرتیپەکەمان که لەهەمان کاتدا گۆڵچیش بوو، کەوڵە کۆنێکی پڕلە پەڕۆ و کا

کردبوو. بەناوی گوڵپاریزی رۆسیاوە ناوماڵ نابوو (یاشین). ئەوە چ جای نەبوونی فانیللەی ژمارەدار و گۆرەویی رەنگاوڕەنگ. بەدەم. راکردنەوە دەمانگوت:

ئەی تۆپەکە، فوتبۆڵەکە
من دێم، لە دەستم رامەکە
تۆتۆپی یاری کردنی
تۆ کولەکەی رۆحی منی
ئەی تۆپەکە، فوتبۆڵەکە

ئەو دەمە، کوولەکەی رۆحمان پڕ لە کا و پەڕۆ بوو، ئەمێستاش سەرمان بە کای کۆن ئاخێندراوە. گۆرەپانیش بووەتە کۆڵانە پێچەڵپێچی سیاسەت و گیرفان ئاخنین. ئەو دەمە کەوڵەکۆنی فوتبووڵ دەئاخندرا، هەنووکە بەرباخەڵ و جانتا و بانك. ئەمەش هەمدیس گیرفانە مۆنۆمێنتەکەی هەڵەبجەم بیر دەخاتەوە، کەوا بەرهەڵست و یاوەرە راستینەکانی شەهیدان خاپووریان کرد، دەبزانە چۆن چۆنی وشە وشە رادەکێشێت و دیمەن پەلکێش دەکات. دەچاك سەرنج بدە کوو سروودی (دەنکە گەنم) یێك مەتەڵۆکەی (حەجلە حەجلە)ی لە گۆڕنا. چۆنیش (ئەی تۆپەکە) بەرەو (ئەی رەقیب)و (ئەم رۆژی ساڵی تازەیە) راپێچی کردین. لە خەمان رەخسین و رێگەی هەرد و چەم و چیایان بۆ خۆش کردین. خۆم لە ناخی شۆڕشدا دیتەوە. ئێمە کردمان و کەسانی دی قۆزتیانەوە. دەستکەوتیان بۆ خۆیان قورخ کرد. پێم دەڵێی: ئێمە خەریکی بیناسازییی تێکستێکی جوانین، چیت داوە لەو ماجەرایانە. دەمخۆش؛ ئەدی ئەوەی تاوناتاوێك گڕم تێبەر دەدات، کرداری جوانی نییە برالە. مەگەر لێم ئاڵۆزاوە، جوداوازی ناکەم لە نێوان: کاری بەفەڕو، کاری گەندەڵی! لە نێوان: زەرافەت و قێزەونی، دڵسۆزی و خیانەت. راستەڕێ و لادان، بەهەڵە بردنی لاوانی گوند و شارم. مەگەر ئەوە جوانسازی نییە ئەگەر باس لە راستینەکان بکەم و بەموو لانەدەم لەوەی رووی داوە و ئەوەی روو دەدات. ئەوەی لە شاخدا شاعیری دەباربوو، یان ئەوەی تەقینەوەی شوێنێکی شاری پێ سپێردرابوو، ئێستاش بۆ دەربار و کورسی دەهۆنیتەوە، ئەوی دیش نارنجۆك

وT.N.Tیەکانی بە خەڵاتی دەستی بردە ئەمنی دەوڵەت. هەمان ئەوانە و هاوڕەفتاریان لە پەرلەمان و دەرەوەیدا، لە گۆڕەپاناندا جرت و فرت ناکەن. دانەمەزراون. دەسترۆنین و چش لە نەیارانیان. خزم و تۆڕەمەی خۆیان نەحەساندووەتەوە. هەرگیز لە بیری ناکەم. شەو و رۆژەکان ناگەڕێنەوە، نا.. گە.. رێ.. نە.. وە.. نا.. نا.

*   *   *

شریقە و گرمەی گەواڵەی هەوران گوێ گرانیان دەبیساند، هاکا باراندی وەك بە قەیچی بارانەکە لە کوندەکانی ئاسمانەوە بقاچرێت، ئاوهاش وەستا. هەتاوێکی گەرم عارد و بانی هیشك هیشك کردەوە. گەواڵەکان رەوینەوە. بەوە دەچوو پێش ئەوە نمە بارانێکیش رۆی نەکردبێت. خۆرەکە بەستوونی ناوەندی ئاسمانی گرتبوو. سێبەرەکان دەکشانە ژێر درەختەکانەوە. جووتێ تیتراوسیك چریکاندیان و لە پڕگوم بوون. وەکو لە هەورە رەشەکان تووڕە بن کە بەگوێرەی دڵی ئەوان نەیکردە لێزمە. ئەمە بەڕووپاماڵییەوە ئێژم؛ چونکە تارادەیەك من ئاشنای چریکە جۆراوجۆرەکانیان بووگم. بە شوانی هاوڕێم گوت کە باسی لە دەنگۆی گرتنی لەلایەن فەرمانڕەواوە دەرچوو بوو، ئەویش ملی بەدەستەوە نەدابوو. خۆی شاردبووەوە. ئارمانی مرۆڤدۆستانەی چاوی لە بنکەکەمان پێ کردبووەوە..(ها.. ها.. ها)

(ئەوە بەچی وا بەگەرمی پێ دەکەنیت، کاك هۆشەنگ؟( بزەیەکم هاتێ و تەواوم کرد.(بەقسەکەی تۆ شوان گیان .)

(بۆ قسەکەم تشتێکی خەندەیی و قوشمەی تێدابوو)

(ئەی نەتگوت فەرمانڕەوایی باشە، کەسێك، یان لایەنی میری، بڕیاری لێپێچینەوە و گرتنت دەربکات، ئەوە کەی فەرمانڕەواییە.. ها؟)

شوانیش رووە مۆنەکەی بەبزە و پێکەنین ئاڵشت کردم، بەخۆشی گوتی:

- ئیتر.. واباوه به دهسته‌ڵات و میری ئێژن فه‌رمانڕه‌وا ئه‌گه‌ر فاشیست و چه‌وسینه‌ریش بوو، ها. ها. ها.

ـ که‌واتا.. من گوتمه‌وه. با ئه‌و زاراوه هه‌ڵه‌یه له مێشکماندا بسڕینه‌وه و له فه‌رهه‌نگیش ده‌ریبهاوێژین. به‌چاو و برۆی گه‌شانه‌وه‌ی نواند و له ته‌کمدا لایه‌نگیری پێشنیاره‌که‌م بوو. له بیرمه، کوڕێژگه بووم، سندووقێکی گه‌ڕیده‌یان به‌کۆڵانانی شاردا ده‌گێڕا. ئێمه‌ی تامه‌زرۆش به‌فلسێك و دووان ده‌مانڕوانییه کونانی ناو سندووقه‌که، رۆسته‌می زاڵمان ده‌دیت له‌گه‌ڵ عه‌نته‌ر و عه‌بله‌دا. شه‌یبووبی گاڵته‌جاڕ، حیلك و هۆڕی پی ده‌خستین. یووسف و زوله‌یخا، شیرین و فه‌رهاد، له پاش ئه‌وانه ته‌ڕه‌زان و شیتای مه‌یموون، به‌ناو دارستانه‌کاندا ته‌راتێنیان ده‌کرد.

شوان له پاش مه‌شقیکی کورت له‌لایه‌ن عه‌ریف حه‌سه‌نی تلیانییه‌وه چه‌کی کرده شان. زۆری نه‌خایاند له نێوان چیمه‌نی گه‌وره و جاده‌ی نزیکی چه‌مچه‌ماڵ به‌ده‌ستدرێژی سوپا و جاشانی (فه‌رمانڕه‌وا)یی پێکرا و تیپه‌که‌ی خۆی به‌ناو کرا. له هه‌رزه‌کارییه‌وه شیفته و شه‌یدای ئه‌وه بووم، ببمه رۆسته‌می زاڵ و که‌لله‌سه‌ری دوژمنان بپه‌ڕێنم. ببمه عه‌نته‌ری ره‌شتاڵه و عه‌بله‌ینیان و نه‌شمیل له باوه‌ش بگرم. ببمه یووسفی جوان مێرد و قژه بۆنداره په‌رێشانه‌که‌ی زوله‌یخای خه‌رامان تێرتێر بۆن بکه‌م. هه‌نگێ شه‌هید که‌مبوون، بۆیه به‌تالیۆن و بنکه‌یان به‌ناو ده‌کران. دوایی. لقه‌کانیان به‌ناوی شه‌هیدانه‌وه ده‌ناساند. پاشتر ته‌نیا ناوی تیپیان به‌رده‌که‌وت. جارێ له جاران ئامبازی به‌رپرسی سه‌ربازیی، ئه‌فسه‌ری دوو ئه‌ستێره (سوبحی باڵته)یی بووم، خه‌ڵکی لای ده‌ڤه‌ری به‌هدینان بوو. ناگزۆر و باڵابه‌رز.

ـ ده‌شێت له پاش شه‌هیدبوونی تۆ و من، ناوی په‌لیشمان به‌رنه‌که‌وێ. رابردووم ده‌چۆڕێته ئیستامه‌وه، ده‌ست له‌ملانێ ده‌که‌ن، یه‌کتری ده‌گه‌وزێننه‌وه. من و تۆ و ئه‌و چوون سوراحییه‌کی گۆشت و پیست، پڕاوپڕی بیره‌وه‌ریی له‌مه‌وبه‌رمانین. مه‌حاڵه جودا بوونیشمان. ده‌مویستببمه فه‌رهاد و کێوی بیستوون بۆ شیرینه‌که‌م بکۆڵم، ته‌نانه‌ت ئاوی کانییان بگوازمه‌وه ناو کێڵگه تینووه‌کان، هه‌روه‌هاش ببمه ته‌ڕه‌زان، جه‌ربه‌زانه

نەتەوەکەم لە نایارانی بپارێزم. ئەوانە خەیاڵساوەر بوون. هەمان مولازم سوبحی لە تەمەنی یەك ساڵەی راپەڕیندا (فەرمانڕەوا) لە یاریگەی کەرکووك، لە بەرئەوەی بە ئاشکرا بۆ هاوسۆزی دەراندن، دیدەنیی سەرکردەیەکی کردبوو؛ گوللە بارانی کرد. تەنانەت حەزم دەکرد ببمە شیتای هاوڕێی دڵسۆزی ئەو تەڕەزانە چاکخوازە. ئەو سەرکردەیەش، کە دەیکاری قامووسەکەی تەواو بکات و تەنیا دوو پیتی بەچاپ گەیاند بوو، (فەرمانڕەوایی) ئەو کەتنەی پێ گێرا.

* * *

لەم تێکستەدا، برالەی هێژام کرۆنۆلۆژیی رووداو رۆڵی ئاسایی یاری ناکات، بگرە دیمەنەکان، هەڵوێستەکان و کەسێتییەکان خۆیان دەسەپێننە سەر هێڵی رەوتەنیی سەرەکییەوە. ئێمەش گوێڕایەڵیان دەبین. ئەوەش ناشارمەوە، ئەم تێکستە لە ژێرکاریگەری خواردنەوەی (درای جن) ی لەندەنیدا نووسراوە، رووداوەکان، کاتەکان یەکتری دەبڕن و کەسێتییەکان فرەوێژی دەکەن و.. تاد. ئەو کاتەی چاوم بەگۆڕی هەژار و پەخشان کەوت، پەڵەیەکی خوێنی رژاو بەردیدەمی گرت. لەو دەمەشدا خۆرە کزەکە بۆ ئەو دیوی ئاسۆ خۆی تەیار دەداو کراسی ئاسمانەکەی خوێنین دەکرد. سێبەرەکان درێژ ببوونەوە.. مرۆڤ کە لە ژیانی هیوابڕ بوو، ئیتر هەموو شتێکی لەکن تێکەڵوپێکەڵ دەبن. بەرچاوی تەڵخ دەبێت. هۆشی لە درەوشانەوە دەکەوێ. کۆنترۆڵی لە دەست دەدات و سەرەندەری لێوون دەبێت. ئەمەش ئەو دۆخ و ئاکامەیە، کە کاتی تێدا دەوەستێ. کاتوەستانیش بێ هیوایی لە ژیانی تاڵدا دەگەیەنێت. ژیان بریتییە لە ئاوات، بێ ئاواتی خاڵی کۆتایە. پەخشان بەگوێرەی ئەو دەرەنجامانە کۆتایی بەژیانی، لە سەر تەرمی هەژار دێنێت. نەیویست چیتر ببێتە مجێوری جەستەی لە هیوا دابڕاو. هەستم بە ئاوازی مەرگژیان کرد وەك لە نزیکەوە بێتە بەرگوێم، هەرچەندەش ئاقارەکە هێوربوو هەستم بەتیشکی رووناکییەك کرد، هەرچەندەش تارایەکی قەترانی نوای

چاوی پۆشیبووم، هەستم بە نادیارێك کرد، هەرچەندەش بڕی رووالّەت دیاربوون. بەختەوەرییەك ناخی گرتم هەرچەندەش ئاهەنگ و رەزمی غەمبارییی لێوە دەهات.

هەستم کرد لە ناو تەڵەی پەنهانێك دام، هەرچەندەش ئاشکراو کراوە بوو، هەستم کرد لە جێگەیەکدام لە پۆشاکی کاتدایە، لە کاتێکیشدام کاڵای شوێنی پۆشیبێت. دواجار هەستم کرد لە گوندێکی ژیاندام، هەرچەندەش قەڵەڕشی مەرگ باڵەکانی بەسەردا راکێشاوە. رەنگە ئەمە مەرگژیان، یان ژیانمەرگی پەخشانی بەسەزمان و هەژاری جوانەمەرگ بێت. خێرلەخۆ نەدیوانە ئامبازی وا کارەساتێك هاتبن. وا ئەمێستاش بەچاوی دڵ دەبینم لەپاش بەنفال و رەهێڵەی باران و کەم تەرخەمیی رۆژگار و ساڵان، گۆڕەکەیان لە بارستایی زەویدا تەخت بووە. بەڵێ تاکە گۆڕەکەیان؛ چونکی بە ئاماژەی ئێمە و مامۆتکی دێ، وامان لەلا پەسند بوو هەردوو عاشقەکە لەیەك گۆڕ دابن و تەنیا خوڵە سوورێکی تەنکیان لە نێواندا بێت. بەجلکی خۆیانەوەش بشاردرێنەوە. نامە و کاغەزمان لە توێی خۆڵە سوورەکە جێ هێشت. تووله رێی هاتونەهاتیان گرتەبەر، کەوا کەسی لێ نەگەڕاوەتەوە. هەنووکە گوێگری کۆنسێرتێکی (شتراوس)م، کە بۆ ئەشوو زەردەشت ئەفراندوویەتی، بەباڵی مۆسیقا بەرز دەبمەوە.. چریك.. چریك...

* * *

خورشیدی هاوسێمان لە دەستی راستدا، پاشان زانیم ئەو لە کاتی خۆیدا، لەو گەڕەکەی ماڵی ئۆمەرەفەندی لە خانۆچکەیەکدا کرێچی بووە. ئۆمەرەی کرێکاری کۆمپانیای نەوت(I.P.C) باوکیهەژاری سەرەخۆرە بووە. بەقسەلۆکەی پیرەژنانی، ئەوسای بەدژواری لە دایکی جیا دەکرێتەوە، دایکی هەناسە سوار دەبێت و هەرزوو سارد دەبێتەوە. ئۆمەرەفەندی دەگاتە پلەی (گرێت) فۆرمەنی (سەرکار)و بەر لەوەی ببێتە ستاف ((STaff لەگەڵ سەتان کرێکاری کوردی کەرکووکیدا پەرت و بڵاوەیان پێ دەکەن. ئەو لەبەر ئەوەی کارشوناس دەبێت لە سەر گێچی (پێوەر) نەوت، هەناردیانە (فاو)ی هەرە باشوور. دووری دەخەنەوە بەو بیانووەی گوایا لەوێ کۆمپانیا پێویستی بەکارمەندیی ئەو هەیە. هەژار بەشیری قووتی، ناوبەناویش بەشیری بەرمەمکانی کۆڵان پەروەردە دەبێت. مام خورشید لە

کاتی گێڕانەوەیدا چاڵۆکەی سبیلە قوڕینەکەی لە تووتنی کێسەکەی دەئاخنی. پەنجەکەڵەی دەستی ڕاستی لەناو چاڵۆکەکەدا سووڕ دەدا و پتر تووتنەکەی دەپەستایەوە. لەگیرفانی سەڵتە نیوداشتەکەیەوە بەرد و ئەستێکەی دەرهێنا. لە بەر ئەوەی زۆر هەژار و دەست کورت بوو، تەنانەت نەیدەتوانی پارە لە جگەرەی قامیش خەرج بکات. لە گیرفانێکی ترەوە، لە کێسەیەکی گچکەوەش تۆزقاڵێ (قاو)ی بەهەردوو پەنجەی دۆشاومژە و ئەسپی کوژەی گرت. قاوەکەی نایە سەربەر دەکە و ئەستێکەی لێ دا. چەخماخەیەکی لێوەهات و قاوەکە گڕی نەگرت. لە ئەستێ وەشاندنی دووەمدا هەروەها، دووکەڵم بەقاوەکەوە نەدیت. لە هەڵمەتی بەرد و ئەستێی سێیەمدا نەرمە دووکەڵێکی باریك دەرکەت. مام خورشید زوو فوویەکی هێدیی وای لێ کرد، مەگەر خۆی بزانێت چۆنە. قاوەکە داگیرسا و سوورایی گڕی تێ کەوت. ئەو گورج لەسەر تووتنەکەی دانا. لە کلکی سەبیلە درێژەکەوەش مژێکی دریژی درێژی هەڵمژی. گڕی سەرتوتنە پەستاوە کە گەشیەوە. سنگی مام خورشید پڕلە دووکەڵ بوو. نەرمە کۆکەیەکی بۆ کرد. لە دەم و کونە لووتە توکنەکانییەوە دووکەڵی شینباو بازرەقەی کرد. فرمێسکین بوون چاوەکانی ئەوسای دەمی وەرگێڕایە لای من. جووتێ پەڕەسێلکە مشووری هاموشۆی نێوان لانەکەیان و دەرەوە بوون. نەمزانی هێلکەیان هەبوون، یان بێچوو، کەواتە بەجەخت و خۆشگوزار لە فڕیندا بوون.

لە نزیکی ئەو سەروبەندەدا ناسکەی دایکی پەخشان بەوە گرفتار دەبێت کە ڕەسووڵی مێردی لەبەر نەبوونی و دەستەنگی تووشی دەردی سنگ و ئیسقایی چەتوون هاتبوو. پەخشان وەکو خەون لەبیری بووە کە باوکی خوێن ڕژاوەتەوە. جەنگەی ئەم دەردناکییەی لە نامەیەکیدا بەرچاوم کەوت. لە پۆلی دووەمی سەرەتاییدا باوکی خۆی لەگەڵ دایکیدا بۆ نەهامەتی و ڕۆژگاری وەیشوومە جێیانی هێشتبوون. ئەڵبەتە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە بە چەند دێرێکی پەیت و چڕ بۆ قەڵەم سەختە، ڕۆژگاری تاڵ و دەردەسەریی زۆری هەبووە لە پەروەردەی پەخشاندا. هەژار چاوی ڕاهاتبوو بەشەمەندەفەری (ئەلماس) بە گرمەگرم دەچووە هەولێر و ئێواران دەگەڕایەوە. پەخشانیش لە خانووە قوڕینەکانی گەڕەکی (زێویە) ی نزیکی بارووتخانەکە، ئێوارانی

بەهار دەچووە هێنانی تۆڵەکەو خەرتەڵە و ترشۆکەی باخەکانی دەم خڕی (خاسە). لەوێوەش، لە نزیکی ئاسیاوە سوورە رماوەکەوە هەڵماتی چاوەمەڕییەکانی دەناردنە ئەو دیوی گوزەری (تەپەی مەلا عەبدوڵلا)و (رەحیماوا)ی تازە رسکاوی قەراخی شارەکەی. گەردوون لە گەردشی نوێیدابوو، ئەمنیش پەیتاپەیتا باڵایان دەکرد، هەتا ئەو رۆژەی (ئۆمەر)ی بێوە پیاو گەرەکی بوو ژیانی تاکانەی خۆی بگۆڕێت، بەرێکەوتیش چاوی بەئاسکە دەکەوێت ئەوسای جلشۆری و نانەواییی ماڵانی دەکرد، لەوانەش ماڵی ساردوسڕو بێ ژنەکەی ئەو بوو. لەو رۆژەدا بڕیار دەدات ئەو بێوەژنە بەحەیشۆیە بکاتە هاوسەری خۆی. کارێك گونجاو و شیاو بێت کەس نازانێ چونەکی زوو مەیسەر دەبێت، هەندەی نەخایەند ئاسکە و ئۆمەربوونە هاوسەری دڵسۆزی یەکتر. لەولاوەش پەخشان و هەژار لە خانووە چەند ژوورییەکەدا کە کۆمپانیای نەوت بۆ خێزانی ئۆمەری بنیات نابوو، هەریەکەیان لە ژووری جیاوازدا درێژەیان بەخوێندنیان دا. ئەوی بۆی گێڕامەوە زۆرلە کورتی بڕییەوە. پەخشان و هەژار چاو لە دایك و باوکیان دەکەن. دڵسۆزییەکەی ئەوانیش گورج پەرە دەستێنێ و لە نێوانیاندا نەمامی ئەڤین دەڕسکێت. پەخشان لە پاش خوێندنی ناوەندی بەچاکی زانی ببێتە مامۆستا. پاش ساڵێك هەژار بۆ خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی دەچێتە بەغدا. رەوڕەوەی گەردووون بەگوڕ سووڕایەوە. هەژار دەست بەکوردایەتی دەکات. پاشان لە خانەی مامۆستایان وەرگیراوە. هەژار دەنگۆی بڕیاری گرتنی بەرگوێ دەکەوێ، پەخشان لە پۆلی دوامیندایە. هەژار خۆی دەشارێتەوە و هەڤاڵانیش دەیگەیەننە نزیکترین بنکەی خەبات و لە لقەکەی مەلا ناسیح دەگیرسێتەوە. پەخشانیش پێنج ساڵی خوێندنی تەواو دەکات و لە گوندێکی نزیکە شار دەبێتە مامۆستای کچ و کوڕانی ئەوێندەرێ. زۆر کەیفساز دەبێت لەوەی بەئاسانی دەتوانێ لەگەڵ هەژاردا نامە بگۆڕنەوە و گەشە بە دڵدارییەکەیان بدەن. ئێستاش کە ئێستایە دەبینی روداوەکان زۆر بەکورتی و بەرتەسکتر مۆنتاژ دەکەم هەر وەکو چۆن لە دوو کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالدا بەدیت کرد. چونکی عیبرەت لە درێژدادڕیی گێڕانەوەدا نییە بەقەدەر ئەوەی چەندە کەڵکمەند

دەبین  بۆ داڕێژتنی ئایندەمان کەوا جارێکی تر دووبارە نەبنەوە. خۆ چاکم تێدەگەی و نیازم روون و دیودەرە. لەوانەیە بپرسیت: بەسەرهاتی هەژار و پەخشانی سەرگەردان نموونەیان زۆرە.. نا؟ لە شوێنان و رۆژگاراندا نموونەیان شکستی خواردووە و روو دەدەن. لەگەڵتام؛ وەلێ ئەز بە هێڵی سەرەکیی شۆڕشدا شۆڕبوومەتەوە و لێرەولەوێ، جۆری دیمەن و هەڵوێستان هەڵدەچنم. رەنگە لا لە بڕێکیان نەکەمەوە. وایە. کەوابوو، گەواهەشایەتی سەردەمم و راستگۆییم لە دەست نەداوە. تۆ لە جێی من بوویتایە قایل دەبوویت؟ لەم ئانەدا کۆترەکەی قووڵاییی ناخم دەگمێنێت و زمانم قفڵ دەدرێت! من و کۆترەکە و بێ دەنگی سیپە دەکەین. لەو کاتانەی نێوان زیندەخەون و راستیدا، چاوم بوراقێك دەکەوێت، نەرمە زینی ئارمووشی بەپشتەوەیە. پێ و پلەکانی زرنگ و هۆڕی پامووره و حجیلیان لێوە دێت. روخساریشی هەمان کیژی کافرۆشییە. ئەو چاوە نۆڕی من دەکات بۆ ئەوەی هەڵم گرێت بۆ حەفت نهۆمی  ئاسمان و عەرشی مەخفووز، یان بمباتە ژێر نهۆمانی زەمین، ئەو جێیەی کەسێکی لێوە نەگەڕاوەتەوە هەرگیز  لە گشت نەوبەهاراندا کیژۆڵان و کوڕانی (تۆمار) بڕبڕ پیازۆڵکەی نێرگزە کێوییان دەهێنا و لەسەر گڵکۆی پەخشان و هەژاردا دەیانڕواند. پەیتاپەیتاش ئاویان لەجۆگەوە دەهێنا، هەتا نێرگزان چاویان دەپشکووت. ئاوهالانە سەران سەرم شڵەقا، بازنەکانی یەك لە دوای یەك، ژیان و خەونمی بازنەکانی یەك لە پاش یەکی  هەست و نەستمی، بازنەکانی یەك لە دوای یەکی جێ و کاتمی راوەشاندن. چریك.. چریك..

*     *     *

دەرکەی ئەشکەفتە ـ بنکەکەمان هەتا زۆر لێوەی نزیك نزیك نەبوویتایەوە؛ بزربوو، خۆی لە چاوانت دەشاردەوە پێشەکەیمان کەڵەکەچن کردبوو. بانەوەی تاشە بەردێکی ئەوتۆ بوو، کە مەودای دەیان کەسی دەدا، بەیانییان زوو تفەنگ و چەکەکانیان خاوێن بکەنەوە، یان عەریف حەسەن کردبوویە مەشقگەی گزنگان و درەنگەی ئێواران ئەگەر لە جەولەو چالاکی نەبووایە. لەوساتانەدا فڕۆکە بەئاسمانەوە بوون. هەرلەو پانتاییەش،

وشەی نهێنیی شەوانەی پێ دەگوتن. لە خوارووی ئەو تەختاییە میهرەبانەدا باریکە جۆگەلەیەك پێچاوپێچ لە کانییەکی سەرووتر دەهاتە خوارەوە. لە پێش بنکە، نیوبازنەیی پێچی دەدایەوە. لە خواریندا بەتەنیشت گا تاوێرێکەوە، حەوزمان چێ کردبوو بۆ خۆشۆرین و دەست و پل خاوێنکردنەوەی سێ ژەمی خۆراك. زۆرینەی پێشمەرگەکان لە سوورانەوە و چاودێریی سنوورەکان بوون و هەندێك بۆ پاسەوانی و راپەراندنی سووراندنی کاروباری رۆژانە و لەوەڕاندنی ئەو چەند سەرەبزن و پەزانەی هەمانبوونەوە، لەهەر ئاواییەك لیژنەیەکی سەرەتاییم دامەزراندبوو لە: بەرپرسی حیزب، مەلای دێ، خۆم و دووکەسی دیارکراو لەلایەنی سکالآلێکراو بۆ دادگاییکردنی سەرپێچیکەران و هەر گرفتێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەوش لەبەر نەبوونی دەستەڵات و دامودەزگاکانی. ئیتر بەو جۆرە نێوان چوار پێنج گوندیشدا بەگوێرەی گەورەییان لیژنەیەکی باڵاترم دیاری کردبوو. هەر کەسێك دەبووایە قاپی خۆراکی بشوات و لە شوێنی دیاریکراو دای بنێت. کوێخا عومەری تلیانی بەرپرسی دارایی بوو. ئەز بەرپرسی سیاسی و مولازم سوبحی باڵتەش بەرپرسی سەربازی و جموجوولی بنکە. رێکخراوی ترمان لە کاتی پێویستدا دادەمەزراند. ئەو گوزەرە شەوانی بەهار پڕ دەبوو لە گوڵئەستێرەی تیشکپژێن. شەوێك لەسەرووی جۆگەلەکەوە گوڵئەستێرەیەکم خستە ناو لەپم و، پەنچەکانی دەستەکەی ترم بۆکردە قەفەزۆکە هەتا دەرفەتی سەرنجدانی تیشکە سەیروسەمەرەیەکەیم هەبێت، هاو کات  لەگەڵ هەناسەدا ئەو تیشکە لە پاشەڵییەوە دەگەشێتەوە. سەوزسەوز بەدانە موروویەکی هەرەگچکەی زومرووت دەچوو. پێشمەرگەیەك کە ئەویش بەندە ئاسایی مەراقی ئەو زیندەوەرە شەوانەیە بوو، لە کاتی ئیشکگرتنیدا، گوڵئەستێرەیەك لەسەر بەردێکی لووس دادەنێت، هەر بۆ هەزموونیش چیلکەیەك لە ورگی دەنێت. وردە وردە مووروە زومرووتەکە کاڵ وکاڵتر دەبێتەوە. خۆی گوتەنی: (کوژایەوە). منیش پێم گوت:

ـ کاکە رێبوار، دەشێت ئەوە رۆحی گوڵئەستێرەکە بێت؟

ئەویش لێمی پرسی: ئەدی بۆ ئێمە لە هەناسەداندا هیچ تیشکێك نادەڕێنین؟ دامام لە ئانوساتەدا شەپۆلی  دەنگی (حەسەن حەیران)ئێمەی وەئاگا هێنا. زمانم بزواند.

ـ ئەو حەیرانەش رۆحی ئێمەمانانە کاکە رێبوار گیان. پاشان سرووشێکم بۆ هات و گوتمەوە:
کێ دەڵێ ئێمەی مرۆڤیش تیشکی خۆمان نییە. کاتێ ئەو لەوەڵامەکەم رامابوو، گوتی: (لەوانەیە هەرچاوێك نەیبینێت کاکەی رێبوار.) پاش کورتە هەڵوەستەیەك (ئەرێ بۆ ئەو زیندەوەرەت لەتیشکپژاندن خست؟ پرسیارەکەم سیخورمەیەك بوو، لە پەراسووی بگرم. چاوی لە مۆڵەق وەستاو، دەنگی کزکزهاتە گوێم.
ـ خۆشم نازانم بۆ! رەنگە لە پێناوی هەزموون و زانیندا کردبێتم.
ئەمنیش لە دڵی خۆمدا گوتم (لە پێناوی ئەوکارە پیرۆزەدا، ئەو رەوانە بێگوناهە، لێی دەبوورێت؟( خەندەیەکی تیشکامێزم بۆ رێبوار دەراند وەکو ئەوەی رایگەیەنم کە هیچ تاوانیکی ئەوتۆی نەکردبێت. رووی بووە کولێرەی گەرمی برژاو. هەردوووکمان نیگامان هەڵداو، لە دوای سێ چوار هەنگاودا، کاژی زەردە ماریکمان بینی. دیاربوو خۆی لە تاشەبەردەکان هەڵسیبوو، بەزبرایییەکەی ئەو توێژەی لە خۆی داماڵی بوو گوندییان کەیفخۆش و سەبوورییان بەو توێژە مارانە دێتەوە. بەدیاردەیەکی وەرزی بەفەڕ و پیت بەخشی دەزانن. رێبوارگوتی:
ـ هەمـوو چەشنەمارێك، رەش و زەرد کوڵەماریش مەگەر بۆ خۆ پاراستن و زیرەڤانی ژاریان بەکار بهێنن؛ دەنا دەخلێ نەکەیت، سووك سووك بەڕێی خۆیدا دەخشێت.
ئەز پێم گوت: لەو لێڕەوارە نسارانەی (شێخ جیری) و (ئۆمەرە گەدە)دا ماری تووکنیان دیوە، هەندەی رانم ئەستوور بووە. رمێك سەری بەرز کردووەتەوە و شۆڕ بووەتەلا شیوێکەوە. کە رێبواربێ دەنگ بوو، درێژەم بەباسی ماران دا.
ـ دەزانی مارێك یارمەتیی نووح پێغەمبەری داوە بەوەی کلکی پەستاوەتە کونی کەشتییەکەیەوە.
گشت جووتە زیندەوەرانی لە خنکان رزگار کردووە. رێبوار دەرفەتی ساند و دژی ئەو کاری مارەی دەراند،
ـ کاك هۆشەنگ، لە یادت نەچیت، ماریش بووە هۆکاری تڕۆکردنی ئادەم و حەوا، لە بەهەشتی ئەبەدی بۆ سەر ئەم زەمینە پڕ لە زەبر و نەهامەتییەمان. زۆری لەسەرنەڕۆیشتم.

تەنیا گوتم: دیارە بڕوات بە ئەفسانە هەیە. کڕوکپ بوو، هیچی وای نەگوت. شەوەکە دامانی بڕی، ئەو بۆ پاسەوانی. منیش بۆ ڕێپێوانێکی شەوانەی سەرنجدانی جریوەی هەستاران. ڕێگەی کاکێشان لە شەوێکی ئاوهادا دەگاتە بنبەستی ئەستێران بە واتای کە هەرگیز چاوان بڕ ناکەنە دواین ئەستێرەی کلاکسی و...کورت دیتن.

*　*　*

ـ مامۆستا هۆشەنگ.. فریام بکەفە.

دەنگی پێشمەرگەیەك، کە ئەو دەمەی نۆرە شوانی بنکە بوو، درەنگە چێشتەنگاوێك هانای بۆ هێنام پاش ئەوەی جەلەبەمەڕ و سەرە بزن و بەرخەلی بەشوانێکی دێی (سەیدان) ئەسپاردبوو. کەلەلاو شەکەت خۆی گەیاندبووە بارەگای لق.

ـ ها.. حەمید چی رووی داوە؟ بۆ وا پەلەپروز و تەنگەتاویت؟

- مامۆستا. تەرمێکم لەو ئاقارەدا، لە پەنای ئەشکەفتوکەیەکدا دیتەوە.

- ئێ. من بەگەرمی و سەراسیما گوتم و لەسەری ڕۆیشتم. تەرم.. تەرم.. یان ..

هەناسەی حەمید هێوربووەوە و دەمی گەشکەیی و چەپەسانی لێ نام.

ـ کەوا و سەڵتەیەکی پەرپووت و رزیوی لە بەردایە.

تاونا تاوێکیش نەرمە هەناسە دەدات دکتۆری بنکەم لەگەڵ خۆمدا پەلکێش کرد، کە تیمارکەریکی بەسالاچوو بوو، لە چنگی دەسەلات هەڵهاتبوو لەوکاتەی بە چەپکێ کاغەزی نهێنی گەرتبوویان. حەمید لە بەرەوە هەنگاوی لەزگینی دەهاوێشت. هەرچی پێداویست بوو، کاك نەجم لە خوجەکەی خۆی ناو، دوای حەمید کەفتین. ها ئێرە و ها ئەوێ، نزیك بووینەوە لەو ئەشکەفتەی نۆرە شوانی بنکەکەمان، ئەنگوستی بۆ درێژ کرد.

ـ لەوێدایە

کاك نەجمی برین پێچم لە نوای خۆم خست و لەزەلامە راکشاوە پیرەکە نزیك بووینەوە. پێشەکی و دەستی گرت و گوێیەکی خستە سەرسنگی چەپی و هەستی لێ گرت. چاوی هەندەی تر کرایەوە.

ـ نووزەی تێداماوە. پێ ناچێت مردبێت.

گوتم: چارە ؟ خۆ چوار پەلی لە جوولە کەوتوون کاك نەجم.

ـ دەبێ شلەیەك، شۆربایەك بخەینە گەرووییەوە.

لەوە هاسانتر هەیە. دەرحاڵ بیرم گەشایەوە و بەحەمیدی نۆرە شوانم گوت، کە لەو چرکەساتەدا کرووشمەی کردبوو، هەرچی زووە بچێتە لای ئەو شوانەی کە مەڕ و بزن و بەرخەلی لەکن جێ هێشتبوو، جامێ شیر بێنێت. ئەویش بەهەڵەداوان چوو هەندەی نەبرد، جامەشیری بەدەستەوە بوو. بە من و بە نەجم قەپۆزە رەقبووەکەی کابرای کەوتوومان بە نەرمی ترازاند. نەجمیش دڵۆپ دڵۆپ قوڕگی تەڕکرد. سیغار پێچانەوەیەك چاوەنۆڕیمان کرد. هەرشەش چاومان بڕیبووە زەلامی هەڵاژیاو، بۆ ئەوەی جووڵەیەك، چاو و پێڵوو ترووکانێك، هەر نەبێت نوزەیەکی نزمی لێوە بێت. دیسان شیرمان بە ناو گەروویدا کردەوە؛ وەلێ بە پێشنیاری کاك نەجم، من خەریکی نەرمە شیلانی دەست و پێ و پەراسووەکانی بووم. ئەویش پاش شیردانی، تەوێڵی بەنەرمی دەشێلا و جاروباریش پێڵووەکانی هەڵدەدایەوە. دەمێکی تریش چاوەڕوان بووین. لە ناکاو.. نووزەیەکمان هاتە بەرگوێ. هەرشەش گوێمان راتەکاندن. لەو چرکەیەدا سروشت چوون راوەستابێت، تەنانەت جریوەی پاساری و سرتەی خشۆکیشمان نەبیست. لە نێوانماندا باڵندەی نیگا دەفڕین و بەس، لەپڕ.. سووك لەرزییەوە و دەنگێکی تاك بڕگەییمان ژنەفت،

ـ من..

بەنەجم و حەمید و من و شوانەکەی دێی سەیدان ، کە بۆ هاریکاری هاتبوو، کەوتینە شێلانی لەسەرخۆی سنگی و ماسوولکەکانی، پاش ئەوەی بە هەمووومان سیپاڵە شڕەکەمان لەبەری داماڵی و تەنیا بەدەرپێ خامە شۆڕەکەیەوە هێشتمانەوە. نەجم هەردوو ناو لەپی بە رۆنی زەیتوون چەور کرد و بەشینەیی کەوتە مەساژکردنی. دەنگیکی ترمان لێ بیستەوە.

ـ ما... وم

بەئاستەم پێڵووی چاوێکی لەرایەوە. هەناسەی بەرز بووەوە. نەجم جووت باڵی گرت و هێدی هێدی رای وەشاندن چاك وایە کەمۆلکەیەك راستی بکەینەوە مامۆستا

هۆشەنگ. لەو دەمەدا، شوانەکەی سەیدان، کە گوێی لە پێشنیاری کاك نەجم بوو، گورج کەپەنەکەکەی تورِ هەڵدا و زووش گرمۆڵەی کرد.

-هانیّ مامۆستا. ئەمە بخەرە پاڵییەوە و با بە هەرچوارمان پاڵی بدەین. چۆڕێك شیرمان دەخواردایەوە و چاوڕێمان کرد. زەردایی روخساری تا دەهات سوورایی تیّ دەکەت. هەناسەی رووە و رێك بوون دەچوو. جووڵە کەوتە پەنجەی پێیەکانی، لەوە پاش نووکی ئەنگوستی دەستەکانی بزوان. هەناسەی خۆشی و فەرامۆشیمان هەڵکێشا. بزەی شادی کەوتە سەرلێوانمان.

- تۆ.. کێیت و چ کارەیت؟

لە بەراییدا دەنگی لێوە نەهات. ئەز گوتمیّ :

ـ ئێمە دۆستین، مەترسیّ خاڵە گیان.

درزێك پێڵووەکانی کردەوە کرد. بەهێواشی دەستی راستی جماند و پەنجەی شایەتمانی کەمۆکەیەك لەرایەوە. - ئەش.. ئەش .. هە... دوو..

ئیتر بۆی تەواو نەکرا. زانیمان کە دەیهەویّ شایەتمان بێنیّ، بۆمان تەواو کرد. لە هاوکارییەکەمان چاوی کرایەوە. رووی گەشاوەتر بوو. وامان بەباش زانی، بیگوازینەوە بۆ ژوورێکی لاتەکی بارەگاکەمان و لەوێداوچان بگرێت. لەویش دەکریّ، خۆراکی باشی بۆ دابین، بکەین. لە ئەنجامدا ببێتە خۆی و سەربهووردی بگێڕێتەوە. هەردوو شوانمان راسپارد کەلە نزیکترین ئاوایی جووتیّ دەستەکی دار و پەتوویەك، جاجمێك بێنن. ئێمەش ئاگامان لە مێگەلەکەیان دەبێت. هەتا ئەوان دەگەڕێنەوە بەمن و بەنەجم چەند جارێك شیری دەرخوارد بدەین دەست و پلی، شان و ملی، دەمارەکانی و جمگەکانی بشێلین و خاویان بکەینەوە. نیو مەترێکمان لە نێوان جووتە دەستەکەدا هێشت و پەتووەکەمان پێوەی ئالاند، وەکو نەجم فێربوو هەموو جارێك دەیکرد بۆ گواستنەوەی زامدارانی دێهاتی دەوروبەری بنکە. . نەجم لەسەرخۆ هەردوو دەستی گرت. منیش هەردوو پێی. لە ناوقەدیشەوە، ئەم دیوو ئەو دیو دووشوانەکە کەمەرەیان بەرزکردەوە. چوون پووش بوو. لە جێگەی ئامادەکراو لەسەر خۆ رامان کشاند.

- سوپاس ئیتر حەوجەمان بەئێوە نەما. نەجم گوتی.
- زۆر سوپاس بۆ دەستەوایيتان. بڕۆن بەلای پەزەکانتانەوە.
من گوتم و بەگەرمی دەستی شوانەکەی سەیدان و شوانەکەی خۆمانم گووشی. لەپاش حەوتەیەك و دووان سۆفی عەلی بووژایەوە. مەلۆچکەی چاوی بوونە جووتێ پەڕەسێلکە و بەژووری کەڵەکەچنەکەدا خولانەوە. بە مکووڕی رووی دەمی لەمن نا.
- ماوە؟
نەمزانی پرسیار لە کێ دەکات، پاشان زانیم ناوی عەلییە، سۆفی عەلی دەروێشی هەواداری (سەگرمە)ی لای (سەنگاو) بووە و سەوداسەر بە دەنگی شیخەکەیەوە چووە. لەو مکووڕتر لێم پرسی.
- کی.. ماوە.. سۆفی؟
لەو بەولاوە، دەبێ کێم نیاز بێت کوڕی خۆم.
لە نێوان هەناسەیەکی و هەناسەیەکی تری پەژموردەییم خوێندەوە
-مامە گیان، هێشتا لێت حاڵی نیم.
بە پەلە گوتی: شێخ.. یاشێخ.
بەرچاوی ناخم تۆزێك رۆشنایی تی کەوت؛ بەڵام پرسیارم لە شێخەکەی کرد و گوتم: قوربان.. کام شێختت مەبەستە؟ خۆ لە دەڤەرکەدا دەیان شێخ و تەکیە هەن، هەرگیزاو هەرگیز هۆشم بۆ ئەوەی نەچوو کە مەبەستی لە شیخی نەمر بێت؛ چونکە ئەوە چڵ ساڵێکی بە سەردا گوزەریوە. سۆفی عەلی لەو دڵەڕاوکە و رامانەم بەهانامەوە هات. بەشینەیی گوتی: بەتەکییەوە بووم. لەسەر بەردەقارمان
زامدار کەوتبوو.
مێشکمی هەڵگەڕاندەوە بۆ پێکدادان و شەڕی (بازیان) و (ئاو باریك) و راپەڕینەکانی، بۆ نەبەرد و ئازادییەکانی هەردوو: کەریم بەگی هەمەوەند و کەریم بەگی جاف و مەحموود خانی دزڵی. چاوم لە دوڕ چاوی بڕی. هێدی هێدی بەسەر هاتەکانی بۆم رۆخست و منیش بەتاسەوە گوێم لێ گرت.

- ناوت بەخێر؟ پاشان ئەو پرسیاری لێ کردم.

- ناوم هەرچی بێت مامە گیان، راستی نییە ئێمە تەواوکەری راپەڕینەکانی شێخین.

گوتییەوە: کە خوێنی ئەو زاتەم بینی، بەردیدەکانم تاریك بوو.

ئیتر.. نائومێدی گیان و لەشی تەنیوە. دەستی داوەتە بەرماڵەکەی. وێڵ و سەرگەردان درێژەی بە بەرێ پێوان داوە. لەو وادەبێت رەوانی سپاردووە. بڕۆ.. بڕۆ.. نە هەورازی پرسیوە و نە دۆڵ و چغورد و نشێوان، نە دڕکوداڵ و دڕندان، گەیشتووەتە ئەشکەوتۆکەیەك، لەوێ هەڵاژیاوە بەنیازی چڵ رۆژەی خەڵوەت کێشی. راوییە ئاو و چەند ئەستورکە و دوو قەمچ مێوژی دەمێنێ لە ئازوخەی پێشووی. رۆژووی دەست پێ کردووە. ئێواران تەنیا گوێچکەیەکی لە کولێرەیەك خواردووە لەگەڵ سێ دەنك لەومێوژە رەشکەیە، قومێکیش ئاوی بەسەردا کردووە. رۆژ لەدوای رۆژ بێ وزە و نابووت و لەڕبووە بڕستی لێ بڕاوە؛ وەلی بەو مەبەستەی لە بنیادەمانی شەڕەنگیز دوور بکەوێتەوە، سوور و سوورتر بووە لە چلەکێشی و خودا پەرستییەکەی. تەقەلای داوە و بە چاوانی کزی خۆی دیویە لە نزیکەوە داڵ و سەرگەڕ و کەلاکخۆرەکان باڵەفڕکە دەکەن و، چاوەڕوانی لاشەی ئەون. بەر لەوەی تین و تەزووی بنبڕێت، جاروبار خڕکەبەردی هەڵچنیوە و سرەواندوویەتییە ئەو باڵندە رەزاگران و ئێسك کڕێنانە، تاوای لێ هاتووە، ئەوەشی بۆ نەلوێت. جمگەکانی سڕو پێستی گڕناڵ گڕناڵ هیشك بوونەتەوە. بەرچاوی لێڵ و بزڕکاو. هەستەکانی سست و کەمبڕ. داڵ و سیسارکە کەچەڵە بە دەنووکی چەمانەوە و بەنینۆکە تیژەکانیانەوە لێی نزیك بوونەتەوە، ملەدرێژە رووتەکانیان بردووەتە پێشەوەتر، کە ئەویش بە ئاستەم چاوە بزرەکانیانی دیوە، هاوار و قیژەی لێکردوون. ئەوانیش قەڵەم بازیان بۆ پاشەوە کردووە. ئا لەوێوە چاوە نەوسن و بزۆزەکانیان لێ بڕیوەتەوە. ئەمە چەند جارێك روویداوە، هاتوونەتە بەرو کشاونەتە دواوە. ئەم بەزمە بیست رۆژێکی خایاندوو ئەو دەمەی دەبینێ ئاو و ئازووخەی لە کورتی دێنێت، بۆیە ژمە رۆژوو شکاندەکانی کەمتر و کەمتر کردووەتەوە، بەگوێرەی ئەوەش لەتەك گەدە و ریخۆڵە تامەزرۆکانیدا ئارەزووەکانی مت و خامۆش بوونەتەوە، هەرچەندەش هەناوی گرژ و گرناڵ کردووە، ئەوەندەش ئاگای لە

دەوروبەر نەماوە. بڕکردنی چاوی کورت و کورتر بووە. هەستی بەژانی ناخەکی کردووە؛ کەچی ورەی بەرنەداوە و کورتر بووە. هەستی بەژانی ناخەکی کردووە؛ کەچی ورەی بەرنەداوە و ژانەکەی بەزاندووە. نیگای بڕیوەتە قیبلە و فریادڕەسێك بۆ تاراندنی بارە ناهەموارەکە و ڕەواندنی ئەو بارودۆخە سەختەی. بە چاو درێژەی بە نوێژو وێرد و پاڕانەوەکانی داوە، بەوەش ئازاری جەستەیی و ڕەوانیی سووك کردووە. نوێژ لە دوای نوێژی بێ دەنگی پێکەوە گرێ داون. چاوی لە ناوەندی ئاسمانەکە بڕیوە، سەرەڕای ئەوەش، کە لە ئەشکەفتەکەدا دەهاتە خۆی، بەنەرمی بای باڵەکانی داوە و پێیەکانی ڕاوەشاندوون بۆ لابردنی کەسیرە و سڕیی ئەژنۆ و جمگەکانی. بەوەش زانیویەتی چل شەو و ڕۆژەکەی گوزەراوە، کاتێك لە هەر ڕۆژوو شکاندنێکدا بەردۆکەیەکی ناوەتە گیرفانی بەر باخەڵی سەڵتەکەیەوە. لە نواوە بڕیاری وابووە کە ئیتر نەگەڕێتەوە باوەشی ئاوەدانی و چاوی بە زوڵم و زۆر هەڵنەیەت. (خودا ناناسن و گەورە گچکە بە کۆیلە دەزانێت) نە گەرماو گڕەی ڕۆژ، نە سەرما و سۆڵەی شەوان تۆزقاڵێك گۆمی باوەڕی سۆفییان هەرگیز نەشلەقاندووە، تەنانەت زاڵبووە بەسەر ئیشی لەش و دەروونیدا. سووك سووك بووەتە پەڕێك لەو گۆڕەدا. بە هەشتاوی لێم پرسی.

- سۆفی، بووبوویتە پەڕی تیتراوسك.. نا؟

- براله، هەندێ گلەت خۆم لە کەوڵی باڵدار دەبینی و دەفڕیم. لەگەڵ چلەمین ڕۆژیدا، قلە مێوژێك و تیکە نانێکی وشکی مابوو لەگەڵ دوو قوم ئاو. ئەوانەی ئاودیوی گەدە و ڕیخۆڵە گرژەکانی کردووە. بەرچاوی تاریك داهاتوو. بە جۆرێکیش بێ توانا و کەم هێز بووە، تەنانەت ڕکاتە فەرزەکانیشی بۆ ئەنجام نەدراوە چ جای زێدە نوێژ و نزا و پاڕانەوە. لەوە بەدوا، بەچاوی ناخی سیسارەکە مل ڕووت و داڵەکانی بینیوە بە دەنووکی ئاسنین و چرنووکی چەماوە پەرژوانەتە سەر پێست و گۆشتی، هەریەکە و بەشی خۆی دادەپچڕێت. ئا لەم دیمەنە تاڵەدا لەرزی لێ هاتووە. ڕاچڵەکیوە. هەژانێك سەرتاپێی ڕاوەشاندووە. چاوی پێ کردووەتەوە. لە نێوان خڕنووك و گرناڵە بەردەکانەوە گۆشتخۆری زۆری لێ خڕ بووبوونەوە کە لە ژماردن بەدەربوونە. لە کوێوەهاتوون. کێ هەناردوونی بۆ کڕاندنەوەی

ئێسك و پرووسكی!. هەمدیسان لە هۆشی خۆی چووە و ئاگای لە ئامێزی سروشتەكە نەماوە. چەند جارێك ئەمە رووی داوە، بەوەش گۆشتخوران زاتی نزیكبوونەوەیان بۆ نەسازاوە، بۆ؟! خۆشی وەڵامی لەلا نەبووە. دەبێ مردبێت. دەشێ لە دنیاكەی ئەو دیو دابێ. رەنگە مابێت و... خۆ ئەگەر بەهەشتە كوا بۆنی خۆش و گولزار و جۆباری شیر و شەراب و هەنگوین؟! كوان حوور و غیلمانە چاوبازەكان؟ خۆ ئەگەر جەحەندەم و دەرەكی دۆزەقە - خۆی گۆتەنی- كانێ كڵی ئاگری هەڵایساوی مووهەڵكروزێن و لەش بەزوخاڵكردن؟ ئەی كامەتانێ شەیتانی نەفرەتی، گوایا حەفت هەزارساڵ لە ئەسفەلسافلیندا دەبرژێ، حەفت كووپە لە فرمێسكی پڕ دەكات، مەگەر پەروەردگار عەزابی سووك بكاتەوە، یان لێخۆش بێت، لەو ئیبلیسە لەعینە. سۆفی دەیكاری روخسارە دزێوو تووكتاڵییەكەی بدینێت. كامەتانێ شاخەكانی كە بە كەڵەشاخی چەماوەی تەگەیەكی تەمەن هەزاران ساڵە دەكات؟ هیچ كام لەوانەی نەدیت. لە تاریكی بێزاربووە! لەپڕ هەستی كردووە وەكو كوندە ئاوی شەویی لە سەر بەركمی سنگی دابندرێت، ئاوها فێنكایی لەش و دەروون و رەوانی گرتووەتەوە. بەلامەوە ئەوە دۆخێكی رۆحی بووە، دەنا دەمێك بوو زمانی لەگۆ چووبوو. پێڵووەكانی هاتبوونە سەریەك. دەبێ ئەوە كوندەی ئاوی حەیات بێت لە دەستە دیاریی خدری زیندە ـ بەخۆی گوتووە ـ لە پاداشتی چلەكێشی، رۆژووی چڕ و دابڕانی لە شەڕفرۆشان و براكوژانەوە بێت. بۆ.. نا.. ئەو گوورزە ئاواتە چاوی پێ هەڵهێناوە. نەداڵ مابوو، نە سەرگەڕ و باز و هەڵۆ. نە گورگ و كەمتیار. هەستی بە برسێتی و تینوویەتی دامركابووەوە هەرچەندە لە گوێیدا تەپڵ و دەف كوتی دەورێشان و زیكری حاڵگرتووان دەزرینكانەوە و نەیدەزانی لە كوێوە دێن. دەنگێ بە نەرمی دێتە بەرگوێی.

(لێرەدا زیندوو، مردوو دەمێنێ هەتا بەهانایەوە دێن)

سۆفی عەلی بەهانكەهانك و پشوو سواری ئەوەی دەراند. چاوی لە من بڕی و گوتییەوە:(ئەوە بوو، ئێوە بەهانامەوە هاتن و لە چل ساڵی چاوەنوڕای منتان هێنایەوە دنیای فانی)

ئەز بەدلۆڤانی مەچیری گێڕانەوەکەیم قرتاند.
بەوە دەچێت یارانی ئەشکەفتی کەونارای قورئان.
سۆفی عەلی لە جەنابتدا بەرجەستە بووبێتەوە.

بۆیە گۆشتخۆران و ئێسقانکرۆژان تۆخنت نەکەوتوون. لەناکاو بەئاگا هات: ماشاڵلا لە کردەوە و قودرەتی خودای بان سەر. بەناخی خۆمدا شۆڕبوومەوە. هەردوو وشەی (خودا) و (خود) تەنیا پیتی ئەلفیان جودایە، بەلامەوە ئەمەش تاڕایەکی تەنك و دیودەرە، کاتێکیش ئەلیفەکە کاڵ بووەوە؛ جوداوازی نامێنیٚ. تێم دەگەی. خودەکە دەبێتە خودا، یان خوداکە دەبێتەوە خود. یەکن و ئێمەگەڵ لە یەکمان دابڕیوون. منی هۆشەنگ لەو بەرزەخەدامە، هاموشۆی رۆحی لە خودەوە بۆ خودایی دەکەم، بە پێچەوانەیش و ناسرەوم ئیٚ کە سرەوتم، ئەوا هەردووکیان لە دەست دەدەم؛ هەم خودی خۆم و هەم خودایەتیم. چاکی ورد بکەرەوە، ئەمەشە خەم و ئەندۆی هەرەسەرەکیم. لە دیمانەی سۆفیدا هیچم، لەکاکڵەی ناخم بۆ نەخستەڕوو، نەبادا لێوانلێوە پڕ باوەڕی لێڵ و شلویٚ بکەم. ئاخر ئەو مەردمی هەلومەرجی ئێستایی نەبوو. ئەو لە من بیٚ ئاگا بوو، تیٚ هەڵچووە سەر وێرد و لێولەرینەوەی هەمیشەییی خۆی، ئێمەمانان لە کات و گەردوونێکەوە بۆ گەردوونان و کاتی تر دەچین و دەشگەڕێینەوە. بیرم لەو بۆ چوونە سۆفییانەیە کردەوە، کە ئەو دەنگی پڕ بە ژوورەکە بوو.

- یاشێخ هاوارە.

بەخەندەوە گوتمیٚ: کە هاواری بۆ دەبەیت، ئەدی بۆ بە برینداری لەسەر بەردە قارەمان جێت هێشت و سەرت هەڵگرت؟

(ئاخر هەرە دیاردەی نەگۆڕی مێژوو، ململانیی جەنگەکان و خوێن رشتنە) دیوێکی مێشکم بەودیوی تری گۆت.

سەری بە چوارلایدا وەرسووڕاند و دەنگێکی کزی لێوەهات، وەکی لە ئەشکەفتێکی نادیارەوە بێت.

-سەرەتا و بنەتای قسەم، خۆشم نازانم بۆ.

لەوانەیە وام زانیبێت مردووە.. تەواو.. ڕەنگە وام زانیبێت کە ئیتر دوای کڵاوی ڕەشەبا بردوو نەکەفم، چاکە... دەشێت و دەشێت..

گلێنەی چاوە فرمێسکاوییەکانی لە مۆڵەق وەستا و سپی هەڵگەڕان. هیچی تری بۆ نەهاتە سەر زار.

دەشێت بڕوات بە بڕێ هەڵوێستەکانی نەبووبێت.. پێم گوت. ئەمەش دڵکرمنێی کردبووم. دەبپرسە لەپای چی؟ ئەو پرسیارەی دۆمبەڵان ئاسایی هەڵتۆقاند.

-ئەوە.. پرسیم مامە سۆفی .

-ئا... زۆر جارمان پێ گوتووتوو، کە تازەبەسەر چوو، دەوڵەتی ئالی عوسمان. دەبا بیرێکی جیاواز لە داهاتوومان بکەینە، کەچی ئەو...

وەستا و هەناسەیەکی درێژی هەڵمژی. منیش چاوەڕوانی پاشکۆی بڕشتی زمانی بووم، بۆیە سەوداسەرانە پەردەی گوێیەکانم ئامادەکرد.

-نەی.. سەل.. ماند:

ڕستەکەی- وەکو لە گوێگرێك بترسێت - کەرتاندە سێ بڕگەوە، ئاخر هەتا لەشکری (دەوڵەتی ئیسلام )و (خەلیفەی سێبەری خودا) لە (ڕەواندز) پێوەندیی لەگەڵیاندا پساند، کارلەکار ترازابوو، ئەوجا ڕووی وەرگێڕایەوە. ئێنگلیزەکان بڕوایان پێلەق بوو. تۆپ بارانی (شار) کراو ئێمەگەلێك بووینە ئاردی بن دڕك و دەوەنان. پەرت و لانەوازو بێچارە ماینەوە، ئێستاش دەردی ئەوسا دەنۆشین، ناگزۆری و ناتەواوییەکانیان لە نەقوزتنەوەی هەلومەرجان. قوربان، تاکە پەنامان بەعاسمان مابوو، کاك هۆشەنگ. منیش بۆم تەواوکرد: بۆیە لە دۆخی نە مردوو، نە زیندووی لەشتمان دۆزییەوە، کەلە پاش خوداپەرستیت، بۆ ئێستای هەڵی دێرایت.

چاوی نوقاندبوو گوتمەوە: دەیان ساڵ خەواندتی.

دەستێکی لەرزۆکی بەڕیش و سمێڵە تێکەڵبووەکەی هێنا هەناسەیەکی مردەلۆخانەی ساردی هەڵمژی و لە ناو سییەکانی بەهەناسەی گەرم گۆڕییەوە و لە دەم و کەپوویەوە، بەڵکو لە چاوە کانییەوەش دەرچوو.

- کوڕم، نەکو دەیان ساڵ، بەڵکو هەزار ساڵ لەلای خوداوەندی بان سەرمان چاوترووکاندنێکە.

ئەوە دواین دەراوێژی زوانی بوو، ئیتر خێرا لە گۆ چوو. چاوە پڕ ئەشکەکانی سپی هەڵگەڕان. پێڵوومان بۆ یەکجاری داخست و، سەر و بەرمان کرد. لە دامێنی بارەگاکەدا بەخاکمان سپارد بەو نیازەی - خۆی گوتەنی ـ جارێکی دی، لە دنیایەکی بێ خەوش و نوێدا چاو بکاتەوە، کە دووربێت لە بێدادی و جەور و ستەم. بەخۆم گوت: چ جوداواوازییەکی سەمەرە لە زنجیرەی رۆژگاردا هەس. یەکتر دەبڕن. یەکدی پاش و پێش جێ دێڵن و هاوتەریبیش رێ دەکەن. (دەمژمێرەکەی (سلیڤادۆر دالی) خاو دەبن و، بەسەریەکدا دەتوێنەوە.

لەگەڵ ناشتنی سۆفی عەلی وام هەست کرد، کە هەبوویەکی بەدەر لە زەمانمان سپاردە چاڵەکەوە، بەڵگە و دەلیلیشم بەسەر سەرمانەوە چوار تیتروواسك، فرە لە نزمایی جووت جووت دەفڕین و دەیانچریکاند. پاش ئەوەی گڵکۆکەی دەوروبەری کێڵەکەیمان پەستایەوە، سەرم زوو هەڵبڕی. نمە بارانێك رووی تەڕ کردم. گڵە سوورەکەی تۆختر کرد بۆیە دووبارە بەیاژنەی پێمان پتر پەستامانەوە. هیچی ئەوتۆمان بەدی نەکرد، بۆ رازاندنەوی گۆڕەکەی لە قەوانە فیشك بەولاوە لەگەڵ چەپکێ گوڵی کێوی سەیرە. ئەم مرۆڤە کە شکۆمەندترین کەسی دەمرێت؛ کەچی بەپێ لەقە دەپەرژێتە پەستانی گڵە ئاوڕشێنکراوی گۆڕەکەی. وەکو ئەوی دەرفەتی راستبوونەوەی لێ قەدەغە بکات. گۆڕەکەیمان پاش توند پەستانەکەمان بۆ تەنیایی جێ هێشت. لەوەپاش ئەوەی لە دێیەکانەوە بارەگای بەسەر بکردایەوە: ئەوا پێشین لە سەرگۆڕی سۆفی بۆ فاتیحای رەوان دەوەستاو ئەمجا فوویەکی دەپەخشاند و بە ئێکلامەوە دوو لەپی خۆی بە روویدا دەسووین بۆ گۆڕی ئەو سۆفییە کەساسە.

دەڵێی چی خوێنەری دەلال تۆش لەگەڵ ئەوانگەل بیرت چەسپە، کە ئەم گێتی و گەردوونەمان ئەزەلیی و سەرمەدییە، یان خاڵی بەرایی و کۆتایی هەیە؟ سەرسوڕدانی پێ ناوێ. ململانێیە نەبڕاوەکەی نێوان فیزێك و میتافیزیکە. دەمەوەرەی و

درێژدادڕیی هەردووك: ئەفسانە و زانستەکەیە. بەڵێ.. دروستە و لەگەڵتدام، دەبێ هەرچاخێك ئەفسانەی خۆی هەبێت، ئەگەر نەشیبوو، گەرەکە بۆی دابڕێژین؛ بەڵام نەك لە سەر حیسابی زانست و بیرەمەندی و هزر، بەڵکو بۆ قازانج و پڕ بەهاکردنی وەیشوومەی رۆژگار و رەدوونانی ئەشکەنجەکانی مرۆڤایەتیمان ئا لێرەدا، بۆچوون و هەڵوێستمان گرێبەست دەبن وەکو راوچییەکی ناو روانگە، لە ناکاو نێچیرە چاوەڕوانکراوەکەی رابچڵەکێندرێت و مایەپووچ بکرێت. قەیدی چییە، لێم راست بیتەوە و بەکاوەخۆیی رووی دەمت لە من بێت.

(ئەی هاوبەندی لەش و رەوان. چۆن لێکی بدەینەوە؟) پرسیارەکەت لە جێی شیاودا کرد. ئافەرین ئەوجا دەگوێ بۆ هاوبیری خۆت شل بکە. ئەو لەش و ئەو رەوانە، بەجووتە بووونیان هەیە لەلای کەسانێك کەوا بڕوایان به هاوشانیی ئەو جمکە هەبیت، هەروەها بەپێچەوانەش، بەئەرێنی و بە نەرێنی؛ لایەنی ماتریالّی، یان لایەنی رەوانیی هەریەکەیان؛ بەجودا لەوی دی؛ لەکن کەسگەلێك بوونیان هەیە بە گوێرەی باوەڕیان بەم لایەنە، یان بەولایەنە.

(کەواتا...)

هەریەکە و بەشێوەیەك لە شێوەکانی هەستی و نەستی، رۆڵ دەگێڕن. براله چوون هاوکێشەی نەبڕاوەی ئاهورامەزدا و ئەهریمەنەکەیە. بوونیان پێوەندارە بەبڕوای ئەم و ئەو و ئەوی دیکە. هەن و... نین. بوون و نەبوونیان مارمێلکەییيە لە دیدگەی بینەراندا.)

(وەلێ مارمێلکە و زیندەوەری دیش بەگوێرەی بۆتەی سروشتیان رەنگ گۆڕکێ دەکەن.)

(ڕاستە، ئەڵبەتە بۆخۆ لە چاو بزرکردنی نەیاران، بەواتای: نواندن، یان نمایشی کاتی..)

(باشە ها، ها، ها. بۆ ئەو زیندەوەرە رەنگ گۆڕانە خۆیان دەبینن، کە لەگەڵ سروشتەکەیاندا هاوڕەنگ بکەن) ئەوە کاری زانستە، هەرچەندەش دەڵێن، کە زیندەوەرانی پلە نزمی بایەلۆژی رەنگ نابینن، تەنیا رەش و سپییان لەبەر چاوە.. تۆ لەوە گەڕێ، پەیامبەرانی ئاسمانی و زەوینی بەدەرکەوتن. هەشبوون خۆیان بەخودانی کەون و دروستکەری کائینات زانی. بە دورستی و بە نادروستی، ئاسمان

وەڵامی نییە. بە نموونە: هەوکە جەنابت، یان من بێژین: پەیامهێنین، یان ئاهوورامەزدا و بووداو یەهواین، هەرگیز بۆ ناجۆربی بانگەشەکەمان لە ئاسمانەوە برووسکەمان لێنادا، بگرە کەسانی رووی زەمین راکێشمان دەکەنە ناو قەفەزی تاوان و لە پاش توێژینەوە- هەڵبەتە بە پێوەری ئەو دوو رێبازەی باسم لێوەکردن – بە قەنارەوە ئاوێزمان دەکەنەوە. براله، ئەو دەمەی پەلوپۆی (هەللاج) یان بەشمشێری یەمانی لە پێتەختی خیلافەت پەڕاند و پاشماوەی تەرمیان بە سێدارەوە هەڵواسی، کێ فریادڕەسی بوو. ئەوساس عەبدوڵای کوڕی موقەفەعیان لە بەسرا خستە ناو تەندووری گڕپژێن، پێم نالێی کێ بەهانایەوە چوو.! ئەدی پەر کوردانی هەڵەبجە و جینۆسایدی ئەنفالەکان مەگەر خودا چاوی لێنە بوون؟ گوێ لە نامەیەکی ئەو عەبدوڵا بەرەگەز کوردە، بگرە، کە پێگەی دادوەری و دوا بڕیاری هەبوو لە (میربەد)دا، بۆ خەلیفەی عەبباسیی ناردووە.

(ئەی ئەو خەلیفەیەی، کە بەشمشێری کەس و کارت بەچەکی دەوروبەرت هاتوویتەتە سەر دەسەڵات، ئەگەر نیازی تێکدان و پەرتکردنت بوو، ئێستا، یان سبەینێ، چاك بزانە ئەم دنیایە سووڕگەیە و ئاکامت مەرگە، ئەگەر سواری غرووری خۆت بوویت و هێرشت بردە سەر خەڵکانی وڵاتەکەت و، ئاخیرەتت بەدنیات گۆڕییەوە. نە ئومێدت تێدا دەمێنێ، نەپاشماوە...تاد.)

تەنانەت لە ئاسمانەوە دەنگێك، ئاماژەیەك نەهات بۆ ئاشکراکردنی شوێنەواری هەزارانی سەرنگووم کراو. لێ گەڕێ با لەوە پتر زوانم نەگەڕێت و هەمووی بەسەریەکدا نەڕووخێنم. چریك.. چریك.. تیتر.. تیتر.. واسك واسك.. واس.. واس

# ٣

پشووت درێژتر بکە لە بارەی چۆن بوومە تیتراوسك تکایە. بڕوام پێ بکەی ئەوە کەیفی خۆتە، بڕواشم پێ نەکەی هەر ئارەزووی خۆتە. ئەز بە هەر دووبارەکە هەراسان نابم؛ بەڵام سوێندم بەهەموو شتێکی جوان، ئەو کاتەی لە رۆخی حەوزەکەی بنکەدابووم، تیتراوسێك خۆی کردە تیشکی ئاسمان و رۆچووەوە ئاوەکەوە. لێوەی دەرچوو. پۆشاکی پەڕی لەبەردا نەبوو. بووە کوڕێکی جوانیلکەی هەرزەکار و زەقزەق دەیڕوانییە من. تیتراوسك ببێتە بنیادەم. ئەگەر بلوێت ئەوا مرۆش رەنگە بچێتە دۆنی تیتراوسکەوە. ئەم کەوڵگۆڕییەم لە پەرتووکاندا، بەتایبەتی سیپارەی سۆفییان، بەرچاو کەوتووە؛ وەلێ بە هەردوو چاوی خۆم ئەو کراسگۆڕینە بدینم زۆر مایەی حەپەسان و سەرسامییە. هەوێنی رامان و دامانیشە، کاکی برام. باشە، کێ بڕوام پێ دەکات. هەر تۆی خوێنەرم کە متمانەم پێ داویت نایەژێت ئەم نقیسکارە سەری لێ شێواوە، یان خرەفاوە. ئەی ناچرپێنیتە گوێمەوە.

(ئایا بەڕاستیتە، یان فانتازیا دەئافرێنی بۆ گەمەی قەڵەمەکەت) ئەو لاوە وەکو لە کۆشی دایکی بەربووبێتەوە، رووت و قووت نەبوو، نا.. پۆشاکێکی ئاودامانی تەنکی کەسکی لەبەر بوو، قەرسیلی و رەونەق دار، بەجۆرێك ژنان گوتەنی- ئاوی چاو دەمژێ. هەتا بڵێیت شیرین و خەندەڕوو بوو. جووتێ قۆخی زۆزانی زنوێر بوون، سوور و سپی دەبریسکانەوە گۆناکانی. چاوی گۆلکی دابەستە بوون دیدەکانی کە نیگایان دەپرژاند. باڵای بەرز و کەمەرەی باریك و دەفەشان! برژانگەکانی، لەبەر درێژییان، سێبەریان

ڕۆدەکردە سەر ڕوومەتەکانی. چاوەنۆاڕبووم بپەیڤێت، دەنا لێی دەچوومە بەر و دەمئاخێواند. ئەمانەی بە وشەی کۆڵەوار و کەمبڕ دەراندمن، چرکەیەك و دووان بوون لەو دەمەی باڵەکانی جووت کردن و بووە تیریکی ڕووناکی و ڕۆچووە ناو ئاوی حەوزەکەوە! هەرزووش بەو شێوەیەی بیستت لە ئاوەکە هاتە دەرەوە. تۆ بوویتایە لە جێگەی بەندە چیت دەکرد؟ دەتدواند! یان چاوەڕوانی لێوە ترازانی ئەو جەوانە بێ هاوتا و بێ مانەندە دەبووی؟.

هەنگاوێکی ڕووە و من هاویشت. پەنچەیەکی ناسکی بۆ دەفتەرەکەم دریژ کرد، کە لە سەر تاشەبەردێك، لە ترسی تەڕبوون وا دوور دام نابوو. هەنگاوی دووەمی ناو لێوە تەڕەکانی ترەکین. - لەو پەڕانەدا چیت نووسیوە؟ یان چی دەنووسیت؟ خۆ شوکر هاتە گوتن و لەگەڵم پەیڤا، دەنگی دۆشاوی میوژی ساردبوو، کە بە منداڵی بەفری خواییمان تێ دەکرد، گوێم، دەوم و گشت هەستەوەرییەکانمی تەژی کرد. ئاخر دەنگ و چێژ، ڕەنگ و بۆن، بەرکەوتن و هەستی شەشەم برا بەشبوون لە ناسکە دەمی ئەو.. وانییە؟ خۆم بەخۆم گوت و پرسیاریشم کرد. ئەوا لەلای جەنابتی دەدرکێنم پێچێك کڕ بووم، سروشتیش لە تەکمدا مات و بێ سرتە بوو. نەبادە پرسیاری تری هەبێت، گەلۆ ئەویش بێ دەنگ چاوەڕوانی وەڵام بوو، یان چی. هەرسێ: کڕی و ماتی و بێ دەنگییەکەمان بەپەیڤینەوە گرێ دان؛ کڕی من، بێ سرتەیی سروشت و بێدەنگیی ئەو (تیترمرۆ) یە مرۆ واسکە).

- ڕووداوگەلی لە ناودا تۆمار دەکەم . بە نەرمی و شینەی گوتم .

- ڕووداوگەلێ. وەکو چی؟ ئەو هەردوونیشانەی پرسەك و سەرسوڕمانی بەدەم و ناوچەوانییەوە دەراندن. پێم گوتبایە ڕووداوێکی سەردەمی مەلیك مەحموودە، پەرچووی دووبارە زیندووبوونەوەی سۆفییەکە، ڕووداوی دوو ئەویندارى جوانە مەرگە، یان ڕووداوگەلی خۆم و چەندانی تری هەڵاتووین لە چنگی ڕژێم و.. تاد. بۆیە هەموویم لە تاکە وشەیەکدا چڕکردنەوەو، بە دەنگێکی ئەفسوونئامێز راوێژم لە تەکدا کرد.

- تیتراوسك.

- تیتراوسك. مەبەستت لە بەسەرهاتی ئەو باڵندەیەیە. هێڵ و تۆییەکانی حەپەسان و پرسین بە تەوێڵییەوە دەرەوشانەوە. وەی، وەی. ئەی بە خۆی تیتراوسك

نەبوو، لە چرکەیەکدا بووە ئەم لاوە قۆزەی نوای بینابیم. ناوی ئەو باڵندەیەم لیٚ بووە ساباتی و فیٚنکایی و خامۆشیی بەدڵ و دەروونم دا.

- هەر تیتراوسك... تیتراوسك؟ پرسیاری پیٚچراوی خۆی بەسەرسامییەوە دووپات کردەوە. منیش مەبەستیٚکی سیمبۆلیم پیٚکا.

- بەڵیٚ قومرییەکی گەرمیان وەڵامی تیتراوسکیٚکی کویٚستانی داوەتەوە، یان...داوی ئاخافتنەکەمی بڕی و بۆی تەواوکردم.

- یان قەتیٚیەکی ملەی (حەمرین) ژانە وەڵامی باڕە کەویٚکی بناری (زاگرۆس )ی داوەتەوە. نا؟

ئیتر ئەوسا منیش دەرفەتی والاترم بۆ گونجا. ئاماژەم بۆ ئەو دیمەنە کرد، کە بەچاوانی خۆم، لە رۆخی حەوزەکەدا دیم.

- تیتراوسکیٚکیش خۆی لە ئاوی پاقژ هەڵدەکیٚشیٚت و دەبیٚتە جەوانە ئینسانیٚکی بیٚ مانەند.

وەکو لە پەیڤینەکەم نەگەیشتبیٚت، سەری راوەشاند و زەردەی هاتیٚ. ئەنگوستم بۆ ئاراستەکرد.

- تۆ.. بەر لە ئیٚستا.. باڵدارە تیتراوسك نەبوویت و..!! بۆم تەواو نەکرا. لە کانگای دڵمەوە سۆزیٚکم بۆ نیشانەدا. ئەو بەهەردوو ناو لەپی رووی خۆی لیٚ شاردمەوە وەکی پەنهانیٚکی لەلام ئاشکرا بووبیٚت. لەشی هەژار و لە چاونووقانیٚکدا بچووك بووەوە، پەڕی هاتیٚ و لە شەققەی باڵی دا. نیگام گرتە دەفتەرەکەم نەبادا لەگەڵ خۆیدا بردبیٚتی. نەخیٚر ئەندیٚشم لە جیٚی خۆی نەبوو. لە بان تاویٚرەکەدا بای ناکاوی پەیتا پەیتا پەڕەکانی هەڵدایەوە وەك بیەویٚت بۆ هەور و ئاسمانەکەی بخویٚنیٚتەوە. بۆی کیٚل بووم و نامە بنهەنگلم. بەرەو بنکە گەڕامەوە. هیٚشتا نەگەیشتوومە دالانەکەی، تریشقەیەکم بیست و بارانی بەگوڕ دای کرد. ئەو شەوە لە شیٚوەی پیتی((S راکشام و بیرم لەو تیتراوسکە و خۆم کردەوە. لە خەونما تیشکی زیڕینی خوڕ لەگەڵ هەورە ئاوسەکاندا چاوشارکیٚی کرد. بڕوات کرد یان، نا. چۆنم گوٚت، هەندەی تالەموویەك لە راستی لام نەداوە لەوانەیە

بێژیت گوایا ماندی بوومه و دووریم له کەسوکار تووشی ئەو خەیاڵبازی و ڕەشکەوپێشکەی بەچاوم کردبێت. بەرسفی منیش ئەمەیە: ئەدی ئەندێشە و خەیاڵ بەشێك نین له تەمەنمان. زۆرجار بەپەڕ و باڵی خەیاڵەوە شوێنان تەی ناکەین و کاتە جوداکان و شوێنە جۆراو جۆرەکانی تێ ناپەڕێنن.

بۆ شەوێکی دیی دیتنی دۆنایدۆنی تیتڕواسکەکە بۆ کەوڵی جەوانی و بەپێچەوانەش، داسولکەیەك بوو مانگە تەمەن چوار شەوەکە بەسنگی ئاسمانەوە، پەمەیی کاڵی دەنواند، بەوە دەچوو هەڕەشە لە گۆی زەوی بکات. ئەو مانگە گێلە وا دیار بوو، بەوەی نەدەزانی، کە تیشك و ئاخڵەکانی له خۆرەوە خوازراوە؛ کەچی چاو له ئەستێرە سەوزەکەمان سوور دەکاتەوە. لەوەش بێ ئاگا بوو، کەتیشکی دلۆڤانی هەتاو فریادڕەسی هەموو ژیانێکە. سەروەری سەرزەوی و ژێر ئاوان و تەنانەت کۆ بەندی کۆ هەستارەی کاکێشانییە. بۆیە شەو لە دوای شەو، جوانییە خوازراوەکەی له دەست دەدات. کەم دەکات و دەتوێتەوە. گشت کەسان دەزانن کە، مەچیری گفتولفتی مانگ کورت دێنێ، هاکا.. پسا؛ کەچی ئەو وا بەسانایی بۆڕ نادات. هەموو سەرەمانگێك خۆی له هەزموونەکە دەداتەوە. کۆڵ ناداو دانیش بە نشوستیی خۆی هەرگیز نانێت. ئەم سوور بوون و کۆڵنەدانەی، وانەیەکی سروشتیی پڕ بایەخە بۆ ئێمە. تێکۆشەران له پێناوی چەسپاندنی هەبوون و شواناسماندا، لەسەر رووی هەمووشەوە ناسنامەی زمانە خۆڕاگر و زیندووەکەمان.

* * *

(تیتڕواسیك، تیتڕواز، تیتڕواس: مەلیکە بەقەد چوێلەکەیەك.) لەم دێرە کورتە پێری نەگوتووە قامووسی (هەمبانە بۆرینە) ی مام (هەژار) خۆ دەیان مەل هەنە کێشیان هەندەی چۆلەکە پاسارییە. لە شێوەشدا لێی دەچن. باڵداری واش هەیە هەندەی

پەپوولەیەکی گەورەیە. بڕوا بکە، بەلەش و کلك و باڵییەوە درێژاییی ئەنگوستێکی هەیە. بە (مەلۆچکەی خۆر ناوی دەبەن. ڕەنگی پەڕەکانی لە ڕەنگینکەوانەوە وەرگرتووە وەکو ئێژن. لە دەوەنە چڕو جەنگەڵە بەردینەکانیشدا دەبیندرێت. بەهۆی دەنووکی لوولە ئاساییەوە شیلەی گوڵان دەمژێت. کێشی لە نێوان ٧-١٠گرام دایە. لە ناو گەڵا و لەسەر چڵە بەردارەکاندا لانەی خۆی دروست دەکات بەتایبەتی لە نێوان لقی پرتەقاڵ و هاوشێوە مزرەکانی و، لە نێوان مێوە گەرمیانییەکانی نیوەی گەرمی باشووری زەوی. دوو یان سێ هێلکە دادەنێت، سێزدە ڕۆژ دایکە و باوکە بەنۆرە لەسەر هێلکەکان کرۆشکە دەگرن. بەهەمان شێوە، بێچووان لە پاش سێزدە ڕۆژی ترووکانی هێلکەکان، لە لانەوە هەڵدەفڕن. ئەم مەلۆچکە هەرەگچکانە واناسراون، کە لەرینەوەی باڵیان لە مەلانی تر زۆر زۆرترە بۆیە وەکو هەلیکۆپتەر بە ئاسمانەوە دەوەستن لە کاتی مژینی هەنگی گوڵاندا. تیتراوسکیش تایبەتیی خۆی لەوەدایە، بە چریکە بانگێشتی پەڵە هەوران دەکات. گوایا ئەسرینیان پێ دەڕێژێنێت. ڕەنگە ئەمە پێوەنداربێت بەوەی خودی باڵندەکە ئاوییەو، تامەزرۆی وردە ماسی بێت. ئەمە جێ دێڵم بۆ بایەلۆژیستان و پسپۆڕانی بواری ئەنتروپۆلۆژی و فۆلکلۆر؛ چونکە ئەمە بەدەرە لە کاروباری وشە ئارایی، ئەفراندنی وێژەیی و هەم جوانسازی. لە پاش دیتنی ئەو تیتراواسکەی ڕۆخی حەوزەکە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بارانێکی بەلێزمەی ئەوتۆ دای کرد، چوون کوندەکانی ئاسمان سەرە و لێژ کرابێتن. هەورە درشەکان شمشێری چەخماخە و برووسکەیان دەوەشاند. هەرێمەکەی خوساند. کانی و زنەکانی لە بازرەقەی ئاوئێقیان دەدایەوە. بارانێك بوو نەك بارانی ئاساییی نەو بەهاران و کاتی پەڵەش نەبوو نەك. سێ شەو و سێ ڕۆژی ڕەبەق چاوی نەکردەوە بارانەکە و هەڕەشە و گۆڕەشەی دەکرد. هەڵەت و بەرزاییەکان ئاویان بە خۆڕ پێدادەڕۆیشت. جۆگەی بەربنکەمان، لێوارەکانی خۆی بەزاند و بە هەردوو دیودا تەشەنەی کرد. کانیلەی نوێ تەقین، تەنانەت مەترسیمان لە داڕمانی دیوارە کەڵکە چنی بارەگاش هەبوو، هەرچەندە لە بەرزە بانەوە بۆ بنمیچی ئەشکەفتەکەمان دڵۆپەی دەدالاند بەجۆرێك لە زستانانی پێشوودا دیاردەی وای نەدیبوو. ئەوانی ئاینپەروەر بوون، نزایان دەکرد و نوێژیان دادەبەستا. بەرگوێمان کەوت کەوا ژنان و زارۆکان لە حەژبەتدا لە

پڕمەی گریانیان دەدا و هاوار و سکاڵایان بۆ پیر و مەشایخ و پیاوخاسان دەبرد. لافاوی یاڵ و قەدپاڵان چەندین بەرخۆڵەی راپێچ کردبوو ئاوڕێژگەی کانییەکانی ناوچەکە یەکدگیر دەبوون و شاڵاویان بۆ دەشتایی خوارین دەنارد. مەڵاسیان بۆ پەنا و پەڕگە بردبوو شوانەکان، لە بۆزگوڕی هیشك دەگەڕان، کە لەو زریانە ناکەوییە خۆیانی پێ بپارێزین. بەخۆم گۆت: دەبێ لە تووڕەبوونی تیتراوسکەکەوە کەوتبێتەوە ئەوسای چەند چرکەیەك یەکتریمان دواند، یان دیاردەیەکی تووڕەییی سروشتە و هیچی تر. لە ئانەدا بەهیچ لایەنێکدا نەدەشکامەوە؛ چونکی لە ناخمدا دووتای دژەکاری یەکدی لەم ململانێدا بوون، هەریەکەیان، ئەوی تری بەدرۆدەخستەوە. هەموومان، بە هەڵسووڕێنەرانی بارەگا و گوندییانی دەوروبەرمانەوە چاودێری هەڵهاتنی سوورە خۆرێکمان دەکرد، کە کۆتایی بەو هەڵچوون و فەلاکەتەی سروشت بێنێت. رۆژی چوارەم بوو، یان پێنجەم بە لاپەڕەی ئاسمانەوە خۆری شکۆداری هێژا درەوشایەوە و تیشکی بزاوت. بەچاوی پڕ لە خەوەوە هەناسەی ئۆخەیمان هەڵکێشا و سرەوتمان گرت. دەشێت هەمان کەشوهەوا لە سەرانسەری دەڤەرەکەدا رووی دابێت و، خۆرەکە بووبێتە سەروەری ئاسمان. خۆ برالە خۆرەکە هیی تۆ و من و بنکەکەمان نییە و بەس، خۆر خۆری هەمووانە، لە هەرکەسێك دادوەرتر تیشکی دلۆڤانیی بەسەر زەویدا پەخش دەکات. بەخۆی چاوگی رووناکی و ژێدەری زیندەگییە. بە بۆنەی راوەستانی بارانەکەوە چێشتلێنەری بارەگا و بڕیاری دا لەو گیسکەی بەدیاری بۆمان هاتبوو تێروتەسەلی گۆشتمان بکات، پێشتر من وەکو کەسی یەکەم لە پاش ئەزموونێکی زۆرم لەگەڵ عەبدوڵای ئازوقەواندا، رەهام کردبوو لە جۆری ئامادەسازیی دانی خۆراکدا، بە تایبەتی دانی نیوەڕۆژان، کە ژەمە خۆراکی سەرەکیمان بوو. ئەویش چوختی کار و متمانەی بەخۆی هەبوو. هەرگیز رۆژێك لە رۆژانیش بەرهەڵستم لێ نەکردبوو. دڵنیاش بووین کە ئەو هەندە سەرەمێگەلەمان زاوزێ دەکەن، بۆیە مانگ و دووان توانای سەربڕینی گیسگ و بەرخێکمان هەبوون. ئەو رۆژەمان چوون یادگارێکی لەبیرنەچووی کۆ هۆشمان بووە نەخشی دیوار. چای پڕ رەنگی (سیلان) مان بە سەردا کرد و مەستی کردین. چایەکە سووری زێڕین بوو، بەدیشلەمەوە چێژی تایبەتی لەدەو و ناخیشماندا هێشتەوە. سێبەرەکانی ئەو رۆژە لە ئاساییيان درێژتر بوون لە

بینینماندا. خەندە و قاقا کێشانمان جووت زەردێنە بوون. رووەمان مێخەکی قەتمەر و پاراو بوون. ئاخر.. براله، چۆن بەقسه گوزارشت له بارێکی نائاسایی دەیان دەروون بکەم. لێم مەگرە ئەگەر وشەکانم نەگەنە ئاستی گوێزینگی هەسەتوەرییەکانمان. ئەو شەونمانەی بەسەرلاسك و پەلکەکاندا هەڵنیشتبوون، پاشەکێشەیان کرد. خۆرەتاو دڕی پێ دابوون و، خۆیان له خوارینی پووش و گەڵا و چڵەکاندا بینی. به شوێنه سێبەر و نسێکانیان قایل بوون. خۆرەکە گەیشته لەباری عەرشی خۆی له ئاسمانی سامالْدا. سایەکانیش بەسانایی پێرەوی تیشکی ئاسمانیان دەکرد. شەپۆلی گەرما و دەروشانەوەی رۆشنایی، ملیان بەو سایه و سەرمایه کەچ کرد هەرچەندەش جووڵه کەمتر بوو؛ بەڵام بازنەی مەودای بینینگه فراوانتر دەبووەوه و شتەکانی سروشت بەرجەسته ترو رەنگداتر خۆیان نمایش دەکرد. شەوانیش، گەواهێرەکانی ئاسمانەکه پتر دەبریسکانەوە. سرته نەمابوو. دەمێکه خامۆش بووه، ئاگری کوانگەکەمان، سارد بووەتەوه خۆڵەکەوەکەی. خەواڵوون چاوان، تەنیا چاوی بەنده لەچاڵی خۆیدا بێ سرەوتە. له هەموو شتێك بیردەکەمەوە، که دامەزراوەی جوانی له سروشتدا دەشێوێنێ، یان دەیدزێوێنێ. ئێمه لەپای چی لەم ئەشکەفته ئاو دڕەی هەزاران ساڵه پەنگاوینەتەوە. بۆ چ رووگایەك دەجەنگین. مافی مرۆڤ؟ خۆ له چوارقوڕنەی خڕۆکەی زەویدا هەمان پێشیلکاری هەیە، خوێنی رەش و رووتان بەهەدەر دەڕێژێت سەنگدڵانیش بەهەمان تەرز دەمانچەوسێنن... دەمانهاڕن. ئەدی بۆ باوەشمان بۆ یەکدی کردووەتەوە؟

بێنەوایانی ئێمه و جێیانی تر، مافخوراوانی ئەم پەڵه زەوییه و پەڵه زەوییەکانی رووکاری گۆی زەمین، له هەموویدا، ماف هەر مافه. زەبرو چەوساندنەوەش هەمان شێوەیە. رەنگه ئەمه چۆڕاوگەی رۆژگار بێت، که نەهەنگی گێتی بێهەوێ قووتی بدات. گەردوون بەجێکاتەکەیەوە نیازی هەڵووشینی ئێمەی دەبێت لەو دەمانەی کەوڵی مرۆڤایەتیمان دادەماڵین و دەگورگێین و دەبەرازێین.

* * *

له شەوێکی ئەنگوستە چاوی راوە سوێسکماندا، فانۆس و لۆکسمان بەکاغەزی ئەستوور روناکیبڕ کرد، تەنیا لە کونێکی هەندەی قۆپچەی پالتۆیەکی سەربازی، پڕشنگ دەرفەتی دەرپەڕینی هەبوو. لەو یالانەدا سوێسکەکان شەوارە دەبوون و سووك و ئاسان دەستگیر دەکران. لەگەڵ بەزم و جەفەنگی ئەو هەڵمەتەدا، بەدەم ریگەی گەڕانەوەماندا لاسکی تەرچکی رێواسمان دەهێنایەوە. بۆ بەیانییەکەی، سوێسکە دەبرژێندراو، هەریەکەمان پلە گۆشتی مفتی بەر دەکەوت. لەو ئانوساتەدا، تەوژمی ئاگاییم لە ناو بازنەیەکی داخراودا گەردشی دەکرد. لە درزێك دەگەڕا لێوەی دەرباز ببێت بەرەو رەهایی کەونە بێ سەرحەددەکەمان. هەستم کرد لەو دۆخەی نێوان ئاگایی و نائاگاییمدا، دراوێکم هەردوو دیوی خەت و وێنەکەم و ون کردووە. دژوارە بتوانم بڕیارێك بدەم دژبە دیوەکەی دیکەم. ئاخر لە هەردووکیاندا ناوچەی واهەیە، ئەوی ئەودیوی خۆی رەت دەکاتەوە. هەستم کرد، ئاوێنەیەکم عالەمی واقیع و هەم عالەمی ناواقیعم تێدا رەنگ دەداتەوە. زیندە خەونەکانم، رۆژگاری هەمواری ئاگاییم دووپات دەبنەوە، ئاگاییم لەواقیعدا خەونئامێز و ئەفسوونپۆش بووە. بەئاگادارییەوە دەنووسم، ئێستاشی لەگەڵدابێت، بەخەونەکانمەوە، رۆژگار دەتەقێنم. هەر یەکەیانیش، ئەوی دی بۆ ماوەیەك دەسڕێتەوە. خۆرەتاو لە نێوان جووتە شاخی شەیتاندا بەردیدەم رۆشن دەکاتەوە. چ بکەم باشە، کام هەڵوێست لەم پێودانگەدا بنوێنم چاکە، بۆیە هانام بۆ تۆی دەلالم هێناوە، کە پاڵپشتم بگریت و وزەی نوێم پێ ببەخشێت . لەو نازەمەنەنییەدا، پڕ ئەستێرانی درەوشاوە بوون، چاوانم. ئاخۆ سوودی چییە، کە مرۆ لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دی بڕوات بەبێ ئەوەی بەردە سیلەی کۆشکی مروڤایەتیی خۆی مکووم دانەمەزراندبێت؟ سێبەر و رۆشنایی بە یەکسانی بەرچاومیان بۆ خۆیان قورخ کردبوو، هەریەکەیان مامانن وادەزانن هەر ئێستا هەبوویەك دەبەخشێتە چەرخوفەلەکی گەردوون.

ئەوە جێگەی مشتومڕ نییە، ئەز لە خەونێکی حاجباتیدا بووم و تاوەکو نووکەش، سەروبەری لێ دەرناکەم؛ لێگەڕان بەدوای خوێنێکی نوێدا مەبەستی بنەڕەتیمە و مەستم دەکات. ئەوەش دەزانم کە ئەو ئەستێرانەی دەیانبینم، ملیۆنان ساڵیان بەسەردا رابردوون بۆ وەی بگەنە بیلبیلەی چاوانمان. ئەوان سیزیفگەلێکن لە کۆشش ناکەون و. ئاخر نووسین

له سەرەتاو بنەتاوە داوات لیّ دەکات، کە پەیمانیێکی دۆستانەت لەگەڵ رەوانتدا گریّ دابێت، پاشان جوانسازی و تانوپۆی کەسێتییەکان دێن لەو هەموارگەیەی بەخۆیان پەسەندی دەکەن. ئەگەر نیازت بوو بەرهەمەکەت دانسقە و سەرەنجکێش و خوێنەران تەنەخی نەکەن و بەدوایدا بگەڕین. ئەز، زۆر جارلە کۆتاییدا ناوێك بۆ دەقەکانم هەڵدەبژێرم، لە خەرمانەی چەندین ناوی پێشنیاری سەرکوتە کاغەدرێك. هەیە لە بەراییدا ناوی بەرهەمەکەی دادەنێت، کە هێشتا لە رەحمی نەنووسیندایە. کێشەیەك نییە ئەمێستا هەستەکانم رێنماییم دەکەنە بابەتە نووسینێك، کە هەرگیز نەخشەرێژم بۆ ساز نەدابێت. خۆ وادەبینی، بۆ خۆ تێپەڕاندن چلاوچڵ لە باخی ئەفراندندا. هەرگوێم پیّ خۆش بێت، لەویّ لەسەر خونچەیەك دەنیشمەوە. باس لە ئاسمان و تیتروسك و باران، شوێنانی جودا و مرۆگەلی دێرزەمان و هەنووکەیی دەکەمەوە، تێکەڵی کات گەلی راگوزەر و داهاتوو. ئەوجا با خوێنەران داوای بەندیوارییان لە نێواندا بدۆزنەوە. ئا... تا دەهات، پەیدابوونی تیترواسکان و چریکەیان لە جێگەی شیاوی خۆی بووە راستییەکی بەرقەرارە و رۆحی، کە سێبەری نێرڤانام تێدا بەدی دەکرد، هیچ نەبێت بەگێڕانەوەی رابردووی تاڵ گۆڕەوشاری بدەم، ئەمەش رێبازێکی وایە کە سایەی نێرڤاناکەم لەسەر بێت. خۆری نیوەڕۆ پایزییەکە کۆڵان و جادە و درەختانی لە تارایەکی تەنکی دیوی دەرەوەی کزی خۆی هەڵکێشابوون. شنەی با هاوتەریبی ئەو تارا ئاوریشمینە، گەڵا سیس و زەرد هەڵگەڕاوی بەلقەکانەوە دەلەنجاندن. تاونا تاوێك لەگەڵ بەربوونەوەیاندا، پووش و پەڵاش و تۆزی وێکرا دەماڵین. ئەم گەڵارێزانی وەرزییە لە تەمەنی مرۆڤیشدا هێدی هێدی تیّ دەپەڕیّ بە شێوەیەکیش هەست بە خولانەوەی کات نەکات، هەندەی زانی تاڵەمووی چەرموو لە قژە سەریدا دەبریسکێتەوە. ئەمە بەسەرمندا هات و.. هاکا بەخۆم زانی سەروریشم بووەتە گۆڕەپانی جریتبازی و گەلە کۆمەکیی ئەو دوو تیپەی تەپڵی سەرم. ئەگەر چی واباوە لای کەسانی ئاسایی، کە هەڵگرانی ئاڵای سپی لەلاجانگ و خوارەوە هێرش دەکەنە سەر رەشماڵانی سەروو، کەچی لە بەختی بەندەدا، ئەوا لە تەپڵی سەرمەوە بە ئاڵای سپی شۆڕبوونەوە. ئەڵبەتە ئاڵای سپی لەم نەبەرد و

لەشکرکێشییەدا نیشانەی خۆ بەدەستە وەدان نەبووەوە، هەرگیز، بگرە بەزاندنی پاشماوەی تاراوی ئالاّڕەشەکانە بەگشت پێوانە و تیۆری فیزیکی و دەروونی و... وو، بەولاوە تریش. لێرە لە هەست و نەستدا تیژپەڕیی گەردوون دەبیندرێت و بەخۆی دەبێتە سەرکاری جڵەوگیری تەمەنمان. ئامێزی وا پایزێك هانی مرۆڤان بۆ گەشت و گوزار دەدەن، بۆ چالاکی و سووڕانەوە؛ کەچی من گەشتی رووپەلان و توێی پەرتووکانم بەزۆری پێ پەسندتر بوو لەوەی بچمە رۆخی ئاوەڕۆیەك، یان باوشی دارستانێك مەگەر هاوسەر و منداڵەکانم پێیان بۆ ئەوانە لە زەوی گیر کردبێت. ئاخر لە نێوان دوو دۆخی دژ و پێچەوانەدا سەراسیما و نیگەرانیش بم لە جێ هێشتنی خوێندن و بە خوداچوونەوەکانم، دەنگی ئەوانی خانەوادەم پترن، خوێندنەوەی چڕوچاو پرووکێن هەڵدەواسم لە نێوان: دەرەوەی بەربەتاك و، ژوورەوەی تەنگی داخراودا. بۆ چوونێك هەیە گوایا دەرنەچوونە دەرەوەو خۆمەڵاسدان- لەبەر هەرهۆکارێك بووبێت - لە هەناوی ژوورێکدا، مرۆڤ گرفتاری تەڵخبینی، یان خۆکوشتن (سیۆ ساید) دەکات، ئەی ئەگەر لە نهۆمی حەفتەمینیشدا بوون ئەو کەسە ئاوارانە.

باشە.. ماوین. لە پەنجەرەی باڵکۆنەکەوە یەکێکمان خۆی هەڵنەداوە. لەوێوە ئاسانترە لە ژوورەکانی تری نووستن و ئاشپەزخانە. دەبپرسە بۆ؟ چونکی لەو رۆژانەدا گەرەکە پەنجەرە دوومەتری و جووت مینا سەرمابڕەکان، لاببرێت ئەویش بەکردنەوەی چوار برغوی زل. هەرچی باڵکۆنەکەیە، تەنیا داوێك راکێشیت و تایەکی شووشەبەندەکە دەترازێت. هەشت تەختە مینای باڵکۆنەکە لە گەرما و سەرما، لە پێشکە و تۆز دەپارێزێت. لەکام ئەو بەربەستە شووشانە بخوازم، بخوازیت، بخوازن، دەکرێت سنووری کتوپڕی بۆ ژیانی نەخوازراو دابندرێت چوون پەردەی کوتاڵ لە هاویندا ئەو هەشت مینایانە بەهاسانی لادەبرێن. خوارەوەی باڵکۆنەکە تەژیی رەنگی سەوزی کاڵ و تۆخە بۆ پەنجاوچوار نشینگە کە (ئەپارتمان) خۆیان نمایش دەکەن، لە راستیدا بێ لە نۆ نهۆمی نیشینگەکە، سێ نهۆمی دیش هەن. نهۆمێك لە هەرەسەرووی باڵەخانەکەدایە بۆ هەڵگرتن و پەنا خستنی کەرەسە و شتگەلی ناپێویست. دوو نهۆمی خوارین، یەکەمیان بۆ هاموشۆی جێ نشینانە لە نێوان

دووبەشەکەیدا، بۆ چوونە (ساونا) یان بۆ جلوبەرگ و بوزگوڕی شۆڕاو هەڵخستن. نهۆمی هەرە خوارەوە، سارداوە بۆ هەڵگرتن و پاراستنی پەتاتە و پیَواز و... تاد. بەشبەشە. هەر بەشیَکی ژمارەی نشینگەکانی پیَوەیە لە ژمارە یەکەوە بۆ ژمارە پەنجا و چوار. ژمارەی ئیَمە بیست و یەکە. دەرکەی ئەو خانانە هیَڵکبەند کراوە، هەروەها دەرکەی کەلوپەلی نهۆمی دوازدەیەم. کلیلی نشینگەکەمان گشت دەرگەکان دەکاتەوە، کە بۆ هەمووانە، کەچی کلیکی ئەو پەنجا و چوار خیَزانانە دەرگەی تایبەتی هیچ خیَزانیَکی تر ناکاتەوە. لە هەشتی ئیَواراندا دەرگەی سەرەکی باڵەخانە دادەخریَت لە رووی بیَگانەدا مەگەر بۆ میَوان، ئەوساش دەبیَ کەسیَك بەدەنگی زەنگی مۆبایلەکەیەوە بچیَت. ئەوەی راڤەی دەکەم لە میَشکمەوەیە، بەواتایەکی رۆشنتر لە کەڵەکەی تۆماری یادەوەریمەوە هەڵیدەگۆزم نەك لە دیتنی راستەوخۆی چاوییەوە. لیَرەدا زاراوەی (سەربان) بەواتای لای خۆمان نییە بۆ هاوینە خەوتن دیمەنی خوارەوەی باڵکۆنەکە کتومت بە کەڤاڵە دەگمەن و بەناوبانگەکەی (نیوەڕۆژە کردن لەسەر گیادا)ی (مانی) دیَنیَتە پیَش چاوانم و کاریگەریی بەسەر دەروونمەوە هەیە لە لابردنی دڵەڕاوکەی سایکۆلۆژیی خۆ فڕیَدانە خواریَ. هونەر و جۆرەهای رەنگی کەسك هیَورم دەکەنەوە. لەو باڵکۆنە شووشەبەندەوە دوور دەکەوم. دەچمە ناو چوار دیواربەندی ژوورەکەمەوە.

(رۆماننووس، کەسیَکە ژیانی خۆی تیَکەڵاوی ژیانی کەسیَتیە دروستکراوی خۆی دەکان.) لە بۆچوونی (ئالان رۆب گریَ) وە، منیش پەنجەمۆر و واژۆی دەکەم، کەوایە.. وام کردووە و واش دەکەم ئاخر تیَکست بەخۆی جیهانیَکە ئیتر چ حەوجەی بەوەسف و راڤەکاری هەیە لە دەرەوەی خۆیەوە وەری بگریَت. ئەم ململانیَیەی دیوارەکان و شووشەبەندی باڵکۆنەکە بوونەتە ماك و ئازرقەی چەند لاپەڕەیەکم. لە باتیی باڵکۆنەکە، لە پەنجەرە دریَژ و پانەکەی ئاشپەزەگەکەوە دەنۆڕمە سروشتی دوور و پاینی باڵاخانەی تیَدا نیشتەجیَم. دەمە و دەقامیَزی لە نیَوان: ئەم دەقەی دەستت و دەقیَکی(هۆگۆ ئۆف سان فیکتۆر) بکەم. گویَ بتکیَنە چۆن ویَنای سیَ مرۆڤ دەکیَشیَت.

ئەو مرۆڤەی، کە نیشتمانی بەجیَگەی جوان دەبینیَ، لاویَکی تازە دەستپیَکەری بە جەرگە. مرۆڤی بەهیَز کەسیَکە تەختاییی گشت زەوی بە نیشتمانی خۆی دەزانیَت.

مرۆڤی تەواو و کامڵیش گشت دنیای لێ نامۆیە؛ چونکە لاوەکە سەرتۆپی خۆشەویستیی خۆی لە جێگەیەکی دیاری کراودا کۆ دەکاتەوە. مرۆڤە بەهێزەکە، خۆشەویستی خۆی بەسەر شوێناندا بەش بەش کردووە؛ بەڵام مەردمە کامڵ و تەواوەکە ئەو کەسەیە، کە مەشخەڵی خۆشەویستیی بەڵام کوژاندووەتەوە.) چونکە بەبۆ چوونی من، خۆی بووەتە رووناکی .

ئەوە دید و گۆشە نیگای رەبەنێکی ساکسۆنیی سەتەی دوانزدەهەم بوو. خۆ راستە خەریکی نووسینی رۆمانێکم، ئەمەش هۆکاری خۆ هەڵداشتنە خوارێم نییە لە مەڕ نەکاراییم؛ بەڵکو دەکارم گوێ بۆ ترپەی رۆژگار بتەکێنم و ناوبەناویش لایەك لە ئەنگێزەی دەروونیی راگوزەری ناو دۆڵ و شیوان و پەنا ئەشکەفتانی تەمەنێکی پێشووم بکەمەوە و ئەوەی بەیادەوەرییەوە چەسپا بێت، لە سەر رووپەلاندا بیاندەرێنم و هەم بیاندوێنم.

* * *

ئەو گۆلەی بۆی چووین هێندە پانوپۆڕ نەبوو کە مەودای کەشتی بدات، یان بەلەمەوانان لە رۆخیدا ئەسکەلە بسازێنن. ناوی لە نەخشەی شاردا(ئیسۆلامپی) بوو. لای سەرووی بازنەیی، دامێنی نارێك و لاکێشەیی هەڵکەوتبوو، کە بە چەند ئاو درێکەوە درەختە تلۆفك هەڵکشاوەکانی تێراو دەکردن. زارۆکان ئالانە وردەنان هاویشتن بۆ ئەو مراوییە کێوییانەی ماوەیەکی تر رووە و گەرمیانی باشوور کۆچ دەکەن. (هێدی) قولاپە دەستکردەکەی هەڵدابووە ناو ئاوەکە. مخابن لە دووسێ وردە ماسیی (سەلەمۆن) بەولاوە هیچی تری بۆ راونەکرا ئافتاوی دایکیان دەستی نابووە ژێر چەناگەی و مەلۆچکەیی هۆشی ناردبووە زێدی هەزاران مەتر دوور.. منی هۆشەنگیش نیگام بە دەندووك و باڵی ئەو ماسیگرە چلێسانەوە بوون، کە بە پڕتاو بەشە نانە هوردەکەی مراوییەکانیان دەقۆزتەوە. بەزریکە زیقنەکانیان دەفڕین، زیقە و لەپڕ فڕینیان، چریکە و دیمەنی تیتراوسکیان هێنایەوە بیرم؛ وەلێ ئەم مەلە چاوچنۆك و بێ نامووسانە کەی دەگەنە هاوشانی ئەو تیتراوسکە پیرۆز و بارانهێنانەی ولات.

رووپەلی گۆلاوەکە خۆڵەمێشین بوو. بەلێوارییەوە دوو سێ قەدەداری درێژ بەهۆی جموجۆڵ و هەڵدرێنی ئاوەکەوە، کەوتبوونە سەر رۆخەکەی هەرچەندەش رەگیان لە زەوی نەترازا بوون. ئەمەش کەڵکی بۆ مراوی و مەلەکانی تر هەبوو. کردبوویانە پردی پشووگەی خۆیان و لەوێوە دەیانڕوانییە ئێمە و سروشتەکە بەگشتی. دایکی منداڵان لە ناو جانتاکەیدا تەرمۆسێکی چکۆلانەی چای هێنابوو لەگەڵ کێك و نەستەلە و پسکویت. منداڵان بەشی خۆیان برد و هەندێکیان بۆ مراوییەکان پڕژاندە سەر زەوی. من و ئافتاویش لە بادەی کاغەدیندا سەرو فرێکمان لەو چایە خەستە دا.

ـ ئێ دایکی شادمان، ئەو مراوییە شەلە دەبینی، کە بەدژواری رێ دەکات و باڵە شۆڕیەتی.

- ئا.. بۆیە لەوانی تر زۆرترو وردە نانم داوەتێ، لە سۆنەکانی تر هاوێردووم بۆوەی تێر بخوات.

- چونکە ئافتاو گیان ماوەیەك توانای فڕینی نابێت لە بەشداریی کۆچی باشووردا.

- هۆشەنگ گیان، خۆ پارکە لە کاتێکی پێش ئێستاش بوو، بەر لە هاتنی مراوییەکان، لێرە جووتێ دایك و باوك و برێ بێچووی تازە لە هێلکە دەرچوومان نەبینی، بە قەتارەوە مەلەیان دەکرد.

- وابوو، باشت لە بیرماوە.

- پیاوەکە، دیمەنی دڵگیری ئاوها هەرگیز لە یادم کاڵ نابێتەوە. (سایە)ی هێشووی دوا بەرەمان، بێچووە پشیلەی پڵنگ رەنگەکەی لە ناو قەفەزێکی دوو رەنگی سەوز و شیندا هێنا بوو. پرسی پێ کردم ئایا بۆی هەیە دەرکە لە پشیلەکەی بکاتەوە. منیش هانم دا و لەشە سڕبووەکەی راکێشاو بە نەرمی ماواندی، ئەوجار چاوە بریسکەدارەکانی بڕینە مراوی و قەل و نەورەسەکان. ئەوانیش لە جێگەی خۆیاندا لە دیمەنی ئەو پشیلۆکە چەند چرکەیەك رەق راوەستان؛ بەڵام هیچ کامێکیان لە بوونی ئەو نیگەران و شلۆێ نەبوو. پشیلۆکەی سایە خان کلکە جوانەکەی کردە نێوبازنە و بۆلای باڵندەکانەوە چوو، ئەوانیش لە هەڵچنینی وردە خۆراك نەکەوتن. تێك ئالان و هیچ گرژییەك و ئاکاری بلەوەزی رووی نەدا.

نەچڕنووکی پشیلە دەستەمۆکە لە کالانی خۆیانەوە دەرپەڕان، نە مەلەکانیش چەکەرەیان کرد و بفڕنە سەر چڵەدار و دەوەنانی مێشەڵانەکە.

- دایکی شادمان، کە زیندەوەر تێر بوو، بیر لە هێرش و پەلامار ناکاتەوە. ئەوا بەچاوی خۆت دەبینی پشیلە و باڵدار پێکەوەن.

ئافتاویش بە تاسووقەوە ئاماژێکی تری کرد.

- ئەوەتانێ سەگی ئەو پیاوەش بە پشیلەکەی سایە ناوەڕێ. پشیلەکەشی، من بۆم تەواو کرد، لە ترسی کسۆکەکە تەنگەتاو نییە بپەرژێتە خۆی و کونەمشکی لێ ببێتە دەرووی قەیسەری. بەڕێکەوت نیگام کەوتە سەر بادە کاغەزینەکان. پیتی لاتەکیان پرۆسەی نووسینیان بیرم خستەوە. ئاخر ئەگەر نووسین گرتنە بەری توولە ڕێی رك و تووش بێت، نەشەقامی بەرینی قیرتاوکراو، ئەوا خوێندنەوەی ئەو نووسینە لەلای خوێنەری بە ئەمەکی وەکو تۆ، دووەمین نووسینەوەیەتی.

بریا ئێستا لێرەدا تیتراسکێکمان دەبوو، یان بارەکەوێك بۆ ئەوەی هاوتەبایی و هاوئاهەنگیی رەوانییان لەگەڵ سروشتدا بەدی بکەین، رەوتەنی ئەوانیش چوون ئێمە نامۆیی پێوە دەلکێت. لە گەڕانەوەماندا، لامان دایە لای ئەو یازدە ئامێرەی بۆ وەرزشی خۆڕایی دامەزرابوون لە پاڵ یاریگەی هاوینەی گەرەك و هۆڵی ئایسهۆکییەوە. من و هاوسەرم ئالاینە وەرزشی قۆڵ و پـێ و پشت شێلان و کەمەرە جێی تریش. جادەیەکی تەسك و ڕێڕەوێکی باریك لە نێوان ئەو شوێنە لمینە و یاریگەی زارۆکاندا هەبوو، هونەر و سایە و هێدی خۆیان پێ بەرزەفت نەکرا. قەفەزی پشیلە و کەرەستەی راوی ماسی و تۆپەکانیان بۆ ئێمە جێ هێشت. خێراو بە قەڵەمباز خۆیان گەیاندە جۆلانێ و گەمەکانی دیکە.

- دایکت بمرێت، خۆزگە شادمانمان لەگەڵدا دەبوو.

- نەخۆت بمرێنە و نەهیچ، شادمان وا لە (یۆتۆبۆری).

لەوانەیە لەگەڵ هەورامانی هاوسەریدا ئەوانیش دەرچووبن.

*　*　*

لەم تێکستەدا دەمەوێ لە ژیوەریی خۆم دەربازبم و تەنیا ناو بەناو بەهێڵێکی فسفۆری بیدەرێنم و نەچمە ناو گێژەنەی وردەکاریی تەمەنمەوە بەتایبەتیش سەردەمی منداڵی و هەرزەکاریم لە نەدەراندنی ئەو بڕگانە رابردووم نیگەران نیم؛ بەڵام مافم بە خۆم داوە، لە شیلەی نووسەرانی ترەوە هاودەقی (textual) بکەم. ئەمەش بەتانە نازانم لەم پێودانگەدا. قەیدی چییە کەسێتیی سەرەکی، ئاخێوەری یەکەمە، چوون نووسەر بەهۆردووکیان لە چریکەی تیتروٲسکان حەز بکەن. لە ناخیاندا جۆرە ئەفسوونێك بەرپا بکات. باوەجوو لەم ژینە نوێیەی تێکەوتووین، باسکردن لە تیتروٲسك و مەلانی دی، شێتییە ئەگەر بەستراوی جۆرە هزر و فەلسەفەیەك نەبێت. باس لە سروشتکردن ئاساییە، باڵندە و درەخت و دیاردەکان بگرێتەوە؛ وەلێ باس لە فەلسەفە و وەرزشی عەقڵی، تایبەتییەك دەبەخشێتە کەسێتییەکان لە ناخی بەرانبەریدا ئەمە هاوتەریبی سیاسەتە لەکن ئێمەی خاوەرنشینان،چ جای باسکردن لە بالێ و شانۆ و مۆسیقای کلاسیك و کۆنسێرتی ئەمڕۆیی. دەشبێت ئەوە لە بیرنەکەم، هەرگیز خەمی مەرگم لە لا نەبووەو نییە بارتەقای ئەوەی چۆنەکی ژیانی سەرزەوینم بەسەر بچوێنم. ئەمە کێشەی سەرەکییە. لەو بارەوە پەنا بۆ دوو فریادڕەس دەبەم: پەرتووك و... خواردنەوە، بەتایبەتی (وشکەجن)ی لەندەنی، یان ڤۆدکای فنلاندیا. بەهۆردووکیان. لە لێواری رووخان دەمپارێزن. لە تەك ئەو جووتەدا کاریگەریی سۆناتای (ڕووناکیی مانگە شەو) ی بتهۆڤن، لە گوێزینگی پێمەوە هەتاکو تەپڵی سەرم دەلاوێنێتەوە. وەکو مانگ لە شەوی تاردا ئاخلە دەدەم و دەم هەژێنێ. ئەوا بوونە سێ، بە هەرسێکیان شەفاف و دیودەرم دەکەن و چێژی رەوانیم پێ دەبەخشن. وای. وای لەو چێژە رەوانی و رەسەنەی دەمدەنێ. ئەمەم بە وشە بۆ واژە ناکرێت، نا.

ویستی هەر یەکێکمان ئەمەیە، کە خەونەکانی بکاتە هەقیقەت؛ بەڵام بەندیوارییەك لە دەستەڵاتی دەرەکی رێ لەو خەونانەمان دەگرێ بۆ وەی نەیەنەدی و لە رۆژگارماندا بەرجەستە نەبن. ئەوەی هەنووکە بیری لێ دەکەمەوە، دەبێ کەفی بەختیاری بێت، یان کاکڵەکەی. بەهەرحاڵ، وەکو گوڵە قۆخی تازە، خەندە لە ناخ و روومدا پشکووت. لێرەدا هەستم کرد، کە

دەقی رۆمانەکەم بەرەو رسکان هەڵدەکشێت. بە پێچەوانەش، خۆشەویستیی خوێنەرو، بەڵکو خۆشەویستیم بۆ خۆم لە دەست دەدەم، ئەگەر خوێنی لەشم نەبێتە مەرەکەبی بنووسەکەم، هەروەها دەراندنی پەنگاوەی ناخی خۆت بۆ کەسانی دیکە، دیاردەیەکی رۆحییە لەکن کەسانی تریش، بۆیە لە مانگەشەو و گزنگدا بە تایبەتی هەوساری پێنووسەکەم شل دەکەم و گوێ لە گەردشی نەرمەغاردان و حیلەی دەگرم. ئایا (ئیلی بەگی جاف ) و(نۆستراداموس) ئەمەیان لە چوارینە و هۆندراوەکانیان دا گوتبوو، کە منی گەرمیانی دەکەومە ئیسکەندناڤیا و لە وڵاتی هەزاران گوڵ و گۆلدا، لە نووکی دنیای هەزاران دوورگە و ملیاران درەختدا لەنگەر دەهاوم؟! بەوەشیان زانی بوو، مندالەکانمان پشیلە لە ناو بەرکمی پلاستیکدا بەخێو دەکەن و رۆژانی تاوستانمان دوو هەندەی شەوانی دەبێت و پتر. لە چلەی زستانی زەمهەیریشدا بە پێچەوانەیە. بەستەڵەك و تاریکی تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە. باڵێکی رەش و باڵێکی سپی بەسەر باکووری گۆی زەمیندا دەکشێنن و لەم پەناگەیەدا رۆژگار و شەوگار پێکڤە لوول دەدەن. زستانمان سارد و سۆڵ، هاوینمان باران و سەوزایی و رەنگی ئاسمانیش لاژیوەردی. ئەوەی سەرنجم گل دەداتەوە، بۆ هەر کۆێیەك رووەمان ناوە، یان بە ناچاری روویان پێ ناوین، لە ئێمە وابووە ژیانی ئاسوودە لە شوێنێکی دیيە و هێشتا نەگەیشتووینەتە ئاقاری. رۆژگاریش بۆی سەلماندین (سارتەر) گوتەنی: (دۆزەخ کەسانی دیکەیە) کە بۆمانی دەرەخسێنن و مجرۆمان دەکەن. ئافتاوی هاوسەرم و کیژ و کوڕان دەئالێنە کاروباری رۆژانەیان. من دەچمە پەرتووکخانەی گشتی؛ ئازوقە بۆ چاو و مێشکم دەخوازم، ئەوسای دایکیان روو لە وانەی زمان دەکات. بەندە لە نێوان خوێندنەوەکانمدا خەریکی ئەم دەقەی بەردەستت دەبم. بەهیوام هەدادانت هەبێت، وچان بگریت و وەکو هەم قبووڵم بفەرموویت، هیچی دیکەت ناخەمە گەردنەوە، بەس گوێم لێ بگرە و هیچی تر. دەزانم، دڵنیاشم لەوەی دەینووسم، بەو قووڵاییيە فەلسەفییە نییە کە گەرەکمە. بۆ؟ ئەمنیش پەیی پێ نابەم. رەنگە هەرهەندەم لە باردا بێت، بۆخۆ تێپەڕاندن. ئەوسا کە زانیم هیچ ناکەم، لە بارتر وایە زوو واز بێرم و بەخۆمدا بچمەوە، خۆ پێنووس، گیانەکەم مەکینەی درووەمان نییە هەمیشە و هەمیشە ورد و شاش رووپەلان تەقەڵکاری بکات. ئەدی چییە؟ لە خۆم دەپرسم. وەڵامدانەوەی، سانا و خاکی نییە.

بەخۆت دەزانیت لەم بوارەدا هەرسێ رەگەزی: چێژ، جوانی، راستی، چوون رووەکێکی سێ چڵی دەرسکێن بەرە و خۆرەتاوی واقیع.

* * *

ئەوە چییە. بۆ دەرناکەویت؟

دەنگی کاك نەبیل خۆشناو پاش زەنگی تەلیفۆنەکەی پەردەی گوێمی لەراندەوە. ئەز بێ دەنگ بووم کە ئەو درێژەی دایێ.

- دەورەوە کاك هۆشەنك پیزەیەکمان لەکن بخۆ. هیچ نەبێت قاوەیەك، هەرکتێب و کتێب.

ئەمجارە نۆرەی وەڵامدانەوەم هات، بەکاوەخۆیی لە کۆبەندی پەیڤینەکەیم پێچایەوە، پاش ئەوەی بێستۆکی تەلیفۆنەکەم لە زارم نزیکترکردەوە.

- گیانەکەم باوکی خۆشناو راوە ماسییش دەکەم، سەرەڕای ئەوەش کاتی زۆرم نییە. بۆ خواردنەکەی جەنابیشت، پێشەکی زۆر سوپاس؛ لێ دەبێ دوو پاسگۆڕی بکەم، ئەوەش بۆ من.

- ئەوجا... چییە. بیقەتێنە.

قسەکەمی قرتاند. پێم گوتەوە: راست دەفەرمووی، هیچ نییە، دەقەتێ؛ وەلێ ئاژووتنی دووچەرخەش بڕستم لێ دەبڕێت.

لە خۆشناوەتیی لای (هیران) و (نازەنین) بوو. لە بریی ئەوەی باوکی ناوی نەنابوو خۆشناو، ناوی کوڕەکەی نا خۆشناو. گوتییەوە:

- ئەوە راستە، رێگەکە دەدوازدە کیلۆمەترە. بە خودای دەمێك بوو غەریبیم دەکردیت. کوڕی باش جێگەت لە کنمان چۆڵە. خۆ هەموو تشتەك دەگوزەرێت..

ئاوهالانە دۆستێکی نزیکم بە سەری کردمەوە،. بۆ رۆژی تر، بەرەگەوە گوڵە مێخەکێکی سۆرم لە باخچۆکەی ناو سندووقە پلاستیکەکانم هەڵکێشا. لە ناو شووشەیەکی ملدرێژی تەژیی ئاوم دانا. چوومە ئێستگەی پاس. دوای چارەگێك لە شەقامە گشتیەکەی (هەمێنکاتو) پەڕیمەوە بۆ ئێستگەی ئەو پاسەی دەگەیشتە نزیکی

پێزەری و ڕێستورانتەکەی کاك نەبیل. شەقامی سەرەکی شار، خشتەبەردرێژ بوو، شەقامەکانی دی قیرڕێژی ئاسایی بوون. ئاسمان پێ دەکەنی. لە ژوورەوەی خواردنگەکەدا وێنەیەکی گەورە و درێژکۆلانەی قەلاومینارەی هەولێری روو لە دەرەوە چەسپاندبوو، هەر بە(قەلا و مینارە) ناوی لێ نابوو. هەرچەندەش وێنەی قەلای ئاراپخا کەرکووك نەبوو، سەرەڕای ئەوەش تەزوویەکی زۆر فێنکی سازگاری زێدانەی گەیاندە دڵ و ڕەوانم. تەنیا داوای قاوە بە شیرێکم کرد. ڕاستییەکەی بەخۆم پەرژامە خزمەتکردنی خۆم کە دیتم کاك نەبیل هەویری پیزە پاندەکاتەوە، بۆ دوو کیژۆڵەی سوورفل. ئەو کارە لەکن ئێمە و مانانی پەڕاوگە ئاساییە. گوێزی قوڕ قوڕاکەی سەرکەوت و دەمی لێ نام.

- ئێرەت ڕۆشن کردەوە، مامۆستا هۆشەنگی بەڕێز.

بەخەندە، بۆ گاڵتە و شۆخی گوتمی: بەدەیان گڵۆپ و فلۆریسنتت بۆ ڕووناکیی پیزەرییەکەت دامەزراندووە. پیرۆزە لە خۆت و نەشمیل خانی هاوسەرەکەت و...

- سوپاس. نەشمیل بە ڕۆژ دەپەرژێتە هاریکاریم.

زۆر بە گەرمی ئیلحاحی نمەکی لێکردم، بۆیە داوای پێزەیەکی گچکەی (تۆنی کەلا)ی کوارگم کرد.

باشە نەبیل گوتییە ڕۆژگاری شاگردی، تۆزیکی دی، بە دەستی خۆم کارامانە پیزەکەی دەسازێنم. مامۆستا هۆشەنگ برەك حەزی لە زۆر برژانە..

- ڕووی لە من کردەوە. مووی سەر و سمێڵی زۆر ڕەش بوون، چاوانی سرك و بەجووڵە و کەپووی قەلپۆز بەرانی بوون. سەرەتای رووتانەوە بووە کلاوێکی بریقەدار، بە تەپڵی سەرییەوە. وەکو زۆر جارتێبینیم کردبوو، لە دانیشتندا، لاقێکی ناوبەناو، بەبێ ویستی خۆی، قەیاسەی دووسێ خولەك رادەتڵەکا و دەلەرایەوە کاتێك تووشی گرژیی دەروونی دەبوو. چەند جار ئەو لاقە لەرزۆکەیم راگرتبوو، لەگەڵ بەرداندا کەوتبووە جووڵە.

- مایەی شانازیمانە ئەگەر جاروبارێك کتێبەکان پشوو لە جەنابت وەربگرن.

قاقای کێشا، بەشداریم کرد و چاومان پڕ لە ڕۆندك بوون بەتایبەتی نەبیل وای دەرخست، بە بەراژوویی نەك من؛ بەڵکو کتێبەکانم لە چنگم دەرباز دەبن و وچان دەدەن.

- جوانه جوانه کاکه نەبیلی ڕێزدار.

چاوم بەکلینکسی سەرمێزەکە سڕی، کە تێبینیم کرد، ڕووی زۆرینەی مێزەکان لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی ئەوروپایی لێ چاپ کرابوون، هەندێکم لێ خوێندنەوە، لە سووچێکدا هەواڵی بەردانەوەی فڕۆکەی سەر شاری (لۆکەربی) بە پیتی عەرەبی بوو، چاوم گێڕا بەڵکو دێڕێکی کوردی بدۆزمەوە، ئەگەر نێگەتیڤ و دژوێنیش بێت، بەداخەوە نەمدیت، کلینکسەکان گوڵی وردی قۆقزی بێ ڕەنگیان بەسەرەوە بوون.

گوتم: ئەدی لەوە بەولاوە- نیازم لە خوێندنەوە و جاروباریش نووسین بوو- چ کارێکی دیم پێ هەڵدەسووڕێت کاك نەبیل- بەخەندەوە- تۆ، بەشاگردیشم ڕاناگرێت. ها. ها. ها ئەو خۆی قیت کردەوە ڕوانییە باڵاڕوانەکەی تەکی. دەنگی بەئیکلامەوە هاتە کونە گوێیەکانمەوە.

توخودا مەڵێ جەنابت، (تەپلی) سەرە، جێگای شایستەت.

ناخمی باوەشێن کرد بەو ڕستەیەی. زۆر سوپاسگوزاریم بۆی بژارد.

بەڕێز کاکە نەبیل، ئەوا ئەرکی گەردن و قەدەری منە، بەمەش گرێبەستم لەگەڵ ئەوێدا، پەنجەم بۆ وێنەی دیوارەکە درێژکرد. نوێ و نوێتر دەکەمەوە، دەڵێی چی؟

لەو پرسیارە ناکاوییەم کەمۆکەیەك ڕاچڵەکی و لاقی ڕاتلەکاندن.

-بەم سەرە ئەوەی جەنابت دەیکات بە تێڕادیوی گەلەك پیرۆزە و مایەی شانازیمانە، کاشکی هەندەی دەیەکی ئەوی تۆمان پێ کرابایە. لێرە، پەرژین بێت، دەخوێن و دەڕیێن.

- ناواش نییە. بەشێوەیەك لە شێوەکان کەڵکمەندن بۆ نیشتمان و خێزانەکانتان. چەپڵە بەدەستێك لێ نادرێت کاکە نەبیل. ئەو پاش نیوەڕۆیەم بۆ وچانی مێشك و چاو و پێنووسەکەم تەرخان کردبوو. دانی ئێوارە درەنگانێ، بەماشینی خۆی گەیاندمییە (کەوکە یارقی) بەدووپاکەتی پیزەی تایبەتەوە. لە سەر پاکەتەکان دیمەنی قەڵاو مینارە بە هەوەسەوە پێ دەکەنین. ماڵەوە نزیك بوو، فەرمووم لێ کرد. نەبیل لە بەرکاروبار کڕینی کە مایەسی و پێداویستی ڕۆژی داهاتووی پیزەرییەکەی سلفی لێ داو دەستی چەپی بۆ ڕاوەشاندم. لە یەکدی دابڕاین.

لە ژوورەکەمدا، کە پێشتر ژووری شادمانی نۆبەرەمان بوو، پاش گەیشتنی هەورامانی هاوسەری بۆ (یۆتۆبۆری) ی سوێد. دوو ڕۆژ بەبێ ئەوەی قژەسەرم شانە بکەم، خەریکی پەڕە هەڵدانەوە و تۆمارکردن بووم. ئا ئەمێستاماوینەتە سەر: ئافتاوی هاوسەرم و کچێك و دوو کوڕ، سایە خان و هونەر و هێدی. بۆ ژەمی نیوەڕۆژان، یان شامەکانی ئێواران لە ئاشپەزەکەدا دایکی منداڵان دەنگی دەگەیەنێتە بەرگوێم. دەچمە سەردەست شۆرەکە. شەپێ ئاوی سارد بە چاو و ڕوومدا دەدەم، دەستەکانم وشك دەکەمەوە. هەرپێنجمان خاولی و دانشۆری خۆمان هەیە و بەڕەنگیان دەیاناسینەوە.

- چیت کرد. ئاشەکەت سارد دەبێتەوە.

ئێمە و منداڵانیش، لە قاپی جیاوازدا شیو دەخوێن.

ئەواهاتم . خەمی منت نەبێت کەیبانووی خاتوونم.

بێ دەنگ پارووەکانمان لەگەڵ ئەوانەی لە فێرگە گەڕابوونەوە جوی. دواتر پەرژامە نووسین. نەتوورێنی شەیپووری نەورەسان، نەزیقە و قغەی مەل و قەلەرەشان، لە کارەکەم سارد و سڕیان دەکردم، نەشمدەتوانی دەستبەرداری ئەسپی خۆشبەزی خامەی نێوان پەنجەکانی دەستی ڕاستم ببم. وەکو کەسێك تای لێ هاتبێت دەمنووسی. فرم بەژاوە بەژاو و هەراو هەنگامەی دەرەوە نەمابوو. ئاخر لە گوێمدا تیترواسکی خۆ شاهەنگ پەیتا پەیتا دەیچریکاند و ڕاست و ڕستری دەکردم. دەبێ زاتی خۆم بناسمەوە بەدەر لە هەوەسە نەوسنەکانی ناخ. ئەمەیشە هەژدە هەژدەر سەرفراز و زاڵی کردم بەسەر ئەو ترسەی هەمبوو لە عاست یەکەم لاپەڕەی سپی دا. بڕوا بفەرموو خوێنەری دەلال، ئەو لاپەڕەی بەراییی دەست پێکردنە؛ بەڵکو ڕستەی یەکەم، لەوەش وردتری بکەمەوە، وشەی ڕستەی نوای لاپەڕەی یەکەم، گوڕو تینم دەگوژمێنن هەست بە برسێتی لە ورگ و ڕیخۆڵەکان، هەستی فیزیکی بە ئازاری لەش لەو دەمە هەستەوەرییانەدا ناکەم. گاڤی واش ڕوویداوە، بەسەر ڕووپەلاندا سەرم شۆڕبووەتەوە و خەو باوەشی خۆی لێ کردوومەتەوە. لاپەڕەی دوایینیش بەگومانەوە بەندە؛ چونکە نازانم چۆنەکی دەکەوێتەوە. ئا لەم دۆخە سۆفیگەرییەدا، وشەکان لەخامەوە دەردەپەڕن، بوونی خۆیان، لە دەرەوەی مندا، لەلای تۆی هێژادا دەنوێنن. لە ئاوها کاتێکدا، لە پاش وەنەوز و سەرخەو شکاندنێك، هەست بەوزەیەك، بڕستێك دەکەم . ڕاست دەبمەوە

جمگەکانم چرکەیان لێوە دێت و چریکەی شادیهێنی تیترواسکم وەبیر دەخاتەوە، راستییەکەی هەست بە چریکاندنی ژوورەوەی خۆم دەکەم. لە سەر پەنجەی پێیەکانم روو لە ژووری خۆراك دەنێم. هەرچیم بەرچاو بکەوێ پەنیریان هەر بژییەك، بەساردی و لە سەرخۆ دەیجووم. پەنا بۆ چای و قاوە و کاکاو نابەم نەبادا خەوم بزڕێنن و هەتاکو گزنگی ئالوودەی بێداریم بکەن. لە شەوانی ئاوهادا، ناچمە سەر سیسەمی ژووری نووستن، لە ژوورەکەی تەکییەوە، کە رایەخی ئامادەی لێیە رادەکێشم. پێڵووەکانم دادەخەم بە ئومێدی پەریی خەو، لە باوەشی نەرم و نیانی خوێم بگرێت. ئەوەت لێ ناشارمەوە، کە ئەم دەقەی بەردەستت چوون موگنایس رام دەکێشێت و، ئارامی لێ هەڵگرتووم، کە هەرچی زووە بە ئاکامی بگەیەنم. ئەمە سەیر و سەمەرە نییە؟ پرۆسەی نووسینەکە پەلە تری بێت لە نووسەر. جەنابت سەرپشکیت چۆنەکی لێکی بدەیتەوە. خۆ.. تۆ خۆتی و منیش... منم، سەرەڕای ئەوەش، داوێکی زیوین و نەپساوەمان لە نێواندایە، گەرەکیشمە بتخەمە سەرباوەڕێك، کە دەکارم لە بازنەی خودیمەوە دەربچم و روو لە پێگەی بازنەیەکی فراوانی بێ مەرز بکەم. لە تەسکییەوە بۆ بەرینایەتیی گشتی. باس لەوان نەك لە خۆم و خێزانم بکەم، هەرچەندەش ئێمە پارێکی دابڕاو نین لەوان. چاك چاکم تێ بگە. ئەندامێکی هەستمەندم لە کەسگەلی خولگەکەم. ئەوان نەبن، ئەزیش نابم. بەبێ ئەوان لە ناو مەنجەڵێکی داخراودا بێهوودە دەخولێمەوە. هاوکێشەکە بەو جۆرە دایلێکتییە تەواوکەری یەکدین، ئەگەر یەك جەستەیی نەبن. دەخوازم لە گێتی و گەردوون بپەیڤم، لە ئاین و ئافریدەمەند، لە چرکەساتی سەرهەڵدان و زاینی ژیان لەم کۆ ئەستێرەیەماندا، تەنانەت لە تەنێکی هەرە چکۆلەی سەرە دەرزیلەوە تەقیوە و هەزار بگرە ملیۆنان کۆ ئەستێرەی وەکو(ڕێی کاکێشان)ی لە مەرخۆمانی لێ هاتووەتە هەبوونەوە. ئەدی خودی هەبوونەکە چ دەگەیەنێ لە بەرانبەر نەبوونە عەدەمەکەدا.

* * *

ئەوا لەسەر تەختەیەکی لاڕێی نشینگەکەمان ئۆقرەم گرتووە. کەش و هەوا بووژێنەرە، سەعاتێکم بۆ وچان و رامانی رۆژانەم تەرخان کردووە. ئەوەتا کیژ و لاوێك باوەشی سۆزیان لە یەکدی توند کردووە، وەکو ترسیان هەبێت لە هۆکارێك بیانپەرتێنێت. دەم لە ناو دەم بە

جووتێ کۆتر دەچن زاخاوی یەکتری بدەن. زمانی یەکدی بەنۆرە دەمژن. بێ ئاگان لە من و خولگە و کەون و کائینات. دەشێت ئەو جووتە بەخاڵی دەسپێکی بگبانگیانزانی بێت، یان لە ژیانە هەمووارکراوەکەوە چرکەساتەکان بەسەر دەبەن؟ ئەدی بەئاگان لەوەی زەلامێکی سەرووی تەمەن چل ساڵی، لە سروشتەکە و لە ئەڤینی ئەوان راماوە. ئەی دەزانن، ناوی هۆشەنگە و خێزانداره، لەوان لە سەرجەم گەردوون و گێتی دەکۆڵێتەوە، بە خێر و شەڕییەوە، بە جوانی قرێژییەوە، بەڕاستی و چەوتییەوە شەتەکیان دەدات. لە لایەکی دی هۆشی بووەتە تیتروڤاسك و چووەتە زێدی فرەدووری گەرمیانی میزۆپۆتامیاو لە ئاراپخا دێریندار نیشتووەتەوە چوون دوو جمکەی وێکچووی (تاوی)و هەم تەواوکەری یەکدی، یان بووەتە دیوی رووناك و دیوی تاریکی مانگ، کە لە سوورگەی یەکتردانە. ئەدی کێ ناڵێ ئەم جووتە ئەڤیندارە لە چڵەپۆپەی دڵداری و بەختیاریدا، خۆیان ناکوژن. ئەم لایەنە نائومێدی و رەشبینییەی. تیۆرێکی (فرۆید) بەڕوونی دەراندووە. دەگوێی لێ بگرە

(پێوەندییەکی نەپشکێندراو لە نێوان: غەریزەی ژیان و مەرگ دەبینم) ئەڵبەتە نیازی لە ژیان و مەرگ مرۆڤە. لەکن خۆمانیش، پاش نسکۆی برگەی ناوەندی ساڵانی حەفتاکاندا چەندین لاوی وشیار و گرووپی هەژاو، لە نائومێدیدا، بەخۆوە بە چەکەوە، بە نارنجۆك و ماین و باروتەوە خۆیان تەقاندەوە. ئەو دیاردەیە هەمان داوی نێوان غەریزەی ژیانمەرگەکەیە، کەوا خۆشەویستی لە پرێکدا رووپۆشی رك و کینە و بەدکاری، بەدرۆ بەکاڵای رەنگین دەپۆشێت.

ڕەنگە لێرەولەوێ ناو لە هەندێ کەسێتی نەنێم؛ چونکە ناوی (میدیا) یان (سمکۆ) چ لەبارودۆخەکە دەگۆڕێت. چی دەهاوێتە سەر، یان لێی کەم دەکاتەوە ئەوسا با عەلی لە جێگەی وەلیدا، یان خەجێ لە شوێنی هەرمێدا بێت. ئەوەی نکوولیی لێ ناکرێت، هێلکۆکەی مێیینە هەزاران ساڵ چاوەڕوانی سەرمێکوتەی ناو تۆواوی نێرینەی کردووە. لە رێی چێژ و خۆشیی میتکە و ختووکەی سەلکۆکەی زەکەرەوە، ئەو جووتە عاشقە و ماشقەیە لە ژوانگەی منداڵێکی گەرم و نیان و لینجدا بەیەك گەیشتوون. پێکەوەش گەرای ژیانی نۆژەنیان پیتاندووە. ئەم دینامیکییە لە گشت زیندەوەراندا هاوشێوە و

هاوڕووگە و ئامانجە، تەنانەت لە زیندەوەرانی بێ پەیکەری ئێسك و لە رووەکانیشدا، بەدووری نازانم، جۆرێك لە شێوەکانی چێژ هەبێت. ئەوە نییە کەڵ و نێران بەر لەکاری پیتاندنەکە سەمای چێژدار دەکەن خوێنەری زرنگم، بیر لە خۆ پڤدانی تاووس و قەلەموون، لە جووتە ماری ئاشقە و ماشقە و...تاد، بکەرەوە. خۆ ئەو دیاردە ئیرۆتیکی و شەهوەتبازییە لە رەگەزی مرۆڤدا بەرچاوییە.

لە جێگەی خۆم لە سەرتەختەکە چەقیبووم. شنەی بایەك لە ماڵانی نزیکەوە بۆنی وەنەوشە و ئۆرکیدی بەخۆرایی گەیاندە لووت و هەناسەم. بایەکی خۆشنوودی هەڵدەکێشم و هیوام بەژیانی سەر زەوی توندتر و پتر دەکاتەوە. گیانەکەم، جڵەوت بۆ هەرکامێکیان، مەبەستم لە ژیان و مردنەکەیە، شلبکەی؛ ئەوەی دیکە توندتر بۆلای خۆی راپێچت دەکات. دەبڵێ وانییە. مرۆی رەشبین و بەوەسواس و سووسە، لە لێواری گۆڕ نزیکتر دەبێتەوە. گەشبینان، مرۆڤدۆستان و عاشقان پتر دەئاڵێنە تۆڕی ژیانەوە، تەنیا لە بەسەرهاتی رۆژانەیان بیردەکەنەوە و بەس. دوای پڕوپووچ، دوای ئەودیوی فیزیکی لاڵ و دوای میتالۆژیای رەشتاڵ ناکەون. برێك پێیان وایە ئەم ژیانە سێبەری ژیانێکی جاویدانەی ترە. هەن لەو بڕوایەدان، کە تەنیا ئەمێستایی هەیە و هیچی تر. گرۆیەکی سێیەمیش ئەوانە بە سەراب و هیچگەرایی تێ دەگەن. ئەز ئێژم:

هەرچۆنێك بیر بکەینەوە، خۆ هەنووکە واهەین. ئەوجا ئەم ساتە هەنووکەییانە بۆ بە کامەرانی و ئازادی و ئاسوودەیی نەگوزەرێنی و نەگوزەرێنم، لەبری ئەوەی بیکەینە چڵکاوی مەنگی دڵەڕاوکە و رەوان ئاوارەیی و دەروون لێخنی ئەگەر بتەوێ و بمەوێ ئەوا ژیان لە هەر جێگیەکدا دەگونجێت، دەبیگونجێنە. زۆریش داوا مەکە وەکو بەندە. ئەوەی زۆری هەس، نەڕۆژی رۆژە و نەشەوی شەوە. بۆ خۆی ناژێت. بۆ تشتێکی دی تەمەن بەسەر دەبات، کە لە دەرەوەی خۆیەتی. بەلامەوە ئەمە تۆوی ژیانێکی لە بارە، مەبەستم لە قۆزتنەوەی خودی ژیانەکەیە، ئەگەر لە کێڵگەی ناختدا شینی بدەیت. ئالێرەوەش دەگەیتە بەهەشتی خۆکردی نێرڤانەییت پەلە مەکە، لە پارێکی دیکەدا لەو نێرڤانەیە دەگەی. ئیتر کەیفی خۆتە. بەندە بەم دیدەوە رووپەلانی رۆمانەکەم

دەنڤیسم، بەکتریا و ڤایرۆسی ئەو تۆش هەن، کە هەموومان تووشی سکچوون، تەنگەنەفەسی و پەسێوو... تاد؛ دەکەن ئەگەر هاتو درزی پەنجەرەمان لێ کردنەوە؛ بەڵام کە توند دات خست و ماوەی هەڵکوتانی ژوورەوەت لێ بەستن ئەوا لە زەرەر و گەندییان خۆت دەپارێزێت، نەخۆشییە سایکۆ ییپیەکانیش ئاوهانە. بەخۆت بەخۆم سەرپشکین چی بکەین. هەڵبەتە لە ئاکامەکە، بە ئەرێنی و نەرێنی دەوەستێت. ئیتر خۆت بناسە و خۆت ببە، نەك پاشکۆی ئەو و ئەم و من. بۆ رۆژی دوایی لە مەڕ تێڕمانەکەم لە سەر تەختەی رێڕەوەکەدا بڕیارم دا رۆژی شەممە بچینەوە رۆخی گۆلەکەی نزیکمان. ئەوەی حەز بە جڤاتی ئەوێندەرێ بکات، دیارە لە پێش وەختەوە پۆشاکی مەلەکردن و هەرچییەکی دەوێت لە قوژبنێکدا دای دەنێت، ئەوەشم بیر خستنەوە کە کرێمی دژە خۆر لەیاد نەکەن. ئەم گۆلەیان لە گۆلەکەی پێشوو بەرینتر و رۆخی خۆ رووت کردنەوە و مەلەوانیی هەیە و کەشتییەوانیی بەسەرەوەیە. ئاخر گەڕەکەکەمان (کەوکەیارڤی) بەناوی ئەو گۆلەوە ناونراوە. هەرچییان دەویست لە داری ماسیگرتن، تۆڕی پەپوولان راوکردن و گەمەی تر بە تەك فەرشێکی پلاستیك و کەرەستەی خۆ نقومکردنی ژێر ئاو و چووپی سەرئاویان دانا. بۆ بەیانییەکەی لە هەردوو پایسکلی دایکی و منیان بارکرد. پاش دەخولەك لە ژێر درەختێکی گەورەدا بارگەکەمان خست، نەبادا تینی رۆژەکە بێزارمان بکات. داڵدەی سێبەرەکەی بەشی هەمووماني کرد. لەو گوزەرەدا، بەسەر لمەوە وەکو ئەوانەی دەوروبەرمان پەرت بووینەوە. ئافتاو بەجلەکەیەوە شۆڕبووە ناو ئاوەکە. دوورنەکەوتەوە لەبەرئەوەی مەلەوانی چاك نەبوو لە لایەك و هێشتا شەرمی لە خۆ رووتکردنەوە نەشکابوو، پێم گوت: ئەمە دواجارتە بەجلکەوە بچیتە ئاوەوە، چاو لەو حەشیمەتە بکە . بزانە کەسێکی وەکو تۆ هەیە.

منیش بە خولگەی زارۆکاندا دووسێ جۆر مەلەم کرد، پشتەمەلە، باسکە مەلەو بۆقەمەلە. رەنگی مایۆ چادرەکان جوان و دڵگیر بوون. لەگەڵ ئاوە چۆیتی و ئاسمانە شینەکەدا لە دیدمدا گەلێك تەباو گونجاو بوون. هەندێك لە سەرلمە زەردباوەکەدا هەڵاژیابوون. برێکیان سەریان داپۆشیبوو، یان چاویلکە رەشەیان بەکارهێنابوو. ناو

بەناویش ئایس کریمیان دەمژی. کیژۆڵەی دیش وەکو مانیکان سوخمە و مایۆ پەکینییەکانیان نمایش دەکرد، بەناز و عیشوە و زەرافەتەوە تەراتێنی پڕ لەنجەیان دەکرد. ئەز سەرنجم خستبووە سەر سێبەر و شوێن پێیانی سەر لمەکە. کوڕێژگان بەسەر لمەکەدا دەگەوزانەدەوە. لە تەنکایی ئاوەکەشدا دووکچ و دوو کوڕ ئاویان دەپرژاندە سەر و گوێلاکی یەکتری و پێکەنینی بەرزیان دەگەیشتە لێواری بلاجەکە. بڕی پارەم دانێ بۆ ئایس کریم.

- بۆ ئێوەش؟ هونەر و هێدی پرسییان.

- بۆ دایە و بابەش بێنن، خۆ ئێمە لە ژنە عەرەبەکە نین.

ڕووی خەنداویم لە هەرسێکیان کرد. ماسیگرەکان بەژوور سەرمانەوە، تیشکی ڕۆژە بەتینەکە دەیکردنە چەقۆی بریسکەدار کە لە جەرگی ئاسمان بچەقن. ئەو دیمەنەم بەلاوە زۆر بەدەو و دڵگیرهاتە نوای چاوان. خۆزگە لێرە دەبووی شاعیر شیعرێکی نەورەسیت دەگۆت. باوەجوو، لەکن ئێوە تیتراواسك هەیە تیتراواسك. تۆ بچریکێنە و من دەتبیستم و منیش بە ئەزموونگەی تیتراواسکیدا تێ دەپەڕم و جوان جوان گوێبیستی چریکەکانم ببە گیانەکەم .

ئافتاو گیان، مرۆڤ واچاکە بێ ساوە ساوی، خۆی بهاوێتە چەقی دنیاوە، نەك پەراوێز بێت کەناراندا.

- باشتر بۆمی روون بکەرەوە هۆشەنگ گیان.

وشەی (گیان) بۆ لەش و ڕەوانی دۆستان و هاوسەران بەگوێرەی مێو و ڕۆنە خانە و سێلەکانی جەستەیی و هەم ناخان خاو دەکاتەوە.

- کە لێرەدا مەلەمان کرد و هاتینەدەر، با خەمی رابردوومان لە ناو ئاوەکەدا جێ بهێڵین. وا چاکتر نییە؟ ئافتاو، خاولییەکەی سەری دیوادیو کرد. بەشێنەیی گوتی:

- با.. چاکترە؛ بەڵام.. دەتوانین. کەس هەیە لە پێشووی خۆی دابڕێت؟

- گیانەکەم، مەبەستم لە دابڕان نەبوو، با وەکو هەین بژین.

سەر و ئایسکریمی خۆمان لە دەست منداڵان وەرگرت. زیقەزیقی باڵندان گوزەرەکەیان تەژی کردبوو. منیان خستەوە بیری تیتراواسکەوە. بەراوردم لە نێوان ئەم

چلێس و نەوسانەی ئێرە و ئەو باڵدارە هێمن و سەللارانەی  زێدەم کرد، مەگەر بۆ مەبەستێك بچریکێنن و خۆشی و ئومێدی بەگوێی بیسەرانیان بدەن. ئەم ماسیگرانە پشیلە کێوییی سفڵەن. خووی بەدنمەکییان گرتووە، کە هەمیشە خۆراك دەڕفێنن. سایە و هونەر و هێدی خۆیان  لە خاولی و بورنسی ڕەنگاوڕەنگ پێچابووەوە و ئایسکرییمان دەمژی. من حەزی مژینی زارۆکانەم نەبوو، بۆیە  ورد ورد لێوارەکەیم  دەکرتاند و لەناو دەومدا دەتوایەوە. لەم کاتەشدا ئاوەزم ئاڵۆزابووە، تۆڕی دووخاڵەوە، کە بەلامەوە گرنگن لەم تێکستەدا یەکەمینیان: بۆ مەشق و ڕاهێنانی دۆنایدۆن نەکەم و. پاشان بچمە کەولی تیتراوسکەوە. دووەمینیان: نووسەر هەست دەکات ئاخۆ واتای نووسەر بوونی ئەو چ دەگەیەنێت.

دەڵێن گوایا هەزار ساڵ جارێك خوداوەند لە دۆخی وەکو عیسای مەسیح، داود، بابە تاهیری هەمەدانی، ئیمامی عەلی و ئێلی بەگی جافدا خۆی دەجەستە بێنێت. ئەدی بۆ جارێك دۆنایدۆنی نەکرد بێتە دۆخی تیتراوسك و پەڕەسێلکان بە نموونە. بۆ نەشێت ئەز ببمە تیتراوسك و هۆمایانە بچمە گیانی (هەژار و پەخشان) و شەهیدانی خاك و سۆزدارانی نیشتمانەوە. گیزە گیزی مێشە هەنگێك لەو ئەندێشە خۆشەی دابڕیم. بەسەرماندا سووڕێکی خواردەوە.

- مەترسن پێوەتان نادات. ئێوە توخنی نەکەون.

بێ دەنگ چاویان بڕیبووە فڕگە بازنەیی مێشە هەنگەکە. لە ناکاو بەرز فڕی. ئەوانیش ئاستی بینینیان بڵندتر کرد هەتا لە چاوان بزربوو.

- ئەگەر پێوەبدات خۆشی دەمریت.

ئافتاو رووی لە سایە و هێدی و هونەربوو. منیش بەسەر ئەوەم بۆ سەلماندن. بیلبیلەی چاوانی منیش  نەوی بوونەوە.

- ئێستا بچن (ماریا) سوورە لە دەوەنانەوە خڕبکەنەوە. زۆر مزرو خۆشە، گێوژی ئێرەیە.

ئەو ماریایە لە گێوژ چکۆلانەترە، ئاڵ و ئاودارە. ئافتاو بۆ مرەبا دروستکردن دەیکرێت. لەم ئانەدا تەزوویەك بەسەرانسەری لەشمدا  تێ پەڕی و گەیشتە کاسەی سەرم.

* * *

(دەبێ لە نووسینی ئەم دەقەدا خۆم نەهاوێشتبێتە ناو تەڵەوە. (هەر دەنووسم و هێشتا سێ پارم تەواو نەکردووە. ئاخرکاکی خوێنەرم کەسی وای تێدایە، راگوزەرە وەك خاڵی کۆتای ئەم رستەیەم. بڕێکیش چوون جووتکەوانە، دەمێك دەردەکەون و ئیتر ئەمەیە کاری جوانی و کەسێتی ئەفراندن. کەسێتیش هەیە بەتایبەتی لەم تێکستەماندا پەڕندەیە؛ کەچی رەوانی هەیە و هەمیشە لە کاتی پێویستدا دەچریکێنێت. لە گەرمیان و کوێستاندا، لە هەڵەبجە و ئەنفالاندا سۆزناك چریکاندی. لە کۆڕەوەکەدا بەبان سەرمانەوە دەیچریکاند و بارانی دەباراند بۆ وەی بمانشواتەوە، بۆ وەی لە قڕێژیمان دابماڵێت. تیتراوسك... تیتراوسك. هاوسۆز و هاو ئەشکەنجە و هاو نوشستیمان بووی. سەبارەت بەهەرحاڵێك، ئەوەی دەیبینی و دەیبیستی لە توێی ئەم دەقەی بەرچاوت، دەرەنجامی خولگەی خۆیەتی.

ئەگەر بهاتبایە بەشێوەی زانستی لە کەسێتییەکانم بپێچابایەوە، ئەوا چەندین جۆریان دەبوو، وەکو: ١- لایەنی بایەلۆژی (بۆماوە + غوددەی دەرەقی). (کات و سەردەم) ٢- لایەنی جوگرافیایی (شوێن + کەشوهەوا) ٣- لایەنی مێژوویی (کات و سەردەم) ٤- لایەنی دەروونی، کە کەسانی خولگە کاری لێ دەکەن. لە لایەکی ترە، دەبووایە ئاماژەم بۆ جۆری هەڵکەوتەی دەرەنجامی ئەو خاڵانەی سەرەوە لە دروستکردنی کەسێتی: سادەیی توندوتیژ، کەسێتی ماسوشی چێژ لە خۆ ئازاردان وەرگر، کەسێتیی گەشبین و رەشبین، کەسێتیی بەگومان و گۆشەگیر کەسێتیی نێرگزیی خۆپەرست، کەسێتیی سایکۆپاتی چێژمەند لەخەم و ئەشکەنجەی خەڵکان و..هیتریش؛ وەلێ ئەمە دەقی رۆمانە نەك تیۆری سایکۆلۆژی و بواری زانست. دەشێت کەسێتیی کۆنەخواز و گۆڕانکاریش بخرێتە تەك هەڵکەوتەی ئەو کەسێتیانەوە.

بوونە تیتراوسکم (کنُ فیکون)ی قورئانی بەپیتی درەوشاوەی زیوین لە شەواندا دەخاتە دیدەمەوە. چەند شەوێك ئەو پەرچووە روویدا. دەبی لە (وحی مەحفوز)دا خۆیم پێشان

بدات. له دوایین شەودا بەخۆم گوت:(ئەوە سیٚ جارە، لەو دەمەدا هاتنە دی، کە نزیکەی حەوتەیەك بوو ئافتاو و منداڵان لە فڕۆکەخانەی ستۆکهۆڵمەوە چووبونە سەردانیی زیٚد.). درۆ پیٚ ناگریٚت. ئیدیۆمی نویٚیە بەکار دیٚنم بۆ ئەوەی (ژمارەیەك) نەڵیٚم لە جیاتی (نزیکەی حەوتەیەك). لە پاش قامك ژماردن ئەو ژمارەیە پووچ بکاتەوە، کە رۆژیٚك پاشتر بوو، یان پیٚشتر تەنیا، یان هیٚشتبم. ئەمە ئەگەر لە لای جڤاتی زۆرینە بەهەند وەرنەگیریٚ و بیٚ بایەخ بیٚت، ئەوا لەکن من بایەخدار و بەهەندیشی دەزانم؛ چونکە لەوەتی لیٚرەین، رەوتاری کاتژمیٚرەکەم سست و خاو دیٚتە بەر زەینم. ئەڵبەتە دەرفەتی پتر خویٚندنەوە و پاکنووسکردنی رووپەلانی بۆ رەخساندووم. شەوانیش، کە گلیٚنەی چاوان لە ساپیتە نزمکەی ژوورەکەم دەبڕم، هەستی ئەوتۆم بۆ دیٚت گوایا ماسییەکم، کە شەپۆلانی هار و شیٚت تووڕیان هەڵدامەتە سەر لاکەناریٚکی چەوین. لیٚ بەرجەستە دەکات. چاو دەبڕمە کەڤاڵی رووبەڕووم ئەوا کەشتییەکی سەتەکانی ناوەڕاست هیٚدی هیٚدی خەریکە ئۆقیانووسی هیٚمن دەبڕیٚت. ئاو و ئاسمان نقوومی جۆرەها تۆنی هاو ئاهەنگی شینن وەکو خولگەی نیشتەنییەکەمان لە چەندین تۆنی کەسك هەڵکیٚشراوە. دیمەنەکە هیٚمنی و ئارامی دەچوڕیٚنیٚتە چاو و رەوانمەوە، هاکا.. بەخۆم نەمزانی کەنگیٚ رایەڵبەندیی ئاگاییم ترازاندووە بۆ باوەشی رەهای خەونە دیودەرەکان. بەربەیانیش لەگەڵ کازیوە و گزنگ و ئاوازی رۆژیٚکی نویٚدا راست بوومەوە. وام بەخۆم هەستکرد لە لوولپیٚچی (کونیٚکی رەشە) وە دەرپەڕیبیٚتم بۆ ناو بازنەی وجوودەوە. بەخۆم گوت:(منی تیتراوسك، هەم. لە دەرەوەشمدا، هیچ و هیچەکان هەن).

ئەمن پیٚشتریش گوتمە، خویٚنەری هیٚژا:

(ڕەدووی رەوڕەوەی هەست و هۆشم کەوتووم.)

نەك بە زریزەکردن و کرۆنۆلۆژین رۆژگار و پانۆرامایەی رووداو. دووبارەی دەکەمەوە، هەروەکو چۆن هەندیٚ کەسیٚتیم نافیزیکین، تەنیا رەوانیان بەسەر دەکەمەوە لەسەر رووپەلاندا. چریك،. تیتر.. تیتر.. واسك.. چر.. تی واس. س. ئاخر براله ویٚژە و جوانی ملکی خویٚنەر و بینەرە، هەروەکو چۆن زمان جڵەوی بەدەستی ئاخیٚوەرەوەیە.

# ٤

گویّ بۆ رازەکەم رادێرە. هەرئێستا تاسەت دەشکێنم. دۆنایدونم بۆ ناو گیانی تیتراواسك ئەگەر بەسانایی وەربگریت، بێگومان لەو دۆخە رۆحییەم حالّی دەبیت. ئەم نوێبونەوەیەم گەشبینی و شادیهێنە، نە وەکو بەدگۆڕانەکەی (ك) ی کافکا)، کەڕەشبینی قیزەونی و خەمی لێوە دەچۆڕێت. لەلای ئەو، دابونەریت و خولگە، کەسی سەرەکی (ك) راودەنێت. بە پێچەوانە، من رووداو و کەسێتی دادگایی دەکەم. (کاف) بەرە و نەبوون چوون، منی هۆشەنگ روو لە هەبوونم.

(ڕوخساری چرۆی دا)

ڕستەیەکی پێش وەختە هانای بۆ دەبەم. کەمۆلەیەك وچان بگرە. لە کاتی خۆشی و شادیی ئاوهادا، سووڕی کات شل و خاو دەبێتەوە، بە پێجەوانەی دەمی گرژی و بشێوی. چاوانم پڕ لە واقوڕمان بوون، کە دەیان سالّ لەمەوبەر، روخسارە پاکیزەکەیم لە رۆخی حەوزەکەدا بەدی کرد. دێتەوە بیرت؟ چاکە. چاوەکانی تیشکیان دەپژاندە دەرەوە. لێوەکانی، کولّمەکانی، برۆکانی، ریش و سمێڵەکەی رەنگێکی فرەکالّ و تامێکی کالّ و شوێنەوارێکی کالّیان لە ژوورەوەمدا بۆ خۆیان کردەوە. ئا لەو ساوە، ئەو لاوە تیتراوسکە گەرای میتامۆر فۆسزەکەی لە ناخمدا ناشتووە. لێتی ناشارمەوە کە ئێستا کاتیّ هەستێکی نادیار هانی کۆتایی پێهێنانی ئەم تێکستەم دەدات و با ناباوانە، تەنیا سیّ پاری هەتیو لە خۆی بگرێت.

نووسین، دۆزینەوەی کەسێتیی شاردراوەی ناخمانە. بەوتەی (ئۆرهان پامۆك.) ئەمنیش رووەو ناوەوەی ناخی خۆم گەڕامەوە و گەشتکەرێك بووم، رابردووم، کردە ناسنامە و هەم

خواستم. ئا لەو چرکە ساتەدا بوو، زەنگەکەم ژنەفت، زۆر کورت و تیژ پەردەی گوێیەکانمی لەراندەوە. دانم بەخۆمدا گرت، بۆ وەی دڵنیابم لە دیوێکەوە چوون دیوی دراو دووپاتبوونەوە نەبێت. لە دیوێکی ترەوە، خۆدەزانیت و شارەزامی، کە لە پاش ئەفراندنی کاغەزینی بوونەوەرەکانم، رەهایان دەکەم لە رووپەلان بتروکێن. لێش دەگەڕێم بەخۆیان شێوازی ژیانی داهاتوویان بدۆزنەوە. راستە.. بەڵێ.. وەکو دەیانەوێ خۆیان بن. سەرفرازن ببنە تیتێرواسك ، یان تووتی و شەمشەمە کوێرە و کونە پەپوو. ژیانیان بگۆڕن وەکو گۆڕیم. ئەگەر.. نا.. دیارە هەر هەندەیان لەبارە. لاوە نیوسپی پۆشەکەم بینی. هەرچەندەش پەرتووکێکم بەدەستەوە بوو، خۆڵەکەوەیی تەمێکیش بەردیتنەی گرتبوو، (هەو بێت. هەو نەبێت رەنگە کوڕە.. کوڕە تیترواسکەکەیە، یان رەگەزپەرستیکە بۆ تۆقاندنم هاتبێت. دەرکەم داخست.) هەنووکە با واز لە دەرگەکەم بێنم. رستەیەکی بەراییم لە (من ناوم سوورە) خواستووە، لەو رۆمانە قەوارە گەورەیەدا، لە زارگۆی (زەریف ئەفەندی) یەوە کە دەڵێت:( ئێستا مردووم. تەرمەکەم لە قووڵایی بنی بیرێکدایە. دەمێکە دڵم لە پرتە پرت کەوتووە. دەمێکیشە دوا هەناسەم لێ بڕاوە) ئا گوورزە تیشکێك بووم، بێ سرتە بەرەو دەرگار کە چووم، وەکو گوتم تارای تەمێك بەرچاومی پۆشیبوو. ئەم مێروولە رەوتەم خۆشی و جەفەنگی سیرمۆنیی( هالۆوین) ی ساڵی پاری خستەوە بیرم. بە دەنگە دەنگ و پۆشاکە رۆمانسییە رەنگین و سەیروسەمەرەکانیان، بە دەمامك و پێتاوە ناباوەکانیان، بەسروودە دڵگیرەکانیان بۆتاراندنی مۆتکەی مەرگ و سێبەری خەمناکی، بەدەم سوپاسگوزاریان لە پێشوازیی فریشتەی ژیان و هاللولەیان بۆ خۆشنوودییەکانی تەمەن. دەرکەی باڵەخانەکەمان(inter come) ی نەبوو، بۆ ئاخافتن لە نێوانی هەردوو دیوی دەرگە، بۆیە ئەوەی بۆ دیدەنی و سەردانیمان بهاتبایە، دەبووایە پێشتر تەلیفۆنی بکردبایە وەکو بۆتە ئەتەکێت و باو. هەروەسا لە ئاستی چاوەوە، دەرگەکە تەلیسکۆپی نزیك خستنەوەی بۆ دانەمەزرێندرابوو، ئاخر هاموشۆکەرانمان لە پەنجەی دەستێك کەمتر بوون. زەنگی دەرگەکە زرینگایەوە. لە درزی خوارین، کە بۆ پۆستە و رێکلامی کۆمپانییە خۆراکی و پێداویستیماڵەکی چێ کرابوو، لەوێوە تەماشام کرد بەر لە لاونیو وازکردنەکە، هەڵبەتە لەو دەرزەوە تەنیا خوارینی کەسەکەم بینی. کراسێکی ئاودامانی سپی، پێ پەتی، ژن بوو، یان پیاو، بەتەواوی درکم پێ نەکرد دەنگێکی ناوازەم بیست .

(تۆ.. هانات.. بۆ نەبردم .. دەبیکەرەوە.. بۆ ئەوەی.. بتکەمە.. تیتر... واسك)

رستەکەی زۆر بەخاوی گوت. بەرچاوم لێڵ بوو، خۆ ئەوە پەردەی گوێچکەم ناوی تیترواسك لەم ئاوارەییەمدا دەژنەڤێت. لەکەسێکیشەوە، کە نایناسم. برالە تۆ بوویتایە دەرکەت واز دەکرد؟ یان پاش و پاش وردە سوورای و گوێت بەقسەی ئاوها نادا! بیکەمەوە.. نەیکەمەوە. لایەنی هۆشەکیم داوای کردنەوەی ناکرد؛ کەچی لایەنی سۆزەکیم بە پێچەوانەبوو. بڕیاری بیکەرەوە بەسەر مەیکەرەوەدا زاڵ بوو. درزێکی درێژ کۆڵانەکەم خستە لێواری شیپانەی دەرگەکەوە و بڕگەیەکی باریکی سەرتا پێی کەسە نامۆکەم دیت بەکراسە سپییەکەی و ریش و سمێڵە چوون بەفری یەکشەوە بوون.

ئەو لاچاوەی لێمەوە دیاربوو، پڕاوپڕی نم و مژ و تەڕایی بوو، دیارە بڕگەی ئەودیوی روخساری هەمان دراماتیك شێوەسازییە. راستییەکەی بەشێنەیی دەرکەم داخست. با ئەمەیان لێرە بوەستێ.

* * *

- تۆ ئەگەر خۆت بە چای خۆر دەزانی، وەرە وەکو مەردی مەردان، وەڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە.

عەدنان کاکەیی بە رووخۆشی و دڵ پڕ لە بەزەیی بەسەرتیپی دەڵۆیی گوت، ئێمەش دامانە پڕمەی پێکەنین و دەستمان بەورگمانەوە گرت. سەرتیپ پرسیارەکەی نەکردە تەڵەزگەیەك پێی عەدنانی پێوە بێت. تەنیا بۆ شۆخیی بوو. چاك وایە لەو دووکەسەی بارەگا ڤیچێك بپەیڤم. عەدنانیان زاییندەی (عەلی سەرا) ی باشووری کەرکووك بوو کەوا شەمەندەفەری بەغدای پێدا گوزەری دەکرد. هەرچەندەش لە تەمەنی دەساڵییەوە گوازتبوویانەوە بۆ گەڕەکی (شۆڕیجە). باوکی مەقەسچی بووە، بەڕۆژ ئاڵای سەوز و سووری بە ئاژێوەری شەمەندەفەران نیشان دەدا و، بەشەوانیش چرای نەوتی، کە دیوێکی سوور و دیوەکەی دیی شووشەی سەوزی پێوە بوو. هەرچی سەرتیپ بوو، ئەوا لە هۆزی دەلۆکانی لای خانەقین بوو. لە پۆلی دووەمی زمانی ئینگلیزی دەخوێند کەشانەکەیان لە بەغدا ئاشکرا دەبێت. ئیتر دەرفەتی هەڵاتنی بۆ دەسازێنن و هاکا پەنا

دەباتە لای چەکدارانی (بەمۆ). لەوێشەوە دەگاتە (شوانی سەرخاسە) ی لای ئێمە. عەدنان نەخوێندەوار بوو چای زۆر رەش و سەنگینی حەز لێ بوو هەمیشە بەتەك عەلییەوە بوو کە لە دەستەی خۆراك و چای دەمدەران کاری دەکرد، بەعەدنان چایخۆر دەناسرا. سەرتیپیش لە منداڵییەوە چای نەخواردبووەوە، بەسەرتیپی چای نەخۆر بانگ دەکرا. ئەگەر چاو و برۆی عەدنان گەش و هەڵۆیانە بوون. ئەوا عەدنان بە گوێرەی نەریتی کاکەییان هەرگیز گوێزانی نەدیبوو، بەپێچەوانەی سەرتیپ کە پاك دەیتاشی. ئێرە شایانی شەرەدەنووکیانە گوێ لە سەرتیپ بگرە.

- دەلاچۆ، تای سوێڵەکانت بە دوو ریشۆڵە دەکەن کە سەریان کردبێتە کونە لووتەکانتەوە. ها..ها..ها.. سەرتیپ دەوی لە عەدنان دەنا.

- ئەی ئەوەکەی تۆ کە بە ئەوە لووسەکەی مەلاژنی دەکات.

عەدنانیش پەرپەرچی مزری دەدایەوە. هەمووومان بە پشتدا دەشکاینەوە. سەرتیپ دەیگوتە: مووی لووتت نیوەی چایەکەت دەخۆنەوە. هێ.. هێ عەدنانیش ئاوها وەڵامی توندی دەدایەوە:

-ئەگەر مووی سوێڵم ئاو و چای بخۆنەوە، لچی جەنابت بەرژەنینی مێکوتی مەلا دەکەفێت. هۆ.. هۆ.. هۆ دووبارە کێل دەبووینەوە و ئاوی چاومان دەسڕییەوە. چەپڵەشمان بۆ وەڵامەکە گورج و زیرەکانەی عەدنان لێ دەدا. لەژێر سەرینەکەی سەرتیپدا هەمیشە پەرتووك هەبوو. ئەو رۆژەی زەردەخۆر بووایە چایی و نان و پێخورمان دەبردە ئاستانەی بنکەکە، کەوا دیواری بەرەوەیمان بەکەڵەکە چن هەڵبەستبوو. دەرگەکەشمان بەچەند گونییەی پێکەوە لکێندرا و دادەخست بۆ شاردنەوەی لە چاوی نەیاران و فڕۆکەوانان. بەزم و پێکەنینمان بەو دووکەسە رۆحخۆشە ساکار و دڵگەورەیە دەرچوو بوو.

- پرسیارت هەبوو، دەی دەبزانم چ قەندێك دەشکێنیت. دەنگی عەدنان کاکەیی چایخۆر ئاراستەی سەرتیپ دەڵۆیی چاینەخۆر بوو، پاش ئەوەی چاوی من و ئەوانەی لەوێ بوون دا قرپاند. سەرتیپ خۆی گورج کردو دەمی تێ ژەند.

- خۆت بە یەکەمی چایخۆران دەزانێت، باشە بابزانین مانای ئیستیکان چییە، کە چای لێوە خویتەوە؟

پاش پرسیارەکەی دەمی قڕوقەپ نووقاند و چاوی بە هەمواندا گێڕا. دەبووایە بێژم سەرپاکمان لەو بنکەیەدا بەکۆپی فافۆنی قولفەدار ژەمە چایەکانمان دەخواردەوە؛ عەدنان نەبێت. دایکی پیاڵە و ژێر پیاڵە و کەوچکێکی جوانی بۆ هەناردبوو، لەوکاتەی بە دزیی چاوانی دەستەڵاتەوە، دەهاتە سەردانی و لە (کلاو قوت)ی حەمە سوورییەکان بەیەکتر شاد دەبوونەوە. بۆ ئەو چەند رۆژەی لەوێ دەمایەوە، ئازوقەی چاکم بۆماڵە خانە خۆییەکەیان دەنارد. هەمان شتم لەگەڵ گشت پێشمەرگان دەکرد لە کاتی هاتنی کەسوکاریاندا. دەبووایە ئەوەش لەیاد نەکەم، لەبەر چاوکزی و رێویلەیی، تەنی سەرتیپ، کاری کۆکردنەوەی دانەوێڵەم لەو ناوچەیە پێ سپاردبوو. لە گوندی (یاروەلی) یەوە هەتا نزیکی (گۆپتەپەی) و (چەمی رێزان). لە جادەی ئاقاری چەمچەماڵەوەش هەتا سنووری بنکەی (حوشترمل)ی شیوە سووری لای (خاڵخالان) هەڵبەتە دوو هاوکاری هەبوون، خولە و مامەند کە ئەوانیش لەبەر تەمەنیان ئەو کارە سووکەم لە ئەستۆ نابوون. عەدنان، لەبەر ئەوەی گۆشتن و کەڵەگەت بوو، هەم تۆزێك بە تەمەن و ئێشی ئەژنۆشی هەبوو، وام بە پەسەند زانی بوو بیکەمە سەر دەستەی کۆکردنەوەی سووتەمەنی، لە پشقل و شیاکە، بۆ فڕن و چێشتخانەی بارەگا، بۆیە لە پاڵ ناو و ناتۆرەی چای خۆری ناوێکی تریان لێ نابوو (سەر پەلی پشقلێ)، بەوەش مۆن و تووڕە نەدەبوو، شانازیی پێوە دەکرد کە بۆ شۆڕش و نیشتمانی دەکات. تەنیا یەك رواڵەتی دەرەکیی ئەو دوو سەر پەلی ئازووقە و سەرپەلی سووتەمەنییەی لە یەکتر جیا دەکردنەوە، هۆردووکیان وەکو ئێمەی پێشمەرگە سەر رووت، یان جامەدانییان نەدەبەستا، بەڵکو مشکیی جافانەیان دەکردە مێزەر بەجیاوازی رەنگ و ریشوو. میلمیلی مشکییەکەی عەدنان رەش و خۆڵەمێشی بوون، رەشێکی خەڵووزین و خۆڵەمێشییەکی زیوین. ریشووەکانی هۆندرابوونەوە لەلایەن دایکە بێوەژنەکەی. میلمیلی هەورییەکەی سەرتیپ سەوزێکی تێرو سوورێکی دەنکە هەنارەی بوون هەندە جوان تێلاکی بەری پێشەوەی پێ دەشاردەوە. ریشۆوەکانی نەهۆندرابوونەوە. ئەگەر کەیفی سازبووایە عەدنان ئەوا دەچووە کڵێشەی سەرتیپیەوە و بزەی دەکردە پەپوولەی سەر لێوی.

- بۆنایەی مشکییەکەمان بگۆڕینەوە، سوور و سەوز بەڕەش و خۆڵەکەوەیی ئاڵشت بکەین؟

سەرتیپ نەدەهەژا و قەڵس نابوو، لەسەرخۆ دەیگۆتیێ:

- بەو مەرجەی تۆزێکیش لە مێشکمان بگۆڕینەوە.

عەدنان دەحەپەسا و دەیپرسی: چۆن، مشکی و گۆرەوی و نیوکولآت، تەنانەت سەعات و دەمانچە و تفەنگیش دەگۆڕدرێنەوە، ئەی مێشك، بێ پەروا، هێدی هێدی وەڵامی لە سەرتیپەوە دەبیست. بەڕووی گەشەوە دەیگۆ: ئاسانە براگەی خۆم بەوەی فێری خوێندنت بکەم، تۆ.. سەر و بۆر، ژێر و زەنە لێك جودا ناکەیتەوە وانییە؟ خۆ هەرچەندە عەدنان نەیدەزانی بۆر چییە و نە سەر و ژێر زەنەی بیستبوو، بێ سرەوت لێوانی بەش کرد.

- لەیڕۆوە زوویتر نییە، قوڕوانت بم، بەم کەللە سەرە پووکەم ئێژم: نەخوێندەواری عەینەن کوێرییە. لەو دانیشتنەوە، هەڵبەتە بەهاندان و ئاسانکردنی بەندە، سەرتیپ زۆر بە جەختەوە دەست پێشکەریی کردنەوەی پۆلێکی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواریی کرد و چەندانی فێری ئەلفوبێ و مەراقی خوێندن کرد، بەرلەوەی شۆڕش بڕیاری کردنەوەی فێرگە لە شوێنە دوورە دەستەکانی دەسەڵات بکاتەوە. پاش سەرکەوتنی کۆرسەکەی سەرتیپ، دوو دیاردەی جوان سەرنجی لقەکەی راکێشا.

یەکەمیان: پەنجا فیشەکم بە دەرچووی یەکەمی خولەکە بەخشی. بە دووەم چل فیشەك و بە سێیەم سێ فیشەك.

دووەمیان: کە بەبیرماندا نەدەهات، کاکە سەرتیپ مشکییە سوور و سەوزەکەی پێشکێش کردە کاك عەدنانی یەکەم دەرچوو. ئەویش لەگەڵ چەپڵەیەکی ئێمەدا هەورییەکی رەش و خۆڵەمێشییەکەی بەخشییە سەرتیپی مامۆستای. یەکتریان بەگەرموگوڕی، بەئەوپەڕی دڵسۆزییەوە ماچ کرد.

-دەفەرموو، مامۆستا و سەرپەلی گەنم و جۆ، لەی خۆرەتاوەدا پرسیارەکەت هەڵبخە، بابزانم چییە.

بەو پرسیارەی، عەدنان کاکەیی هانی سەرتیپی دەلۆیی دا لەمەڕ پرسیارێك پێشتر ئاماژەی بۆ کردبوو. ئەوەی شایانی گوتنە، کەسیان لە پاش ملەی ئەوی تر گلەیی و

پلار و ناجۆریی نەدەگوت، مشتومڕیان تەنیا بۆ دەمبازی و بەزم بوو، هیچی تر، کە سەربەقوڕیان دەهێنایە پێکەنین. بە کوڵی دڵەوە گوتی:

- بەڵێ سەرپەلی پشقل و تەپاڵە وەکو گوتم ئیست... تی.. کان، کە چای تێدا دەخۆیتەوە، چۆن وەکی مەردی مەردان لێکی دەدەیتەوە؟

وشەی ئیستیکانی لەسەرخۆ بەسێ بڕگە کەرتاند. خۆ هەرچەندەش چاوی لە عەدنان بڕیبوو، وەکی دی رووی دەمی لە هەمووان بوو. بەرلەوەی کە عەدنان بێتە خۆی، من گوتمە سەرتیپ: یەکەم، ئەم پرسیارەت چ وابەستەیەکی بەمەردی مەردان و نامەردانیشەوە هەیە؟

دووەم: پرسیارەکەت ئاراستەی گەشتمانە نەك تەنیا کاکە عەدنان..

عەدنان بە نیوە سوعبەتێکەوە، چاوە گشەکانی لە دوڕ چاوە کزەکانی سەرتیپ پڕی و بە تەوسەوە گوتی:

- توخوا ئەوە پرسیارە لە منی دەکەیت. ئاخر، برایەل.

نەخوێندەواری و کوێریی زگماك چوون یەکن؟ دەبێژن (عەدە) راست نایەژێ.

- منیش، نەخاسمە بێ سەوادێك، وەڵامی ئەم پرسیارەتم لە لا نییە کاك سەرتیپ گیان.

هەنگی پاش هەڵوەسەیەکی کورت گوتمەوە:

- دەجەنابت پێمان بڵێ و پاداشتت کتێبێکە. لە جانتاکەمەوە پەرتووکێکم لەمەڕ گێڤاراوە دەرهێنا. سەرتیپ رووی بووە پەڕەی گوڵە باخ. قوڕگی خاوین کردەوە.

- راستییەکەی خوێندوومەتەوە، کاك هۆشەنگ، کە ئینگلیزەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا، سەربازی گورگە و سیخی هیندییان لەگەڵدا بوون، ئەمانە چاویان لە جۆرە پیاڵەیەك دەخواردەوە، کە هەتا ئەوسا، لە خۆیان بەولاوە کەس نەیدیتبوو. یەك لە ئینگلیزەکان لە سەربازێکی دوو

پلیتەی هیندی دەپرسێت (ئەمە چییە؟) ئەویش دەڵێت: (east..tea..can)

واتا: بادەی چای رۆژهەڵاتی بۆ ئەوەی لە کووپی رۆژئاوایی جودای بکاتەوە.

لەوانە بوو، عەدنان لە ناخگۆییدا گوتبێتی: کۆسە بۆ ریش چوو، مووی سوێڵ و ریشە تەنکەکەشی لە دەست دا زوو گوتم:

- دیاره لەو دەمانەوە، ئیست. تی. کان کەوتۆتە سەرزاری کوردەواریش. فەرموو ئەم پەرتووکەت پیرۆزبێت. ئافەرین بۆ وردە سەرنجەکانت.

چەپڵەیان کوتا و نێوچاوانیم ماچ کرد. عەدنان لە جێگەی خۆی سڕ بوو... داما. لەوانە شبوو، تەقەی سەری هاتبێت لەو وشە ئینگلیزییانە، بۆیە بۆ تاراندنی سڕی و دامانەکەی، رووی زارم لێ کرد.

- ئێستا برای خۆشەویستی کاکەییمان گوێ چاك بگرە.

(ئیست) واتای رۆژهەڵات دەدا، کە ئێمەی کلۆڵی تێدا چەکمان بەشانەوەیە.(تی)، یەعنی ئەو چایەی وا بەخەست و خۆڵی نۆشی گیانی دەکەی.(کان) یش بە ئینگلیزی بە پیاڵە و هەردەفرێك دەگوترێت،

ئەمجارە بۆ پێکەنین سەرتیپ گوتی: تێ گەیشتنی، یان جووت باقییەی بکەمەوە. عەدنان بە پێکەنینەوە: ماڵ ئاوەدان. ئیستیکانت لێم کردە کەوش و کڵاش. خەریکی جووت باقی کردنیت. ها، ها، ها.

هەمدیسان خەنداینەوە. هەرچەندەش عەدنان سەری سوڕمابوو. وەڵی لەوە بەولاوە متەقی نەکرد. ئا لەو دەمەدا تیتراوسکێك زۆر نەوی بەسەرماندا جارێك و دووان خولایەوە چریکاندی. هەڤاڵانم راگەیاند کە هەرچی زووە فریا کەون ئەو تیتراوسکە هەبێ و نەبێ مژدەی بارانی پێیە چێشتلێنەرەکەمان دەمی کردەوە: تیتراوسکە کە دەچێتە کن هەڤاڵانی و بەگشتیانەوە گەواڵە هەورێك رادەکێشنە عاسمانی بان سەرمان. عەدنان زمانی خۆی دۆزییەوە. بە تەوس و دەمە لاقرتێ بەرسڤی ئاشپەزی دایەوە: بۆ ئەو تیتراوسکە حەیاتە پێمان نایەژێت خۆتان خڕ بکەنەوە ئەوا شیمانەی گێژەڵۆکەی لەشکر و جاش بەڕێوەن ها..

هەرچۆنێك بێت ئامبازی هۆردووك بووین. پاش نەرمەبارانێك چوکلێتەنامەم لە عەریف حەسەنی سەرلقەوە پێ گەیشت کەوا پەرچی هاشاوڵی جاش و لەشکریان نەبەردانە داوەتەوە و ملشۆڕیان کردوون، پاشە و پاش بگەڕێنەوە موڵگەکانیان. یازدە تەرمیان لە نزیکی چیمەنی گەورە جێ هێشتبوو. لە خۆشمان برینداریکی سووکەزام

هەبوو. لە پاشکۆی نامە پێچراوەکەیدا، هاوار و هۆسەی ئەو هۆزانانەی (حەویجە) ی بۆ مەبەستی تالآن و برۆ، بە پاشەڵی سوپاوە بوون، نووسیبوو

(ئیحنە لعەرەب ئەهل غیرە... مەنخەلی لکراد بهەلدیرە)

ئاوها مێشکی شێخە دەرەبەگەکانی (عوبێد) و (جبور) و خوارووریان شۆردەبووەوە؛ کەچی لە سەرەتای ساڵانی بیستدا، شێخ بە هانای (ئەلتۆپ ئەحسەن لۆ مگواری) یەوە چوو، لەو هاودەنگییەش قوربانیی داوە، لە ناوەندی ساڵانی سییەکانیشدا بەرەزامەندیی شێخی گەورە لە بیابانی حەویجە جێنشین کرابوون. ئاوها پاساوی رژدی ئێمەی نەوەی شێخیان دەدایەوە. سەرتیپ. کە چەندجار گوێی لەو قسانەم گرتبوو، دواین جار هەڵوەستەی کردو بەرپەرچی دامەوە.

- کاك هۆشەنگ زۆر دروستە و نکوولیم لەو فریا گوزارییەی شێخ نییە؛ بەڵام هەڤاڵی بەرێز، چۆن مافی ئەو زەوی بەخشینە حەویجەی دا کە ئەورۆ دەرەنجامەکەی بەچاوی خۆمان دەبینین؟ هەڵوەستەیەکی کرد و گۆشەنیگای خۆی تەواوکرد.

-لە پاشەرۆژیشدا دەبێتە کێشە و تەگەرەی نەتەوەییمان. هەرچەندە لە دڵەوە هەراسان نەبووم، بەڵکو بۆچوونەکەیم بە شرۆڤەی زانستی زانی؛ بەڵام زۆر بە نەرمی رستەکانم دەراند.

- سەرتیپ گیان، ئەوە لە سەروبەندی خۆیدا بووە تەواو.

ڕەنگە بەرێنماییی حکوومەتی فەیسەڵی یەکەم و بەپەنجەتێوەردانی (مەندوبی سامی) ی ئینگلیز بووبێت. بە هەرحاڵ ئێمە دەردی هەڵەکانی ئەوسا دەچێژین.

ئەو، بەزەردەخەنەوە لێوانی تەڕ کردن، پاش ئەوەی دەستەکانی هەڵگلۆفت و تفێکی قووت دا.

- لەوانەیە، لە پاداشتی سەرفرازی و گەڕاندنەوەکەی بووبێت لە دوورگەی (سەرەندیب).

دەسبەجێ عەدنانی کاکەیی، ئامبازی سەرتیپی دەلۆیی بوو.

- چی. چی، دوورگەی....چی؟ پێم بێژە، لە نواوە دوورگە چییە و ئەوسا ناوەکەیم بەگوێدابدە، سەرپەلی دانەوێڵەی عەزیزی چاینە خۆر.

سەرتیپیش لە پاڵ نەرمە پلاری خۆیەوە گورجوگۆڵ هاتە گوتن.
وشەکانی پڕ لە میهر و بەزەییبوون.
- وەسەر دییەکانم کاکە برای سەرپەلی سووتەمەنی و چایخۆری بەڕێز. دوورگە، ئەو عەردەیە کە دەوران دەوری ئاو بێت لە ناو زەریادا.
عەرزت بکەم، دەبێژە جەزیرە و لە کورتی بیبوڕەوە. عەدنان خۆی هەڵقورتاند و سەرتیپی سەراسیما کرد، هەم واشیکرد دەمی پێ بکاتەوە.
دەمخۆش. سەرەندیبەکەش، دورگەی (سیلان)ی ئەمڕۆمانە. ئا سریلانکشی پێ دەوترێت.
عەدنان خۆی پێڕام نەکرا. بڕۆکانی لە یەکدی نزیك بوونەوە و خێرا زمانی گۆی کرد.
- بەم سەرە، نەسەرن تیپم بیستگەو، نەسەیرانەکەت.
- سەرەنتیپ نا.. سەرەندیب. سیلان نەك سەیران. خۆ شێخیان بۆ سەیران و گەشت نەبردبوو، برام، قوڵبەست کرابوو بۆ ئەو دوورگەیەی خوارینی هیندستان.
کاك عەدنان تێلەچاوێکی خێواندە کاك سەرتیپ و دەستێکی سۆزناکی بە سمێڵە قەوی و بابڕەکەیدا هێنا.
- براکەم ئەوە بۆ خەندە و سوحبەت بوو. ئەو شوێنەی گەڵا چای سەیلانی لێوە تێرن.. نا. دەبێژە عەدە هیچ نازانێت. وەڵامی لەسەرتیپەوە نەبیست. ئەویش نیگای چەسپاندە پیاڵەکە و پەرژایە خواردنەوەی چایە پڕ ڕەنگەکەی. هەندەی باڵی مێشێك قەندی خستە سەر زمانی و چایەکەی بەدوو سێ فڕ لە ژێر پیاڵەکەوە بە سەردا کرد. خپ و ئاسوودە بوو. لەژێر لێوەش نەرم نەرم گوتی:
(نەخوێندەواری زوڵماتە) چونکی بەتەکمەوە بوو، تەنیا منی لێپرسی سیاسیی بارەگا پەردەی گوێم بە ئاستەم لە ڕستەکەی لەرایەوە و بەس. ئەودەمە، تیشکی خۆری چێشتەنگاو، درەنگە سێبەری شینباوی تەڵخی بەدار و دەوەن و بنچەکان بەخشیبوو. رووبەری ئاوی جۆگەلەکە دەبریسکایەوە. شنەبایەك دەرفەتی بۆ لوواوکە گەڵا وردیلەکان نەرم نەرم بشنێنێتەوە. لەولاوەش قالۆنچەیەکی تێکۆشەر جەختی دەکرد، خڕە شیاکەیەك پاڵ پێوەنێ بەرەو لێژاییەك. سەیرە. چەند جار تێبینیم کردووە، لە هەورازەوە خۆی بەو تۆپەڵە شیاکەیەوە دەگرێت و پێکەوە نشێو دەبنەوە. ئەوسا ئێستاش لەو باوەڕەدام،

هیچ کەس لە سەرکردە و سیاسەتوان، یان هیچ پارتێك مافی ئەوەیان نییە، لە جیاتی میللەتەکەمان پەیمان و ڕێککەوتننامەی چارەنووسی واژۆ بکەن بۆ ئەوەی نەکو لە هێڵی ستراتیژی نەتەوەیی سمکۆڵ بدەن و دۆزەکان هەڵبزرکێنن. ئاخر چۆن یادەوەرییەکانم لە بیردا کاڵ ببنەوە. چۆنیش ئەویادەوەرییانە کارنەکەنە ئێستا و لەمەودوام. جووتێ پرسیارە لە خۆمی دەکەم. تۆش لە خۆتی بکە. خوێنەری بە ئەمەکم، ئەوسای شەوی ئەنگوستەچاو ڕەشماڵەکەی نزم نزمتر دەکردەوە، من لە ناخمدا مژوولی کەویکردنی تیتراوسکی خۆم بووم. دەزانی بۆ؟ ئا.. بۆ ئەوەی.. لە نزیکەوە وردە سەرنج بخێوێنمە باڵ و دەنووك و چاوە تیژەکانی. ئەمەم لە دڵ دامایەوە، هەتا شەوێك لە خەونمدا تیتراوسکێکی جوانکیلەم هەبوو. نازانم چۆن خولیام کەوتە سەر، کە سکی هەڵبدڕم بۆ ئەوەی بزانم چیی تێدایە. ئیتر خەونە دەیگێڕمەوە. سیکارتێکی بچووك و تیژم بۆ ئەو نیازە بەکارهێنا. هەر لەگەڵ ڕۆچوونی تیغی سیکارتەکەدا، بەوە بچێت لەشی مەشکۆڵە بێت، بەخۆر ئاوە چۆڕەی کرد. بەدەستیشمەوە تەنیا کەولێکی تەنکی شلۆشاو مایەوە. لەو کارە پەلە و ناجۆرەم، لەو سەرکێشییەم پەژیوان بوومەوە، وەکو بەدەستی خۆم ورگی خۆم هەڵدڕیبێت، بەڵام لە پاش چی. لە حەژبەتی کلپەی پەژارە و پشێویی ناخەکیم بێداربوومەوە. دەی وەرە ئەم خەونەم بۆ تەئویل بکە. بەخوێنی شەهیدان، سەری لێ دەرناکەم، مەگەر فرۆید و یونگ و ئەدلەر بەهانامانەوە بێن. هەنووکە دڵنیام، کە چۆن ناوم هۆشەنگە و تۆم هەمیشە لە گەڵدای، ئاوها ژیانەکەمان بیرەوەری و ڕابردووی بەسەرماندا سەپاندووە. لە تەکمانیشدایە بەرەو داهاتوو. چاك ئەوە بزانە، ئەو بیرەوەرییانەم فۆتۆکۆپی ناکەم، بەڵکو لێیان هەڵدەبژێرم، بۆیە پچڕ پچڕن و کرۆنۆلۆژییانە نایێنە ناو دەقەکەوە. ئەمەش بۆ ئەوە چاکە تاوێك هۆکارو گۆڕی گۆڕانیان تێدا بکرێت و هەم دادگایی بکرێن.. دەشێ؟ بۆ ناشێ. ئەوەی ناجۆر و ناشیاوە، بە جەنابت و بەمن سوڕگومی دەکەین. ئەوەشی کاکڵ و بایەخدارە تۆماری دەکەین. براله، سروشتی هونەر ئەمە دەخوازێت. ئەز، نەسیاسەت دەنووسم و نە کۆمەڵایەتی. نەدیرۆك تۆماردەکەم و نە ئابووری. نە ئاینم مەبەستە و نەرەوشتکاریم نیازە. نە پاڵەوان دروست دەکەم و نە بانگۆ و ڕێکلام بۆ ئایدیۆلۆژیا پەخش دەکەمەوە. تەنیا دەهونەرێنم و بەس. کوڕی بابم، ئاخر لە نێوان گرمەی تۆپباران و زرمەی تانکدا، چۆن دەنگی ئاوەزو لۆژێك دەبیسترێت. ئەوانە تەنیا بنەما و کەرەستەی خاون بۆ سیمای دارڕشتنەکانم. لە خوێندنەوەیەکی دیکەدا ئەم دەقە دەلوێ سێبەری ئەو شتانەیان بەسەرەوە هەبێت، ئەوەش بەگوێرەی

خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی جەنابت و ئەو و ئەوانی تر ئەو فەرموودانەی سەرەوە، لە چریکەی چەندین تیترواسکەوە قۆزتوومن. ئیتر باوەڕت پێیەتی، یان نا. کاری بەمنەوە نییە. خۆ شایستەی وتنمە، کە راستییەك بخەمە دید و هۆشت، ئەویش هەر چەندە درەخت گەورە و بەرز هەڵچوو، ئەوەندەش لە ناخی زەویدا رەگ و ریشاڵی دادەکوتێت. ئەمە هاوکێشەی بن و بانی درەحتانە چ جای مرۆڤ، کە بەزێدەکەیەوە پێ بەندە. دەی ئەمە جوداوازە لە تێربوونی ئارەزووەکانمان.

* * *

لێواری گوڵە درێژ و هەرە فراوانەکەی (ڤینکان لاهتی) کە شاری (تامپری) دەکەرتێنێ، هاوینان دەکرێتە جێی گولفرۆشی و سەوزە و قاوەخانە و هەمبەرگەری دوو سێ دوکانی گەرۆك لە لایەن شارەدارییەوە. تەختەش هەیە بۆ ئەوانەی دەڕواننە کەشتییە لەنگەرهاویشتووە رەنگاوڕەنگەکان. بەولاوە کۆشکێك هەیە بۆ کڕینی بلیتی دورگەی (ڤیکنساری) شەقامی سەرەکیی (هەمێنکاتو) هەردو و بەشی شارە چارەکە ملیۆنییەکە، پێکەوە دەبەستێ و چوار پەیکەری برۆنزی شەنگار لێ نیشتووش بەسەر دیواری ئەم لاو ئەو لای پردەکەوەن. ئاوەکە رەنگ و شێوەکانی دەدایەوە. ئێمە پەڕینەوە بۆ شەقامە بەرینەکەی (هەتانپا ڤاڵتا). دیدی پانوراییم سووراندەوە. گولاوی ژێر پردە تاك کەوانەییەکە، سێبەری باڵەخان و پاس و درەختەکانی بەسەرمەقولاتی، بەگۆڕاو و نەگۆڕاوەکان، رەنگ دەدایەوە؛ وێنەی کەوانە پردەکە و پەیکەر و باڵەخانە و قەدی درەختان جێگیر و نەگۆڕا و بوون، مەگەر بایەکی توند پەلك و چڵی باریکی دارەکانی بلەراندبایەوە. وێنەی پاس و هەور و پاسکیل سوارانی شۆستەکە هەمیشە دەگۆڕان. باڵندەیەکی گەرۆك بەسەر پەیکەرێکی پردەکەی، کە بێچووە ورچێکی هەڵگرتووە هەڵنیشتبوو، رەنگە کۆتر، یان نەوڕەس بێت، ئەی بۆ تیترواسك نەبێت. دڵی خۆم خۆش کرد. باران ناباریت، گەشتەکەمان بشێوێنێ. لێرە دەگوترێ: (بە دوو شت باوەڕ مەکە. ژن و کەشوهەوا). بێگومان ئەوە وێژەرێکی تەمەڵی نێرینە بۆ ژنە نازدار و کاراکانی هەڵبەستووە. بڕوا بکە بەبێ هیچ مەبەسێك هاتە سەر زمانم. وەك ئێژن وشە وشە رادەکێشێت، بۆیە ئۆباڵی دەخەمە سەردەمەوەری. پەیکەری کوڕێژگەی فلووتژەن لە نزیکمانەوە بۆ بەرخۆڵەکەی و سروشتەکە دەژەنێت. چەندین فۆتۆم لە نێوان ئەم شوانە قنجە و بەرخۆڵەکەی گرتووە. ئەو لاتر،

نووسینگەی ئینفۆرمەیشن (I)ی شارە. لە پشتیەوە هوتیلی فرەنهۆمی (سۆکۆس) بە ئاسماندا چووە. لەم شارێیەوە پاش دووسێ خولەك دەگاتە نەخۆشخانەی (هەتانپا) کە ئافتاوی تێدا نەشتەرگەریی زراو کرا، تەرمینالێی پاسی دەرەوەی شار و هەم پۆلیسخانە، بەرانبەر بە یەکتری لە سەر ئەم شەقامەدان. لە مەکۆی شارەوە بۆ دوورگەی سەیران و گەشت و گوزارییەکە، نزیکەی بیست خولەکێکە. لەگەڵ ئافتاو هەم ژی برێ خێزانی خۆمانی چووینە ناوسکی کەشتیی (تامیر) ەوە ئەمە سێیەم دەرچوونی هاوینەمانە، ئەمجارە منداڵەکان لەبەر هۆگریی وەرزش و چەند هۆیەکی تر نەهاتبوون. رۆژی بیستەمی مانگی جۆزەردان بوو کە بەرۆژی (یوهاننووس) ناسراوە. دەکاتە یەکەم رۆژی سەرەتایی هاوین. چریك. چریك.. تیتر.. تیتر. واسك.. واسك. چر.. تی.. واس..س .

# ٥

نهۆمی ناواخنی کەشتییەکە دەیان کورسی و مێزی لێیە. نهۆمی بانەوەش کراوەیە و دیسان کورسی بۆ کەسانێك ڕیزکراون، کە حەزیان لە بای دەرەکی و والحی دیمەنگەلی ئەو سەدان دوورگانەن، کە کەشتییەکە لێیانەوە نزیك دەبێتەوە. زۆرینەیان ڕابواردنگە و جێنشین نین، تەنیا کەلَك لە بڕینەوەی درەختە قان و هەرە بەرزەکانیان وەردەگیرێت. ئەو درەختە قانە ئەستوور و زراڤانە دەکەنە دارتەلی ئەلیکتریك بە تایبەتی بۆ نێوانی گوند و شارۆچکەکان. تێکڕا لەگەڵ ئافتاوی هاوسەرم لە نهۆمی خوارەوەدا دانیشتین. ئالآی سپی بە خاچی شینەوە لە زۆر جێیان دەشەکایەوە. ڕێکخراوی هاوسۆزی پەناهەندان پەزیرایی لێ کردبووین و هەم نرخی کەشتی و بڕێ خواردنیان لە ئەستۆ گرتبوو. ئێمەش لەگەڵ خۆماندا مەنجەڵۆکەی دۆڵمەی گەلامێومان بردبوو کە تازە لە کوردستانەوە گەلآ تەرچکەکانیان هاوردبوو. نەورەسەکانی ژوور سەرمان بەپڕتاو مافوورە شین و گوڵ سپییەکانیان دەچنی، وەکو بەجۆرێك بیانەوێ بەخوارەوە ڕایەڵبەندی بکەن، ئەوساش چوون چەتریان ڕەشماڵی فراوان هەموو سەوزایی و دارستان و دوورگە و ئێمە مانان داپۆشێت. ئاوها ئەندێشم لێوە کرد؛ کاتێك کەشتییەکە لە ژێر ئەو سەیوانەیی ئاسمان بەسەر کەفچڕی ئاوەکەدا دەکشا. چاوم هەڵبڕی و لەبەر خۆمەوە گوتم:( ئەی بۆ لە ناو ئەم باڵندانە تیتروالسکێك نابینم.( هەر بەخۆم وەلآمم لە لابوو،(جاکەی ئەم وڵاتە نسارو بەستەڵەکە پێداویستیی بەباران هەیە لە بوونی ئەم هەزاران گۆل و سەرچاوەی ئاوانە.( لە پەیژە دارینەکانەوە چوومە لای کەسێکی هاوگەشتیمان، کە تەنیا خۆی و کچەزایەکی هاتبوون.

کاك جەنگی، ئەوەی لەم وڵاتە سەرنجی راکێشاوم دوو تشتە. سەنگینی کچە زای لە ناوزارۆکان بوو. هێرۆی هاوسەریشی، لە سەعات دوودا کاتی گرتبو لەلای دکتۆر.

- دەبرێ.. چیو چییە کاك هۆشەنگ.

ئەو پرسی و ئەزیش بەکاوەخۆیی وەڵامم دایەوە.

دووتشتەکە، یەکیان زیندەوەرە. ئەوی تر دەڕوا و زیندەوەر نییە. بێ دەنگیی نێوانمان زۆری نەکێشا. بەواقوڕماوی جەنگی دەمی کردەوە.

- کوو. ئەو شۆ خراپ نووستووی مار ئاوەدان.

- گوێ لە برای خۆت بگرە. لێرە سەگ و ئۆتۆمبیل بەپێچەوانەی لای خۆمان دەنگیان لێوە نایەت. نە وەڕین دەبیسیت و نەهۆڕن. ئەو گورج بۆی تەواو کردم.

- لەکنە خۆمان گەنجی واهەنە کەسیان لە پێش نییە، هەر لۆ گەنجەفە و عالەم وەڕسکردن لە هۆڕنێ دەدەن. منیش گوتمەوە: بەئیقاع و نەزمیشەوە.

هەردووکمان بێ دەنگ بووین. لە چرکەساتێکدا بۆ دوولایەنی ئاوەزم دەدوان.(ئێمەی شاری گلاینە شۆڕشەوە، کەچی گوندییان بە تەنگمانەوە نەبوون)

تۆ لە ئاشێکی دیکەدا باراش دەهاڕیت.

پاش ئەو هەموو قوربانییەش، دەبێ دووبارە تێ هەڵچینەوە.

(بۆ ئەوەی خڵت و خەوشی راپەڕینی ئێستامان بپالێوین).

مەبەستت جارێکی دی سەرچڵانە چەك هەڵگرینەوە! دژ بەکێ؟.

دژ بەگەندەڵی، دژ بەهزری ئاغایی و دژبە بیرۆکراتی و...

لەناو کەشتییەکەوە دووکەڵکێشە سوورەکانمان لێوە دیاربوون. کارخانە خشتە سوورەکان لە بەرزاییدا دووکەڵیان دەبردە سەرووی هەورە بۆرکانەوە. کارخانە و دووکەڵکێشەکانیان بڕای بڕ بۆیاغیان نەگەرەکە. خۆ ئەگەر لەو بەشەی دیکە گۆلەکە بووینایە ئەوا تەوەری هەرە بڵندی شارۆچکەی یاریمان دەدیت. لە سەرووی تەوەرەکەدا کە بەئەسانسێر بۆی دەچن، لە چوار لاوە دوورین دامەزرێندراوە بۆ دیتنی شار. نەخشی مافووری کاشانی دێنێتە ناو چاوانەوە. بەتەکی تەوەرەکەوە حەوزێکی لاژیوەردیی بەدەوی دۆلفینان چێ کراوە، کە جۆرەها گەمە و یاری فێری ئەو

زیندەوەرە هۆشمەند و ڕۆحسووکانە کراون، ئەوە بێجگە لە دەیان یاریگەی منداڵانە و شەمەندەفەر و چی و .. چی لەوێ هەست بەڕەوتی کات ناکرێت. لەم ڕۆژی (یوهاننووس)ەدا، لە شێوە و شایەنداری نەورۆزی لای خۆمان بارەداردەکەنە قەفەزێکی گەورە. بەو ڕێژەیەش حەشیمەتە رووخۆشەکە بە شانازییەوە لەگەڵ دەمە و ئێوارەدا دەیسووتێنن. لە خولگەیەدا چەپڵە دەکوتن و یەکتری رادەمووسن. گۆرانی دەچڕن و شایی و بەزم دەگێرن نەورۆزی مە بۆ پێشوازیی بەهارە. یوهاننووسی ئەمان بۆ رووەچوونی سەرەتای هاوینە. وەکی دی، نەورۆز و یوهاننووس پێشەنگی قوتار بوونن لە زەبری سەرماوسۆڵە. مانگی حەوتەم و هەشتەم پشووی گشتییە. دوو ڕێگە لە دوورگەکەدا هەبوون بۆ پیادە ڕێی گەشتخوازان، یەکەمیان، بەناو مێرگی لچی ئاوەکەوە. ئەوی تر، لە بەرزایی دوو مەترەوە بەرەو ساونا و ئەسکەلەی بەلەم و مەلەوانی. ڕێستۆرانت و کۆشکی سەماو نمایش و چالاکی کەوتبوە باکووری دوورگەوە. لە ناوەندا ئاوڕگەی برژاندن (گریلی) ئامادە کرابوو بۆ کەسانێك بکارن ماسی و ماکەرە و هەرچییەك ببرژێنن، بە هەموو تفاقێکەوە. بێجگە لە یاریگەی زارۆکان و تۆپێن و وەرزشی تر. لەگەڵ خۆماندا لە ناو جانتایەکی سپیدا، کە ئافتاو هەڵگرتنی بەمن سپاردبوو، تەرمۆسی قاوە و پاکەتێك مارەکە کاڵکۆنە (عەلەلیش) بۆ برژاندن هێنابوو. لە پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ، هەردوو سێ مارەکە لە شووڵەدارێکی وشك هەڵبکێشین و لە سەر تۆڕی میتالی کوانگەکەدا سووربنەوە، وەکو دەنووکی کەوان. دەبزاند لێرەشدا دیمەن و رواڵەتی زێدمان لە بیردا کاڵ نابنەوە هەرگیز.(حەپسە)ی دایکم خۆ ماکەرە و سوسێجی نەدیبوو، دەنووکە کەوەکەی بۆ کولێرەی برژاوی تەنوور بەکار دەهێنا. لەو کاتەی لەبەر تینی رۆژەکە، قەمسەڵە بارانییەکم دادەماڵی، لە گیرفانی ئەو قەمسەڵەیەوە، پەیکەرۆکەیەك هەندەی ناو لەپێك کەوتە سەر هەرێزی ژێرمان. ئاخر لە هاوینی ئێرەدا بارانی شەست لە ناکاو دەبارێت. ئەو پەیکەرۆکە لە نەرمە بەردی (جاد)ی چینی داتاشرابوو. لەو جادە پەیکەری نایاب و جۆراوجۆر دروست دەکرێت، زۆر رەنگیشی هەیە، لە سووری دانسقەوە بۆ رەشی دەگمەن، لە زەردباوی مێو رەنگی زۆر و زەبەندەوە بۆ کەسکی کاڵ. پەیکەرۆکی من کەوتە سەر سەوزاییەکە و بەجوانی خۆی نواند، کە زەیتوونی رەنگ بوو. چەنگی سەرجەم پەنچەکانی و گرێی ملی پێکەوە چرکاندن.

- ئەوە چ بوو لێت بەربووەوە؟!

دەنگیم ژنەفت و بەقامکی ئاماژەی بۆ بەردە زەیتوونییەکەم کرد.

- کاکە جەنگی، ئەوە پەیکەری (بودا) یە.

- چ؟ بووودا. ناوی ئاوهام بەرگێ نەکەتییە. مافی خۆتە ئەگەر بپرسیت: جا ئەو پەیکەرۆکەیە بۆ لە گیرفانی قەمسەڵەکەتدابوو. ئا.. رۆژی پێشتر لە بازاڕی دوومین دەستی (یومبو) کڕیبووم و لە بیرم چووبوو لە تەك ئەنتیکەکانی دابنێم. ئیتر ئەوە هەلکەوتێك بوو، یان چی. رەنگە بودا ویستبێتی لە زمانی بەندەوە خۆی بەکاك جەنگی بناسێنێت! قەمسەڵەکەم گڕمۆڵە کرد و پەستامە بۆشایی چانتا سپییەوە. کە پێشتر مەنجەلۆکەی دۆلمە و شتەکانی تێدابوون. لە هەموو لایەك گوڵان شکۆفەیان دابوو. چاوم گوازتەوە لای هاوسەرەکەم بە چرۆی لێوان گوتمێ:

- ئافتا گیان، سەروقاوەیەکمان بەو بادە کاغەزینانە بدەرێ. کاك جەنگی بێ قاوە هەڵناکات. منیشی لێرە فێرە قاوە کردووە.

- ئەرێ بەخودای، لەگەڵ جغارەیدا بووینەتە سێیینە. دەستبەجێ سێیینەی کریستیانم هاتە مێشك: باوك، کوڕ و رۆحی قودس، بۆیە گەپ و گاڵتەجاڕی گوتمە کاك جەنگی دزەیی و دواندم.

- بەڵکو بوونەتە چوارینە. تۆ.. کامەیانیت؟

ئەو درەنگ لە ئاماژە و هێماکان دەگەیشت، هەرچەندەش دەرچووی لە مێژی کولێژی یاسا بوو. بە نامەکاری لە دیمەشقەوەوە بە دەستی هێنابوو. وەکی دی تەققەی سەری لە رۆشنبیری دەهات! رۆشنتر گوتمەوە:

- جەنابت، باوکی؟ کوڕیت؟ یان رەوانی پیرۆز؟

بە حەپەساوی لێوانی، بزواندن: ئەمن تێ ناگەم. تۆ خواردیتەوە، یان...

ئەمن سێیینەکەت لێ کردمە چوارینە. ئەوجا، کوڕ و باب لە کێندەرێ و قودس لە کێندەرێ، ماڵرئاوەدان. پترم بۆ یەکالا دەکاتەوە.(تۆ.. خوایت، یان فەرزەندی خوا؟ یان...) گورج دەمی داپچڕی (شتاقیان نیم. ئەتۆ لەوانە گەڕێ. باسی ئەو بەردۆکە کەسکەم لۆ بکە. بیرت هاتەوە گوتت چوارینە؟

هێشتا لایەنی بێ دەنگیم گرتبوو، کە جەنگی بە زەردە و چاو بزۆزی و خۆڕۆنانەوە دەمی لێ نامەوە

ئەوجا، مەبەستم لە سێیینەکە، جغارە و قاوە و خواردنەوەیە. راستت دەوێت، با قومارەکەشی لەسەر بێت، بوونەتە سەروەر و خودام. حیلك و هۆڕ پێ کەنیم و، دەمی ئاخافتنم لێ نایەوە.

- ها.. ها.. ها.. ئەوا بەدان پیادانانی خۆت لەگەڵ قومارەکەدا بوونە چوارینە. دەی باشە، ئەمە... ئەو خێسەی لێ کردم و من پەیکەرۆکەم گرتە دەستم و درێژەم داپێ..

- ... ئەمە، پەیکەری پیاوخاسێکی ئاوەزەمەندی رێنماییکەرە. بەر لە مەسیح، لە دەوروبەری هیمالایدا یارو یاوەرانی بانگهێشتی بەختەوەری کردووە.

ئەو زوو گوتی: لەکن من وابوو، بەدوای خوادا گەڕایە. دەماری هەڵماساوی هەنیە دامرکایە و روخساری خاو بووەوە.

نا. من لەو بەلەزەتر گوتمەوە: ئەو رابەرە هەرگیز دانی بەبوونی خوداوەندە جوداکانی هیندۆسی نەناوە کاك جەنگی دزەیی.

- ئەدی..کوو نەیانکوشتییە؟

کاکی بەڕێزم، یەکەم کوڕە شابوو. دووەم لە رەوەز و بنارە شاخەکانی دووری ئاینی بەرەهمی و سیخ هیندۆسی ئەوانی دی بووە.

قاوەکانمان بەدەم گفتوگۆوە هێدی هێدی نۆش کرد. ئەو پێچەوانەی من شیری تێ نەکرد. دووکلۆ شەکری تێهاویژت. قاوەکەی من بەشیر بوو، لە گیرفانمەوە نیسکە شەکرۆکەیەکم خستە ناو قاوەکەم. ئافتاوی هاوسەرم نە شیری تێ کرد و نە شەکر. داوای پشووی بیستنم لە کاك جەنگی کرد بۆ وەی لەسەر خۆ تێی بگەینم کە ئەو بودا پیرۆز و نوورانییە بەپێچەوانەی گشت پەیامبەران، نەبڕاوی بە ئاسمان هەبووە و نە فەرموودەکانی خۆی بە سروشتی یەزدان زانیوون. گوتەی پەتیی خۆی بووە و لە هەڕەتی بۆنە و بە گوێبیستانی گردبوونەوەکاندا راگەیاندووە.

کاك جەنگی دەستی لەرزۆکی بۆ پەیکەرۆکە برد. لە چوار دیوەوە سەرنجی تیٚ خیٚواند. هەردوو چاوی لە ریٚژەی پیٚشوویان کراوەتر بوون، بەتایبەتی لەو دژایەتییەی بودا بەرانبەر بە هەبوونی پەرجووی خودایی و شتی تر. دایەوە دەستم. هەستم کرد، سەرەڕای ئەوەی بەردە جادەکە لە سەر هەریٚزە تەڕەکەدا بوو، کەچی گەرمە وەك گەرمەتای لیٚ هاتبیٚت. بەوهەستە ناکاوییە شاد و سازبووم، بۆیە لە بارەوەیە پتر کاك جەنگیم بەهرەمەند کرد.

- ئەو مەزنە فەرموویەتی، ئاکار و سیفەتەکانی مرۆڤ لە پاش مردنی لە یەکدی دەترازیٚن، هەڵدەوشیٚنەوە، هەنگێن هیچ هیٚزیٚك نایان بەستیٚتەوە.

- کوو؟ ئەوە چلۆنە!.

چاك. ئەگەر خودا هەبیٚت لە بۆچوونی بودا، ئەوا هەرگیز پەڕاو و کتیٚبان رەوانە ناکات، کە لە بەرژەوەندی توێژیٚك و لە دژی چینیٚکی تربیٚت. هەروەها رۆح وەهمیٚکە لە وەهمەکانی ئینسان و هیچی تر. ئەوجا بەدریٚژایی باسم لەوە کرد کە هەمووان لە توانستیاندایە بەختەوەری لە ژیاندا دەستەبەر بکەن، بەوەش دنیایان بردووەتەوە. بودا گوتەنی: دنیا.. هەرئەمەیە تیٚیدابینە و بەس.

- کاکە هۆشەنگ، لە گەرتامەکە بەختەوەری باشە لۆ ژیان.

- کاکە خۆم. ئەو بەختەوەرییە لەم ژیانەمان دایە، نە لە ژیانیٚکدا کەسی لیٚ نەگەڕابیٚتەوە و کەسیش نەیبینیوە!.

بودا گوتەنی ئەوەی لە ناو کاسەی سەردایە جۆرە گۆشتیٚکە کاری بیرکردنەوە ئەنجام دەدات. بیرکردنەوەی مرۆڤیش ئازادە؛ بەڵام جارجارە خەیاڵ دەبیٚتە بەشیٚك لەو بیرکردنەوە سەربەستەی. کاك جەنگی پرسیاریٚکی باو و تەقلیدیی لیٚ قوت کردم.

- ئەدی پیٚوەستیی سروشت و خودا!. ئەوە کووە؟

- خودا نەك پیٚویستی بەمرۆڤە و نە بەسروشت، بۆیە بە بۆ چوونی بودایی پیٚویستی بەنویٚژ و قوربانیدان نییە.

بەو کورتییە بەتالۆك وەڵامیم دایەوە. سەرلەنویٚ پرسیاریٚکی نیوەچڵی رەها کرد.

- ئەوی ئەو رۆژ و ئەستیٚرە و؟

- برام، گیانەکەم، رۆژ بۆ هەمووان هەڵدێت.

ئەدی.. چارە

- حیکمەتی ژیان، بۆدا بەیاوەرانی فەرموو، یەکە و نابێت بە دوو، ئەویش پشکنینە بەدوای بەختەوەریدا و بەس. لە ژێر لێوانەوە کاك جەنگی گوتی: چما کێ لە بەختەوەری هەڵدێت مەگەر شێتان.

- بەکاکی خۆم بڵێم، هەر لە کۆرپەییەوە بودا دەمی کردووەتەوە (ئەم ژیانە دوا ژیانی منە.) خۆتێ دەگەی چیی نیازە.

- بەدی

بێجگە لە دژی خودای یەکتا و خوداکانی هیندۆسی، بودا بەرانگژیی سێ مێملی مرۆڤانی کردووە: پیری.. نەخۆشی و..مەرگ. ئەوانەی بەتانەی ژیان و مەینەتیی تاڵی مرۆڤایەتیی زانیوون.

- لە چاکە.. چاکە و لە خراپەش.. خراپە دەکەوێتەوە کاکە هۆشەنگ.

- دەق وایە کاك جەنگی، ئەوە فەرموودەی ئەو پیاوە چاکەیە. ئەو دەسەلاتانەی پەنایان بۆ دەبەین، خۆمانین نەك شتگەلی دەرەوەمان؛ چونکە ئێمە بەشێکی سروشتین، سروشتیش پێداویستیی بە ئێمە نییە. زۆرجار بودا ئەوەی گوتووە و رێژەی پێگەیشتووی دەرەنجامی ئاوەزوبڕشتی تێکۆشانی خۆی بووە و هەرگیز لە ئاسمانەوە سروشتی بۆ دانەبەزیوە.

- بەلای ئەمنەوە ئەو قسانەی بودا نائاسایی و نایاساین، وەنییە؟

بیرمەندیی بودا لە هۆشمدا کەروێشکی کێوی بوو دەزایی و دەزایی، منیش لێچووی ئەو و لە کانیی (زارا) و (مانی) فەلسەفەی ژیانم هەڵگوازتووە. دەمە تیتراوسك و نمەبارانی رەنگاوڕەنگی خۆم بەسەر رووپەلاندا دەبارێنم. هەر بەڕاستی بووم بە تیتراوسك: ئەوجار گوێ بۆ ئەم فەرموودەیەی رابگرە. کەسانی ژیر و ئەوانەی تێ دەگەن، لە پێناوی نیرڤانایەکدا تێ دەکۆشن، کە چەڵەپۆپەی بەختەوەری و هەم بیرمەندیی رێی جاویدانەیە.

- کوو. کوو. نێرڤان؟ تکایە لۆم شی ناکەیتەوە. کوو رۆح دەگاتە ئەوێ؟ کاك جەنگیی چاو باشقاڵ حەزی بەنیگا لەوەڕاندن بوو. سەری بۆیاغ دەکرد؛ بەڵام چونکی درەنگ ئەوکارەی دەکرد، یان بە بۆچوونی من هاوسەرەکەی ناپەرژایە هاوکاریی، ئەوا هەمیشە ژێرەوەی قژە سەری کاڵ دیاربوو بەتایبەتیش، کە بەشانە دەیکردە دوو بەشەوە، هێڵێکی سپی بەلای چەپی سەرییەوە دەبریسکایەوە. دەقەکەی بودام، وەکو خۆی بەرگوێی کاکە جەنگی و ئافتاو خست، هەڵبەتە لە کاغەزێکدا پێشتر نووسیبووم.

نێرڤانا، شوێنێکە دوور لە زەوی و ئاسمانی ئێمەیە.

(با و ئاوی تێدا نییە. نە شەو زەنگە و نە رووناك. هەم دوورە و هەم نزیك. هەندە دوورە کە بزانیت نەبووە و نییە. هەرچەندەش نزیکە و لە ناخی خۆتدایە. نەچاو دەتوانێ وێنای بکێشێت، نەزمان راڤەی دەکات و هەستەکانی تریش ناتوانن لە چێوەی بگرن. نە خۆری هەیە و، نە مانگ و ئەستێران. نە کینە و ناحەزیی تێدایە و نەرق و تۆسنی. پڕ لە دەسەڵاتە. تەژیی ئارەزووە ویستراوەکانمانە. تشتێکی تێدانییە کە نەیخوازین. چەندە لێوەی نزیك ببیتەوە، لێت دوور دەکەوێتەوە. چەندەش لێوەی دووربیت، ئەوا لێت نزیك دەبێتەوە) کاك جەنگی لە کاتی خوێندنەوەکەمدا کرکڕ هەناسەی لە خۆی بڕیبوو. هەر لەگەڵ دوا وشەدا، بەتاڵوکی داوی دەقەکەی قرتاند.

- برام، کاکە هۆشەنگ، ئەوی ئەو باسی لێوە دەکات، جۆرەکە لە بەحەشتێ. بە ئاماژەی دەستم داوای بیستنم لێ کردەوە نقەی لە خۆی بڕییەوە، لەوێدا رابردووت لە یاد نامێنێ، تەنانەت نازانێت کێ بوویتە و چ کارە، ئەو نەبێت دڵنیایت، کە هەبوویتە و دەشمێنێتەوە. ئەمەیە نێرڤانا، تەنیا رۆح رێگای دەناسێت.

- ئەرێ لەبارەی دۆزەخەوە؟

- پێشتر ئەو لە خاڵی بەراییدا هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووە، ئەو جووتێنەیە، مەبەستم لە بەهەشت و دۆزەخە، هەبێت. فەرموویەتی: تاکە وشەیەك گوێگری ئاسوودە بکات، باشتر و شیاوترە لە هەزاران وشەی پڕوپووچ و بێ کەڵك، رق بەرق نارەوێتەوە، ئەو گوتەنی؛ بەڵکو بە خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی.

کاك جەنگی دزەیی، وەکو سرووشێکی بۆ هاتبێت، لێوەکانی بزوان.
- وای لەو کەسەی بتوانێ بەسەر ئارەزووە نەوسن و بەسەرخووە پووچەرەکانی دەسڕۆ بێت.
گوتم:
ئەو کەسە سەرفراز و براوەشە کاکە جەنگیی ئاشنام.
ڕۆژێ بژیت و بەمێشك کراوەیی لە یاساکانی گەردوون و گێتی بگەیت چاکترە لە سەتەیەکی کالفامی و نائاگایی و هەست بەکەمایەسی کردن. زانست رووگەی مرۆڤایەتیمان بەرەوژیاری دەبات. دەمم لە کاك جەنگی نایەوە.
- ئەو زاتە ئاوها ئامۆژگاریمان دەکات. ئیتر منیش پەیکەرەکەیم بەهەر چەندێك بوو کڕی. پێمان رادەگەیەنێت؛ دەبێ لە بەراییدا لێهاتوویی خۆمان بە دەربخەین، پاشان خۆمان بە فێرکار بناسێنین. ئاوها باوەڕمەندانی پەروەردە کردووە. بەم رستەیەی دوایین مێشکی کاك جەنگی گەشایەوە بۆیە دەمی کردەوە.
- بەدی. واچاکە مرۆڤ بەخۆی، خۆ قوتار بکات لە خەوشەکانی ژیانی. گوتمەوە: هەنووکە راسیت پێکا، مرۆڤە کە بڕیاری خۆی دا، ئیتر کەس بەربەستی لێ ناگرێت. ئەوانەی جەنابت و من ئەوانی دی، بەترسە سزای دۆزەخ و خۆشە پاداشتی بەهەشت دەتۆقێنن، یان هان دەدەن. چونکە کاکە جەنگی گیان، بەرژەوەندیان لەوەدایە؛ بەرژەوەند.
ئەو چاوەنۆڕی دیکەی لێ کردم. منیش گزارەم کێشا.
- ئەوانەی بەگوێیان دەکەن، لە دووان تێ ناپەڕێنن، یان گێلن، یان خۆشباوەڕن. وەکو بەدیمکرد لە روخساریدا، وتەکانی بودا و من لە هۆشی ئەودا خەریکن جێگەی خۆیان بکەنەوە. دەرفەتم سەند و من فرەترم بۆ دەراند.
- لە شانەکانی مێشکیدا؛ مرۆڤ نەخشەی دۆزەخ و بەهەشتێکی خۆی بۆ خۆی کێشاوە. ئەو دووە لە مێشکی مندا بە نموونە جودان لەوەی لە مێشکی تۆدا هەن. دڵنیا بە هیچی ترنییە
کاك جەنگی رستەیەکی بەچوار کەرتی بەرگوێم دا و چاوە جیوەییەکانی لێ نام.
- هەوکە.. خەریکیت.. مێشکم.. دەشۆیتەوە.

- برای هێژام، ئەوانگەلی ڕەدووی نەبیندراو و نەبیستراو کەوتوون لێچووی کەسانێکن سەردەکەونە سەر پەیژە و نازانن بۆ کێندەرێیان دەبات. بۆم روون کردەوە، کە چەندەش دیاردە و پێشکەفتن، گرێ و گۆڵەکانی ژیاریی مرۆڤ تووشی: مێشك ئاڵۆزی، دڵڕاڕیی و ڕۆح نامۆیی دەکەن، ئەگەر پەراوێزی نەکات ، یان ئارەقی نێوچاوانی دەمژێت و دەشێت بیکاتە پارچەی ئامێرێکی خۆی؛ لێ مرۆڤگەبی واش هەڵدەکەون، کە درێژە بەتێکۆشانیان بدەن.

فراڤینینیمە ڕۆژمان کرد. پاشی ئەوە پێکەوە ئەو خێزانەمان بەسەر کردنەوە کە بەشداری گەشتەکە بوون. ئەوجا کاك جەنگی وەخۆت کەوت. سیگارێکی پێکرد. منیش چیلکەیەکم بەدەستەوە گرت بۆ خاوێنکردنی ددانەکانم. نیگای کاتژمێری مەچەکی کرد و دەمی لە (سەنگین) کرد کە لەگەڵ زارۆکاندا سەرقاڵی خۆ خزاندن و دیلانێ و هەڵبەزودابەز بوون.

- وەرە زوو.. هەندەی نەمایە لۆ سەعات یەك و نیو. ئەنگۆ ئێوارێ دەگەڕێنەوە؟

بەسەر راوەشاندن وەڵامی بەڵێم دایەوە. لە سەری هەرسەعاتێك و نیوسەعاتدا، کەشتییەك گەشتیارانی دەگەیاند و کەمێك دەوەستا بۆ ئەوانەی بەتاڵوکە و هەڵەداوان دەگەڕانەوە بۆ مەکۆی شار. لە دوورایی دە هەنگاویکدا سەنگینی خەپان و کاك جەنگی دەستیان بۆ راوەشاندین و بە هەشتاوی ڕۆیشتن بەرەو لەنگەرگەی کەشتییەکە.

تەرمۆسی قاوەکە هیچی تێدا نەمابوو. رووم کردە رێستۆرانتەکە بۆ هێنانی دووقاوە بۆ ئافتاو و بۆ خۆم. لەوێ گۆشتی ماسی (سەلەمون) و زلاتەش بۆ گەشتیاران ئامادە کرابوون. دوو پارچە ماسی و هەندێ زەڵاتەم بۆ برد، کە ئەو هاتبووە سەر تەختێکی نزیکترەوە. گەڕامەوە بۆ هێنانی دووقاوەکە. رووپەلی ئاسمانەکە، کەڤاڵێکی پڕ لە تۆنەکانی شینی کوژەکەیی بوو، بە کەڤاڵە ئێکسپرێژنیستە (تەعبیری) کان دەچوو. نەساردبوو نەگەرم بوو کەشەکە. نەمێشولە و گەزندەدار بوو بایەکە. نەمار و نەقالۆنچە و مێرووی بەسەردا دەگەڕا خاکەکە. نە دووپشك و هەرچی لێبوو دوورگەکە. نیگابانیمان کرد. چێوەی دوورگەکەمان بەدەیان دوورگەی چکۆلانە

رازابووەوە، تەنانەت دوورگەی ئەوتۆش دیاربوون کە دوو سێ درەختی بەژندرێژی لێ روابوون. بەلەمی  ماتۆڕداریش بەگوژم تێ دەپەڕین و بەپاشی خۆیانەوە کەفچڕەرێیان رادەکێشا، کتومت وەکو (هالی)ی کلکدار، یەکەمیان چڕە ئاوی سپی و دووەمیان گڕی سۆر و زەردی بە پاشەڵەوە بوون. پەنجەم بۆ بەلەمێکی دوور راداشت. ئافتاوی هاوسەرم بەر لەمن دەمی کردەوە.

- بڕوانە، چەند دڵگیرە ئەو بەلەمە. دوو کەس سەوڵ لێ دەدەن.

ڕەنگە ژن و مێرد بن.

منیش بەشداریی دیمەنە رندەکەم کرد.

- ئەی بۆ دوو ئەڤیندار نەبن، ئافتاو گیان.

- هەی گوڵمەز. ئا.. ئەوەیش بەلەمێکە، چارۆکەکەی بەباڵی کۆتری سپی دەچێت باوکی شادمان. پێت واتە نەبێت ئەمیش دوو عاشقی تێدان!! چاومان نووقاند و بێدەنگ لە ئاستی ئەو هەموو جوانی و بەدەوییەدا کپ بووین لە گەشتێکی ساڵی پێشوودا، کلێسای پرۆتستانتی بۆی سازاندین، چووینە باخچەی زیندەوەرانی (هێلسنکی)ی پێتەخت. لەوێ برێ پلنگ بە چاوە سەوزە پڕشنگ پژێنەکانیان لە ئێمەیان خاو خاو دەنۆڕای. مام یۆنسی هەورامی دەنگی لێوە بەرزبووەوە. -ئەرێ وەڵڵا هەوە! ئەرێ وەڵلا ئەیە کامەیە.

بەدەنگە نێرەکەی ئەوەی گوت و بەوپەڕی کەماڵی ئیکلامەوە دەستی لە ملی گوێدرێژێکی کەڵەگەت و گۆشتن ئالاند بە کەنیشکەکەی گوت:

- دادەگیان، عەکسێکمان بگرە.

مام یۆنسی مەشرەفخۆش، خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات بوو. چەند ساڵ لە شەڕی ئێران و ئێراقدا، لە (رمادی) نیمچە دەستبەسەر بووە. دامانە قاقای پێکەنین. خۆ دەمێکیش کەرتاییمنان نەدیبوو.لای واشمان لەگەڵدابوون لەو گەشتەماندا لێرە، زایندەی ئاوارەیی بوون، لە تەمەنی خۆیاندا ئەو زیندەوەرە، گوێدرێژ و سمدارەیان نەدیتبوو. وێنەی زۆریان لە تەکدا گرت. بیرمەندی ئەوتۆ هەن، بەچوار پێیەکی

فەیلەسووف و بەسەزمانی دەزانن. پارتێکی سەرەکیی ئەمریکاش کردوویە بە دروشمی خۆی. دەمی نایە بنگوێی کەرە حەساوییەکەوە.

- ئەیە چۆنە. کێ لە هەورامانی لهۆنەوە تۆی هاوردگەسە ئەیرانە؟ تۆ و من لە شەڕی سەددام و خومەینییەوە پەرت بووگین. پێم بێژە کێ رەشمەکێشی ئەیرانەی کردگیت؟

دووسێ جار ماچی کرد و لە سەری رۆیشت.

- براگیان، کەسوکارێلمان چلۆنن لەگەڵ ئەو ئاخواندانە؟

کەرتایین، گوییەکانی دەلەقاندەوە. ناو بەناویش سەروپۆتەڵاکی رادەوەشاند، وەکو لە مام یۆنس بگات. ئێمە پتر خەنداینەوە و بەپشتا شکایەوە.

ئاو زایە ناو چاو ولووت و دەومانەوە. لێی چوومە بەر و پرسیم.

- مام یۆنس، وا لەگەڵ ئەو کەرەدا قسەی دەکەی.

بۆ حەیوان عەقڵی هەس؟ بافتی ئەو کارەس.

ئەی چۆن مامۆستا هۆشەنگ. دەگوێ لەم برایەی خۆتە بگرە. یەکسم و رەشە ولاخ، ئەگەر دەمیان نەگاتە ئاو، چۆك دادەنوێنن و ئاو دەخۆنەوە.

بەلەز من لایەنێکی دیکەم بۆ روون کردەوە.

- ئەوسای لەو دامێنی چیایانەدا پێشمەرگەبووم، بیستبووم لە چەند لاوە، کە هەڵۆی چیایی بۆ تاراندنی نێچیری خۆ مەڵاسداوانی بن دەوەن و پەنا و قوژبنان، لە بەرزاییی ئاسمانەوە، بەردۆکان دەبرێنن. کەروێشك و بێچووە ڕێوی. جرج و دەڵەك لە ترسان دەردەپەڕن. بەوجۆرە هەڵۆکانیش راویان دەکەن.

مام یۆنس بەدەم خەنینەوە ورگی دەهەژا. کۆتاییم بەدەمەتەقێکەوە هێنا.

- ئەوە بۆیە کە ئێژن: هەی بەردت لێ بواریێ.

گوتم: رەنگە بۆ ئەوە بێت، هەڵۆو داڵ لە کەسەکە گرد ببنەوە و

چاوی بکۆڵن، پێستی بگروون، گۆشتی داماڵن و ئێسکی بکرێنن.

- هەرواسە.

لەو زیندەوەرەگەیەدا ماری (ئاناکۆندا) ماندیت، سەری لە تلۆقکی درەختێکدا بوو، زمانە قلێشەکەی دەرە و ژوور پێ دەکرد. لە سەرزەویشدا کلکە گرێگریکەی دەلەراندەوە. بزانە کێوی، کەڵە کێویی شاخ لقەداری و مەیموونی جۆراوجۆرمان بینی. ئێوارەیەکی لە یاد نەچوومان گوزەراند. زیندەوەری دیکەشمان بەرچاو کەوت، کە نەدیتبوومان و نەناویانمان دەزانی. پاسەکەمان لەوێوە چووە شوێنێکی تر، کە حەوزی شووشەی ماسیی جۆر بە جۆری تێدابوون. سەلەمۆنی سێ کیلۆیی بەتەکمانەوە دەهات و دەرچوو، گۆشتی ئەو سەلەمونانە پەمەیی کاڵە ئێسك و دڕکیشی کەمە. لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەم ئاژەڵ و ماسی و حەیوانان دەستەمۆ کراون و دیلن؛ کەچی لە جەنگەڵ و بێشەڵاندا لە تەواوی دڕندەیی و رەمەکییاندا بەلامەوە زۆر جوانتر و سەرنج راکێشترن. لە ئاستی بەرکمی پەلەوەراندن ماوەیەك، مەلی نیگام لە نێوانیاندا بۆ تیتراوسك رەها کرد، بەدیم نەکرد. دەبێ ئێرە وڵاتی بێ تیتراوسك بێ، مەگەر خۆم تیتراوسك نیم.. لە ناویاندا چریکاندم.

- باوکی شادمان، ئەو تاووسە دەبینی واخۆی پڤ دەدات. لە دۆخی تیتراوسکەوە گەڕاندمییە دۆخی پێشووم. کە سەرم راوەشاند؛ گوتییەوە: هۆشەنگ گیان، پەڕەکانی زۆر شیرین و دڵگیرن. نەوشێرونی برام پەڕێکی وای هەمیشە لەتویی ئەو کتێبەی دایە، کە دەیخوێنێتەوە.

ئافتاو، هەناسەیەکی بۆ دووریی براکەی و دایکە بێوەژنەکەی هەڵکێشا. هێنامەوە بۆ سەرنجگەی تاووسەکەی تێلبەندەکە، بەوەی گوتم:

- ئافتاو گیان بە پێچەوانەی رەنگەڕەنگینەکانی، دەنگی گشت زیندەوەر و پەلەوەڕان گڕو ناسازترە. هەزار رەحمەت لەعەلو عەلوی قەلەموون.

ئافتاو هاتەگۆ: سوبحانەڵا لە کاری خودا. ئەو جوانییە و دەنگە ناخۆشە.

- کچێ لەو عەقڵە کۆنە وازبێنە. خوداکەت کردەوەی جوان و دزێو دێنێتە ئاراوە.

لە چرکەساتی متبوونی هاوسەرمدا، بیرۆکەیەکم بۆ هات. خێرا گوتم :

- مەگەر لە دروستکردنی تاووسدا ئیبلیس بەشداریی کردبێت. ئەو بەڕەنگی جوان و ئەم بەدەنگی نالەبار .ها ها. ها.

- وایش. لەم تێفکرینە سەیر و عاجباتییانەت. بۆ گۆڕینی بابەتەکە لێم پرسی.

- دەچاکە. بنۆڕە ئەو تاووسەی خۆی فش کردووەتەوە خۆ دەیبینی. ئایا نێرە، یان مێیە؟

ئافتاو، داماو پاشان بەپەلە سووربوونەوە پەژارەیە وەڵامدانەوەم.

- هەڵبەتە.. دیارە.. مێیە.

- بۆ؟ بەچی زانیت؟ چۆن دیارە؟

- چۆن روخسار و قیافەتی ژن لە پیاو جوانترە. خوا وای کردووە.

- نەخێر. نەتزانی. ئەمە نێرەکەیە. ئەوەی ئەولاوە، ئەو بۆزوناشرینە بێ رەنگەش هاوسەرە مێیەکەیەتی. ئەگەر بڕواش ناکەیت، ئەوە مام یۆنس، پرسیاری لێ بکە.

مام یۆنس گوێی لە ناوی خۆی بوو. هاتە لامانەوە. ئافتاو پرسیاری لێ کرد و ئەویش قسەی بەندەی بۆ سەلماند. بەپێکنینەوە گوتمە ئافتاو:

- ئافرەت، تۆ هێشتا نازانیت، مامر لە هێلکەیە، یان هێلکە لە مامرە. ها. ها. ها.

ئەوەم بۆ شۆخی گۆت. ئەو دەنگی بردە ژوورەوە و متەقی نەکرد. منیش بەدوایدا نەچووم. ئەوانەی هاتنە بیرم لە چاوترووکانیکدا بوو، کە هەر دووکمان لە کەناری گۆلەبەرینەکەدا چاومان بە بێ دەنگی نووقاندبوون. مراوییە کیوی بەتەکمانەوە دەسووڕانەوە. ئافتاو لە جانتاکەیدا هەمیشە پسکویت و کێکی لەناو کیسە دادەنا بۆ باڵندان، هەندێکی بۆ هەڵوەراندن. ئەوان کەوتنە قۆزتنەوەی و ئێمەیان لە بیرکرد. نەورەسە چڵێسە هاروهاجەکان، پەلاماری خۆراکەکانیان دەدا و بەرز دەبوونەوە. وای دەنووکیان ناقۆڵا و قێزەونە. خۆ نەوسنی و چاوچنۆکیان لە دەنووکیان ناجۆرترە. هۆزگەلی ئەفریقیایی هەرتیرەیەکیان بگرە هەرکەسێکیان حەیوانی کریڤی هاوڕۆحی خۆی هەیە. لەلایان پیرۆزە و بە تەوتەمی ناو دەبەن. لەکن هیندییەکانی (مایا)ی ئەمریکا بە (ناهواڵ) دەیناسن گوایا هەر تاکیکیان هاوکات لەگەڵ زایندا ناهواڵی خۆی دەبێت.

ئەمەش پەنهانەو دووکەس دەیزانێت، ئەو مامانەی کە لە دایکی جیای دەکاتەوە و پیاوی ئایین. ناوی ئەو دووانە لەکن منداڵەکە نادرکێندرێت هەتا باڵق و دەست بە سمێل دەبێت، ئەوسا ڕادەگەیەنن کام حەیوان بۆتە هاوجووتی ئەو ئەگەرچی دڕندەو

کوشندەش بوو. ئیتر ئەو کەسە لێیناترسێت وەکو: دووپشك و تیمساح، یان پڵنگ و مارو چەقەڵ و....تاد، چونکە ئەو جووتە، گەلۆ مەبەستم لە مرۆڤەکەو حەیوانەکەیە. بەرگری و کۆمەك لەیەکتری دەکەن. یەکدییان خۆشدەویست و لە کاتی ناسۆزو سەخڵەتیدا برست و توانایان دەگۆڕنەوە. ڕاستەوخۆ بەزمانی ڕەوان ((رۆح)) دەپەیڤن. پشتوانی بنەماڵەی ((زاڵ))ی پاڵەوانی بێمانەندی ئەفسانەی کوردەواری سیمرخ بووە کە بەهانای ((رودابە))ی ژنی زاڵەوە چووە لە زایینی رۆستەمدا. دەبێ بەندەش بەو جۆرەی مەراقی تیترواسك بۆتە کەڵکەڵەم و لە کەللەی دابم، ئەو باڵندەیە کریڤم بێت! ناڕوێتەوەو چریکەی لە گوێیەکانمدا دەزرنگێتەوە. دەشێت زۆرینە ئەو زیندەوەرە بەرگرییەیان هەبێت و لەلای کەس نەیدرکێنێت وەك ئەهلی هەق ((تەقیە)) بکەن! ئەمە بێ قڕوبڕە بە((کولەکەی رۆح))ی دێوو درنجانی ناو حەقایەتی ئەفسانە دەکات، وانییە؟! لە چیرۆکی ((ئەو پیاوەی زوو سەری سپی بوو، ی عەبدوڵڵا سەراج دا ((کە لەمێژە خوێندوومەتەوە، ڕەنگە ئەژدیهای ناو چاڵەکە، کریڤ و تەوتەمی بەرگریی ((بایز)) بوو بێت چەند ساڵێك پێکەوە بەتەبایی هەڵیانکرد، دەنا بە پێوەدانی کەڵبە ژارینەکانی دەیکرد دلۆپە ئاوێك!! میسرییە دێرینەکانی چاخی فیرعەونان، مەیموون و بەران و چەقەلیان کردبوونە پەرستیاری خۆیان، تەنانەت قالۆنچەی شینیان لەلا پیرۆز بووە! دیارە بە بەرگری نەجیبزادەی ڕەوانی خۆیانیان زانیبوون، بە پەرۆش و ئیکلامەوە کڕنووشیان بۆ بردوون! چەندین هەزار ساڵ بە قسەی ساختە کاریی پیاوانی ئایین و زێوانی پەرستگە فریویان خوارد بوو!! لای خۆمانیش واباوە هەموو کەسێك جنۆکەی خۆی هەیە، جنۆکەی خێرمەند و جنۆکەی شەڕمەند، موسڵمان و گاور! هەروەهاش بە بان هەردوو شانمانەوە جووتێ مەلائیکەتی بنووسی هەن، ئەوی شانی ڕاست کۆی پەسەندو چاکەی ئێمەومانان تۆمار دەکات! ئەوی شانی چەپ نووسەری گەندی و خراپەمانە! ئەوە هەژدە هەزار و دووسەت و پەنجا جارە خڕۆکەی زەوین لەگەڵ خۆیداو بەتەوەری خۆردا پەنجا جارە پتر بخولێنتەوە، هەمان بەیت و بالۆرەم پێکاوێژ دەکەنەوە.

خوێنەری دەلال، ئەتۆ، ئەوانەی گوتمن بەگەن دەکەی؟

بۆ ئەو دورگەی ((ڤیکنساری))یە برێ لە گەلانی تریش بانگهێشت کرابوون بۆ نیشاندانی فولکلۆر و ڕێ وڕەسمی وڵاتیان. برادەرێکی کامپم بینی خەڵکی پیرو ((peru)) بوو، ((ئەلیخاندرۆ)) دەستی کوڕەکانی گرتبوون، تەواوێك هەراش ببوون کە نەیاناسمەوە. سوورفلە ئۆکراینییەکەی ((سلڤیا)) لە گەڵدا نەبوو، لێمپرسی بۆ؟ گوتی: جیابوونەوە. ((پیدرۆ))ی چیلی و ژنە رووسەکەی و هەردوو کچی، لەسانتیاگۆوە چوو بووە (( کییف)) و لەگەڵ ((نینا)) ببوونە هاوسورو پەنایان بۆ خنلاند بردبوو. ((عەلی))یش بەهۆی گیتارو قژە لوول و درێژە رەژووییەکەی لە ((نەیجەر))ەوە هاتبوو. زۆری حەز لێبوو لە کامپدا فێری ئەلفوبێی بکەم بۆ ئەوەی سوورەتی فاتیحا بە ڕەوانی بخوێنێتەوە. هەفتەیەك لەگەڵیدا کۆشام. لە ئاکامدا بێزار بوو. گوتی: ((خۆ زمانی عەرەبی سەخت و ئاڵۆزترە لە زمانی چینی وفنلاندی!!)) وازی لێهێنا. هەمیشە خەریکی چڕین و گیتار ژەنین بوو. ژوورەکەمان، بەر لەهاتنی ئافتاو بەتەك یەکەوە بوو. کەسانی دی لە ئۆرۆگوای و شوێنانی ترە هاتبوون. دکتۆر ((ئارنی))ی دۆستیشم لەگەڵ ((مارتا))ی هاوسەریدا هاتبوون، کەپێش دە رۆژ کارتی بۆ نارد بووم، وێنەی خۆی و مارتا بوو بۆ بەشداریکردن لە یادی شەستەمین رۆژی زایینی ئارنی و سییەمینی گرێبەستی هاوسەریان، کە هەڵکەوتنی هەمان رۆژ بوون. جووتێ پرۆستانتی ئایینپەروەر و دۆستی نزیکی خەمخۆری پەنا بەران بوون و دژ بە دەمارگیریی نەژادی و ئێرەو ئەوێیی. لەهۆڵی نمایشدا، شایی و زەماوەند و سەمای نەتەویی ئەنجام دارن. ئێمەش دووسێ هەڵپەڕکێمان پێشکێش کردن. جلوبەرگی کوردی لە هەمووان جوانتر و ڕەنگامەتر بوو لە دیدی زۆرینەو نیشتە دڵیان. گەنجان لێرە گیتار و ئامێری دیکەیان بەشانەوەیە لەکن خۆمان کلاشیکۆف! زستانی ئێرە، بەتایبەتی شەوانی درێژ و سارد و سڕە بۆیە لە تۆڵەی ئەوەدا، لە تاوستانە کورتەکەدا، زۆرینە لەشی خۆیان دەدەنە بەر تیشکی هەتاوەکە، هەتا سەعات بیست و سێ وپتر، ڕووناکی دەبەخشێت. ئاوا دەبێت و لەپاش چەند سەعاتێکی کەم هەڵدێتەوە،نازانم بۆلەم دوورایییەی وڵاتیش تیتراوسکەکە وەکو ڕەگی کاکیلە لەیادەوەریمدا توندتوند خۆی داکوتاوە!! هەمیشە دێتە

نوای دیدەمەوە! ئەز دەنووسم و ناشزانم کێ دەیخوێنێتەوە.. مەگەر تیتراوسکەکانی خۆم ئاسا.... ((هەر پەرتووکێك نامەی شووشەی داخراوە بۆ قوولایی ئۆقیانووس)) ئیزابێل ئەلیندی گوتەنی. دەبێ لێرەدا بووبێتمە تیتراوسك!!

ئا... دەرکەم لەو سپی پۆشە نەکردەوە. دە بپرسە بۆ؟ چونکی خۆم بوومە تیتراوسك و حەوجەم بە هیچ نەمابوو.

دەشێت ئەو تیتراوسکەی رۆخی حەوزە ئاوەکەی چەندین ساڵ لەمەوبەرم کردبێتمییە هاوکریڤی خوێنی خۆی.

بە راستی نووسین بەگژداچوونی دیواربەندییەکی رك و سەختە. ئاخر پرۆسەی نووسینەکە لە لام بۆتە تیتراوسك، بۆتە هەڵۆ، بوونە کەنارییە لە پرسێکدا: (بە بۆچوونی تۆ باشترین مەشق و راهێنانی هزری چییە بۆ کەسێك دەکارێت ببێتە نووسەر؟) ئاراستەی ئەرنیست هەمەنگوای، ئاوها بەرسیڤی داوەتەوە: (با بڵێین بچێت خۆی بخنێکێنت، چونکە دەبینێ پرۆسەی نووسین بە پلەی موستەحیل و لە رادەبەدەر دژوارە. ئەوجار لە سێدارەکە دابەزێ و لە پاش ماوەی تەمەنیدا شیاوترین نووسین بەسەر خۆیدا بسەپێنێت، کە چیرۆکی خنکاندنی خۆی وەکوو سەرەتایەك تۆمار بکات.) بەڵێ هەڵەمووتێکی تووش و پێچەڵپێچە کرداری نووسین، نەخاسمە کەسەکە نەبووبێتە تیتراوسك. چریك... چریك... تیتر... تیتر... واسك... واسك.... چر... تی... واس... س. س.

*   *   *

# ٦

ئاپۆ سوكراتی بوونگەرا ئەمێستا خۆم ناسی، بەڵام راز پۆشی ناكەم. ئەمێستا یەكلایی نەبووە لەلام، ئایا پێشتر تیتراوسك بوومە و چوومەتە دۆنی مرۆڤێكەوە، یان بەراوەژوو، ئینسانم چوومەتە دۆخی باڵندەوە. هەراسان مەبە لێم. شادمان بۆ سەردانیمان هاتبوو. سێ حەفتە لەلامان مایەوە.

- بابە ئەو دەمانچەیەت بۆچییە؟

- شادمان، ئامادەییی وێژەیی تەواو كردبوو لە پرسیارەكەی خۆم راگرت.

- دەمانچەكە لە سەر پێیە؟

سەری هەڵبڕی و چاوە وێژنگەكانی لە نێوچاوانم نا. منیش وەڵامم دایەوە.

- چونكە گیانەكەم، زووخاوم پێ مەنۆشە..

هەناسەیەكی هەڵكێشاو هەستی بە مەترسییەك كرد.

- چونكە، كیژی خۆم، هیچی ترم بۆ نانووسرێت.

تۆزێك هێور بووەوە. لەوانە بوو لە دڵی خۆیدا گوتبێتی:(وای لە تەمەن).

(چاوەكانی كزو پەنچەكانی لەرزۆك بوونە) بەدەنگیش پرسیاری لێ كردمەوە

- ئێ.. كێ.. داوای نووسینی لێ كردوویت؟

- چۆن: تیتراوسك دەبێت بچریكێنێت و بیارێنێت.

- شادمان گەشكەداربوو. چاوەڕوانی پتری لێ كردم.

- ئاخر كەنیشكە نۆبەرەی خۆشەویستم، لە نووسین بترازێت چ قۆڕبەسەرییەكم لە دەست دێت.

دڵنەوایی دامەوە: شوکر تەمەنێکی پڕ شانازیت بەسەربرد و...

هیچم نەگوت. ئەمجا لە سایەی تووڕەبوونەوە وشەکانی دایە بەرگوێم.

- باشە، کە لە بوخچەی ژوورەوەتدا هیچت نەما، دەبێ خۆت بکوژیت؟ بەچی ئەوەت زانی؟ لە کوێت پەیدا کردووە؟

- شادمان گیان، کیژەکەم هەست بە وشکبوونەوە دەکەم. بۆیە لەسەر پێم داناوە و بەتەمام...

ئەو رستەکەمی تەواو کرد. نیازیشم بوو بڵێم لە قەرەجێك کڕیومە.

- بەتەماشی هەرچیت لەم دواییە نووسیوە، ونجڕونجڕی بکەیت.. نا؟ هەرگیز ناهێڵم بیاندڕێنێت بابەگیان. پەلاماری کاغەزدەکانی دەستمی دا و لەلای خۆی گلی دانەوە. لەسەر رەفتەکەش دەمانچەکەی داگرت. شانە فیشەکەکانی لێ دەرهێنا و نایە گیرفانی. ئەوجا بۆ گۆڕینی دۆخە گرژەکە، وەك نەبای دیبێت و نەباران.

- بابە، ئەوەم لە بۆچوونی جەنابتەوە زانیوە، کە رۆمان بەپلەی یەکەم گێڕانەوەیە... ئیتر؟

خۆم پێ رام نەکرا و خێرا وەڵامیم دایەوە.

- گێڕانەوەی هونەری سێ سووچکەیی: شێواز و تەکنیك و گوتارە. دڵنیام ئەمانەت خوێندووە، دیارە لەبیرت چووە.

ئەو پتر نیازی بوو بمگلێنێتە دنیای ئەدەبەوە و تارماییی رەشبینیم بتارێنێ.

- ئەی بە پلەی دووەم؟

شادمان ورد ورد دەیکاری بیری دەمانچە و رووپەلان دڕاندنەکە لە مێشکمدا بسڕێتەوە. بەهانایەوە چووم و رواڵەتی گەش هەڵگەڕا.

- خۆ ئاگاییی نووسەرە لە...

گورج و بەتاڵۆك رستەکەمی قرتاند.

ـ جا، جەنابت خود ئاگا بووی لەوانەی نیازت بوو؟

تاس بردمییەوە. پرسیارەکەی داخورپێنەر بوو کە دەساژۆی ناخم بکات.

- لیٚ گەڕیٚ کیژم. برینم مەکولیٚنەوە. وای لە هەتیوباریی کۆتای نووسین.

ئالەم چرکەساتەدا نەمویست لە رازی خۆمی تیتڕواسك ئاگاداری بکەم، کە بوومەتە بالّندە و لاشەی ئیٚستاییم نا گەرەکە. ئەو، بەڕوویەکی پاراو و خەندەوە دەمی لیٚ کردمەوە. سۆمای چاوانی پرشنگی هیوایان دەپژاند. گوتی:

- فەرمووت خۆ ئاگایی نووسەرە لە... تەواوت نەکرد.

- دویٚتە ئازیزەکەم، خود ئاگایی بنووسە لە دارِژاتنی گیٚڕانەوەکەیدا، مەبەستم لەوەی بە گەنی کردووە. دەرهاویٚژی ئەزموونی پیٚشینەی و هەم خویٚندنەوەی، تیٚگەیشتی.

ئەو بەخەندەوە: وادیارە خالّی تریش هەبیٚت.

- ئەزموون و خویٚندنەوەکەش وا بەستەی کاتی میٚژووییە.

من گوتمەوە و شادمان لە سەری رۆیشت.

- تکایە بۆمی ساکار و رۆشنتر بکەرەوە بابە گیان. ئەو بەدواچوونەی شادمان کەیفخۆشی کردم، بۆیە پترم پیٚ گوت:

- شادە گیان، رۆمانی ئەورِۆ، نە رۆمانی ئاسایی دەیان سالّە و نەڕۆمانی داهاتووشە. رۆمانی سەردەمی پۆستمۆدیٚرنەیە.

- وایە پیٚشتر وەکو لە وانەی ویٚژەییدا دەمانخویٚند، جوداوازی دەکرا لە نیٚوان ناوەرۆك و شیٚوە.. نا؟ ئافەرین، لە زرنگی و بە تەنگهاتنەوەی کرد، سەرەڕای ئەوەی بەشووە و دوو گیانیشە خەندەبارانم کرد. بەزارگۆش پشت قایم کرد.

- ئەمڕۆ، شیٚواز بابەتە و بابەتیش شیٚوازە، ئەوجا بەکۆبەندییان دەقەکە دەڕسکیٚنن. شادمان گیان، ئەگەر مندالّت بوو، چیت بۆ ئامادە کردووە؟

ئەوجا نۆرەی من بوو سڕو تاسی بکەم. سەری راوەشاند.

- رۆمان ئەگەر کچ بوو، یان کوڕ.

تەویٚلیم ماچکرد. ئەو گەڕایەوە سەر بابەتی پیٚشووی و دەسپیٚشخەریی خۆی کرد.

ـ بابە گیان، هەلّبەتە لە ئایندەی بەجیهانیکردندا، جۆری تریش دیٚنە ناوکایەوە.. وانییە؟

- وایە پتریش. ئافەرین شادەخانەکەم؛ چونکە یاسای گۆڕان ئەوەی دەوێت. گوتت بەجیهانیکردن. کچەکەم، ئەو زاراوەیە هێشتا دروشمی بریقەدار و تەفرەدەریشە.

- راوەستە. راوەستە. بۆم هەیە بپرسم بۆ؟

- بۆ.. نا. دنیا کردنە گوندێك لەواقیعدا واهەڵناسووڕێت.

ئا لە بەر ئەوەی پێنجیەکی دەوڵەتە سەرمایەدارەکانی دنیا، دەستیان بەسەر لە سەتا هەشتاو پێنجی داهاتی گۆی زەویندا گرتووە و لە زیادیشدایە.

شادمان بەگشت هەستەوەرییەکانی گۆشەنیگامی دەقۆزتەوە.

- کەچی پێنجیەکی دانیشتووانی زەوی، بگرە کەمتریش لە ئەنتەرنێت بەهرەمەند بوونە. خۆ لە ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەندی، ئەو رێژەیە زۆر کەمترە. ئیتر چۆن گوندی یەکسانی دروست دەبێت. لە سووچێکی دیکەوە پرسیاری لیّ کردم.

- دەشێت بڵێین، کە گۆڕانکارییەکانی رۆمان، هەمان گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ بێت بەرەو پێشتر؟

هەم دیسانەوە ئافەرین دایکی ئایندەی (ڕۆمان) ی شیرینم. پەسەندتر وابوو، بڵێیت: گۆڕانکارییەکانی ئاگایی ئەو کۆمەڵەیە و تێپەڕاندنی.. دەڵێی چی؟ چاوەکانی پیّ دەکەنین نەك بە تەنیا کولمەکانی ئەوسای روانییە چاوم.

- دەق وایە بە زمانی ئەدەبی و زانستیش. باپپرسمەوە، بۆچ ویستت دواین نووسراوت لە ناو بەریت؟!

شادمان لەپاش بڕینی قۆناغی ئامادەیی وێژەیی؛ شووی کرد بە هەورامان. دەیهەویّ لە یۆتۆبۆریدا درێژە بەخوێندن بدات. بێدەنگ بووم. ویستم لەوەی دڵنیا بێت کە خوێنەر لەم تێکستەمدا بەسانایی سەرەداوی رووداوی پەرتبووی بۆ ناگیرێت، یان هۆکار و ئاکامەکان زۆر بەرجاو نین. هەروەهاش، لە بنەڕەتەوە چیرۆکێکی تەوەرەیی نییە، کە رەزم و دابڕینەمان لە رەوتی گشتەکی رووداوی دەرەکی تێکەڵ بە رووداوگەلی ناوەکیی تێکستەکە دەبن. کەسانێك ئامبازی یەکتر دەبن. شادمان خان چەتری ئەندێشەکەمی لاداو، رووی دەمی لیّ کردم.

- ها.. وەڵامت چی بوو؟

- دەباش گوێیەکانت بکەرەوە. لەو لاپەڕانەدا بڕبڕەی پشتی رووداوی ئاساییم شکاندووە. رەنگە خوێنەران هێشتا بەم گەمەیەم رانەهاتبن.

شادمان دەستەکانی لە گەردنم ئاڵاندن و هەردوو چاوی ماچ کردم. فرمێسک زایە چاوانمەوە و بوونە جووتێ کانیلەی ئەسرین.

گوتمێ: ئەوەش لە پێناوی پشکنینە بەدوای واتا و جوانی و چەمکدا.

- کەواتا.. هەنووکە ئەو بیرە ژەهراوییەت لە مێشکدا پووچەڵ بووەتەوە، لە بارەی فیشەك و پەڕە دڕاندن و..

هیچم بۆ نەگوترا. تەنیا چاوە گەشەکانیم ماچ کردن و بنبڕ وازم لە چەك و دڕاندنی نووسینەکانم هێنا.

ئەمێستا تۆی خوێنەری هێژا پاری شەشەمی ئەم تێکستەمت بەدەستەوەیە، بەسەری هەردووکمان ئەگەر شادمان نەبوایە هەرگیز ئەم کۆلاژ و شەپۆلی ئاگاییا نەت، ئەم پەرتبوونەی هۆشی و کەرتاندنی جێ کاتییانەت بەر چاوان نەدەکەوت. لەوانەش بوو نووچەی خۆ کوشتنمت ببیستبایە. دەی دەبا بزانین ئاکام رووەوکوێ سەرمان پێ هەڵدەگرێت. ئەی نایەژن قەڵەم هێستریکی چەمووشە و تیتراوسکانە ریژنەی خۆی دادەبارێنێ. بەر لەوەی شادمان بگەڕێتەوە بۆ(یۆتۆبۆری) هەمیشە وەك لە تەکمدابێت وتووێژی لەگەڵدا دەکەم و گوێ لە نوکتەکانی دەگرم. وەکو ئەمە، گوێ بگرە. موختاری گەڕەکێك کوڕی بوو. ناوی نا (موختار) ها. ها. ها.. هەنووکەش بووەتە باو و چاولێکەری، کوڕ لە باوکەوە جڵەوی دەسەڵات وەردەگرێت. هۆ.. هۆ.. هۆ.. دەرکەم داخست . خۆ زەنگەکەت لە بیرە. چۆن دەرکە لە خۆم بکەمەوە ئەگەر ئەو من بێت و من ئەو منی تیتراوسك ئێژم: دەبێ رەگەز پەرستی لە هەموو شوێناندا رابگیرێت بۆ ئەوەی ژیان و بەختەوەری والآ بێت بۆ گشتمان. ئەمە درۆشم بووە لە سەرانسەری نووسینە تیتراوسکییەکانمدا. ئەوەتا ئێستاکەش لەم دەقەدا پێی لە سەردا دەگرم. دەبێ رێ نەدەین.. نەهێڵین هەرگیز گاسنی رامیاران کێڵگەی ئەدەبی و جوانیمان تەفر و تونا بکەن. دایکی زارۆکان لە ئاشپەزخانەدا مژوولی جێشت لێنانە، ئەمەیشە دەرفەتێکی لوواوە بۆ منی تیتراوسك لەگەڵ شادماندا بەرکولی هزرێك بگۆڕینەوە. ئەی رۆمان فرە

ژانری خود نووسینەوە نییە. باشە شادمان گیان، پێوەندیی ئەفراندن بە زانستی دەروونەوە، دەکەمە دەستپێك کیژەکەم. ئەدەب و زانستی دەروونیی ئەمڕۆ، لە سەر زەوینەیەکی هاوبەشدا راوەستاون. دەبڵێ: چۆن؟ ئا.. چونکە هەردووکیان گرنگی بەدوو تشت دەدەن.

یەکەم: راڤەکردنی رەفتاری مرۆڤ و خوو و ئارەزووەکانی.

دووەمیان: توانای کەسان راڤە دەکات لە هێنانە کایەی ئەفسانەوە. ئافەرین، تۆ گوتەنی، چەند بڕگە و جومگەیەکم لە جەستەی رووداوگەلی سەربهووردی خۆم نووسیوە و ئەگەر لە کاتی خۆیدا هەندێ وردە تێبینیم تۆمار بکردبایە، ئێستا لاپەڕەکان بێگومان والاتر دەبوون. ئەوەشی سەرباربێت، کەسێتیی چەقگەی تێکستەکە تیتراوسکە کچی شیرینم بەواتایەکی دی، زانستی دەروون و ئەدەب لایەنی خودیی کەس بەکاکڵ و بایەخدار دەزانن، بۆیەش لە مەڕ نەستەوە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتیی پێکەوەنانی خوازە و هیماکاریی کەسەکان دەکەن.

ڕاست دەفەرمووی. هەروەسا رەنگدانەوەیان لە خەون و هەم زیندەخەوندا.

ئەوە ئافتاو خانی دایکت ئاوی بۆ هێنام. سوپاس

*   *   *

ئەو دەمەی ماڵمان لە گەڕەکی( ئەڵماس) بوو، پرسیارم لە حاجیی باوکم کرد. لای خۆت خوێندەواریت، دوو سێ زمانیش دەزانیت، ئەوە چۆنە رۆژ و مانگ و ساڵی لە دایکبوونمت، بۆ داخستنی- خۆت گوتەنی- تەمەنی جلی سەربازی لەبەرکردن، گۆڕیوە؟ ئەویش ئەمە بوو وەڵامی: هۆشەنگ گیان، لە لاپەڕەیەکی قورئانێکدا ئەوەی تۆ گەرەکتە نووسی بووم. لە سەرووی سوورەتی (یاسین) دا، ئیتر چاوی رۆژگار کوێر بێت، نازانم چۆن بوو قورئانە شڕەکەم بردە مزگەوت و قورئانێکی نوێم لە جێی پەیدا کرد.

پرسیارەکەم لە پای ئەوە بوو بزانم زایندەی کام کەلووم؛ شێر.. گا.. تەرازوو ئەوسا و ئێستاش بنبڕ دڵنیانیم لە تەمەنم؛ وەلێ کەمەقامی (ئەوەسەحەرە)ی (سێوە)ی هەرمۆتەیی دەبیستم، یادی سەحەرە قورئان خوێندنەکانی باوکم دەکەم. بەهەردوو سەحەرە چاوانم فرمێسکێن دەکەن. دەنگی باوکم سازگار بوو. بەیانی زوو، لە سەحەردا یاسینی بەهەوای

دەخوێندەوە منیش ئەو سوورەتی یاسینەم لە ئێوارانی جەژناندا، دەخوێندەوە بۆ وە دەسخستنی پوولی سەیران و نۆقڵ و چەرخو فەلەك لە ژنانی سەرقەبران.

بەلامەوە هونەر بە ئەدەبیشەوە (پڕکردنەوەی ئارەزوو)ی کەسێتیی هونەرمەند و ئەدیبەکەیە (فرۆید) گوتەنی. لەوەش بەولاوە تر(کۆ هەستی رەگەزی پێشینەمانە) بەگوێرەی لێکدانەوەی (یۆنگ).. باشە، بەو دوو رێچکەیە ئەدەب و هونەر دەبنە چی؟ خوێنەری برام، پرسیارەکەت لۆژیکی و شایانی وەلامدانەوەمە. بەڵێ، بەو دوو رێچکەیەی بۆچوونی فرۆید و یۆنگ، هونەرو ئەدەب دەبنە تۆماری خودیی ناوەوەی کەسێتی و هەم ئەزموونی دەرەوەی کەسانی دیکەی خولگەش.

دەپرسیت.: (ئیتر بۆ هونەرمەندان و نووسەران گرفتاری نامۆیی و دڵەڕاوکە دەبن؟)

دەڵێم: ئەم گرفتاربوونی خود نامۆیی و دڵەڕاوکەیەی ئاماژەت بۆ کرد،

لەگەڵ هەرناسەنگییەکی ناخی جوانکاران، هەڵبەتە دەنگدانەوە و رەنگدانەوەی دەبێت، بەئەرێنی و بە نەرێنی بەسەردا هێنانەکانیدا

- بابە گیان، تکایە هەتا لێرەم، لەمەڕ جێگە و هونەریکارییەوە شتێك بڵێ ئەوە نییە لە زێد و لە ئەسکەندەناڤیاش پەرتی کردووین.

- وامەڵێ.. روحمان پێکەوەیە و تەلیفۆن و پێوەندیی تر هەس. لای ئێمە، رەنگە لە شوێنانی. دیکەش وابێت. بڕی شت پیرۆزی وەردەگرن وەکو: درەخت، باڵندە، بەرد و شوێنەوار و...تاد چەند نموونەیەك پێش چاو دەخەم: بڕینەوەی پنجەمۆرد و زەیتوون و داری چاکان دروست نییە. بۆ؟ زۆر بە روونی سەری لێدەرناکەم؛ بەلام دەشێت مێژوویەکی دێرینی ئەفسانەییيان هەبێت. کوشتنی پەپوولە سلێمانکە و پەڕەسیلکە و تیتراوسك فرەناجۆر و ناپەسندە. لەوانەیە ئەمەیش رەگی لە داستان و ئەفسانە و ئایندا هەبێت. بەردە رەشی کەعبە و تەختە قوڕە برژاوەکانی دەشتی نەجەف و کەربەلا، کە لە نوێژا دەخرێنە ژێر تەوێڵەوە، میرووی زەردوی و پیرۆزە، کە ناوی بەخۆیەوەیە هەموو پیرۆزییان راگیراوە. ئەوجار لە مەرقەد و قسن و مەزارگەی

پیاوخاسان هەرمەپرسە. چ شکۆو ئیکلامیان لێ دەگیرێت. تەنانەت گۆڕستان، خۆراك، نمەك دانەوێڵە بەگشتی دەچنە ناو سنووری ئەو ناوانەی ناویانم برد.

لەبەر ئەوەی (گاستۆن باشلار) بەرلەوەی رەخنەگر و فەیلەسووفی ئێستێتیکا بێت، فیزیکەوان بووە، بۆیە پەرتووکی فرە بەنرخی نووسیوە.

(جوانییەکانی جێگەی) ت وەبیر دەخەمەوە. ئافەرین، بەرلەوەش، لەسەر چوار رەگەزی کۆنینەی گریگ: ئاو و ئاگر: گڵ و با چوار توێژینەوەی پڕ بایەخی هەیە. لە ساڵی (١٩٣٧) دا (شیکردنەوەی دەروونیی ئاگر) ی نووسیوە. لە(١٩٤٢)دا (ئاو و...لێڕوانین و لە (١٩٤٣)دا (با و... خەونەکان) و لە (١٩٤٨) دا(زەوی و.. وەهمەکانی پشوودان)ی نووسی.

لەلای خۆمان مەگەر کورتە ئاماژەیەك بۆ چوار رەگەزەکە بەدی بکەم لە رۆمانی ئەفسانەی رەنگستان، یان رەنگستانی ئەفسانە؟)ی عەبدوڵڵا سەڕاج دا.لێرەدا و هەندە چاوم بۆ تیتراوسیك گێڕا و نەمدۆزییەوە. واخۆم بوومەتە تیتراوسك هەر وەکو چیمەن و هیوای (کاولاش)ی عەبدوڵڵا سەڕاج کەبوونە جووتێ کەناریی زێڕین. گوێ بگرە خوێنەری هێژا و شادمان خان و گشت کەسێك. شەپۆلی وشەی پیرۆز(هیوا)ی داگرتبوو. ناخۆگۆیی دەکرد.

تومەز لەو کاتە ناسکەی سرووشانەدا، دەستەکانمان لەسەر خۆ، بەرەو باڵ هەڵدەگەڕێنەوە. میتامۆرفۆسز. لەشمان هێدی هێدی پەڕی وردیلەی لێ دەڕوێ!!)

سۆمای چاویان لە یەکدی دەبڕن. چیمەن و هیوا سەرسامن، چاوان ناترووکێنن و گەشکە دەیانگرێت.

(لە ناو ژوورەکەدا دەدەینە شەقەی باڵ).

بەرز دەبنەوە. سەریان لە بنمیچی ژوورەکەت دەدات. دەنگیان دەئاوازێ. یەکەم شانەی گۆڕان دروست دەکەن، شانەیەکی مەزن و رەنجیان بەبا نادەن.

چاکە،.. ئەوا بوومەتە تیتراوسك و بەخۆم نەزانیوە. دەهەڵفڕە بەکامی دڵ و تۆتە مەگرە بەرەوبەندەن و هەڵەمووتان. زووکە لە هەرکوێ دەتەوێ، بارانی خۆت بەلیزمە دابارێنە. توو تیتراوسکیت نەك هۆشەنگی هاوسەری ئافتاو و باوکی شادمان و هونەر و سایە و هێدی.

ئاوها (تیتراوسك) م نووسی وەك چۆن (پاتریك زۆسكند) لە دەورەی خۆیدا(كۆتر) ی نووسیوە. ئەز.. بەخۆم تیتراوسكم و لە سەربهووردی خۆم پێچیوەتەوە. من تیتراوسكم. ئەم چركە ساتە هیی منە. ئەوە بوو رازنامەكەم. چریك.. چریك.. چریك.. واسك..

*    *    *

لە بەشی كۆمەڵایەتیی زانكۆی (ماڵمۆ) وەرگیرام. لە (یۆتۆبۆری) گوێزامانەوە بۆ ئەوێ بەشكو هەورامانیش لەو شارەدا چنگی لە كارێك گیر بێت و(ڕۆمان)یش بخەینە داینگەی ساوایانەوە. هەفتەیەكی خەیاند، كە نامەیەكی پیرۆزبایی بابە هۆشەنگم پێگەیشت. سەرەڕای فرە بەختەوەریی خۆی و دایكە ئافتاوم لە پەرە پێدانی خوێندنم، لە پێشەكییەكی درێژدا باسی لە سێیەم دیمانەی خۆی لەگەڵ مرۆڤە تیتراوسكێك كردبوو

پاش ئەوەی دایكم و منداڵەكانی گەیاندبووە (نایسەری) ی شوێنی گردبوونەوەی ژنان و بەهیوای سێ سەعاتێكی تر بچیتەوە لایان و بیانگەڕێنێتەوە بۆ ماڵەوە. ئاخر هەر لەو بنكەیەدا ژنە پەرلەمانتارێكی ناسیبوو؛ زۆر هاوكاریی دایكمی كردبوو كە هەرچی زووە رەگەزنامەی فنلاندی وەربگرێت، بۆیە بە هەردووكیان لە هەڵبژاردنی نوێدا دەنگیان بەو مرۆڤدۆستە دابوو. باوكم زۆر حەزی لە خەندە و شۆخییە. دواین نوكتەی لە نامەكەیدا نووسیبووم.

(نوكتە)

لە زانستی ئەندازەسازییدا خوێندوومانە، كە هەرگیز جووتە هێڵی تەریب لە خاڵێكدا ناگەن بەیەكتری، كەچی كۆنەخواز و تیرۆرستیان دەڵێین: ئەگەر ئیرادەی خودای لەسەربێت زۆر بەیەكتری دەگەن. ها ها ها. خاڵ و كۆتایی.

باوكم لەوێوە بە شەقامی "كاوهاكۆرڤین"دا هەوراز چووە. بە دەستەچەپدا شۆڕ بووەتەوە رۆخی گۆلەكە. "هێرڤانتا یارڤی" ئەوەشی بە خاوی بە چارەكە سەعاتێكی خایاندووە . لە لچ و لێواریئەو گۆلە بەرین و ئەسكەلەدارەدا "شوان گەردی" كۆشكی فرۆشیاری بەهاوینانە لە شارەوانی گرتبوو، دیوی چەپی بۆ رووتكردنەوەی مەلەوانە مێیەكان و لای راستی بۆ جلوبەرگ داماڵینی پیاوانە تەرخان كرابوون. لە ناوەنەكەیدا كاك شوان قاوەو ساردەمەنی، هەمبەرگەر و هۆتدۆگی دەفرۆشت. پەروین خانی

هاوسەری لە تاقی ئێواراندا بەهانایەوە دەچوو .قاوەیەك لە كن شوان دەخواتەوە، باوكم هەرچەند دەكات و دەكۆشێت پارەی لێوەرناگرێت. چەوجار روو لە كەناری ئاوەكە دەكات. بە نێوان بەردە گرانێتە زلەكاندا رێ دەكات، هەتا لەسەر گابەردێكی هەرە گەورە، خۆی گوتەنی: بە قەد دوو فیلەتەن دەبوو، ئۆقرە دەگرێ. بەر دیدی دوو جۆرە شینایی دەبێت، كە هێڵێكی سەوزی درەختەكان شینایی ئاسمان و شینایی گۆلەكەی جودا كردوونەتەوە. باوكم زۆر كارا و بە زەوقە لە وێنەكێشان. لەوێ، دەستی دەخاتە ژێر چەناگەی بیركردنەوە و رامان. نیمچە ئاگا دەبێت لە دەروبەرو زیقوزاقی منداڵان و نەورەسان. لەنەكاو "هەست دەكات "وا كەسێك" لە تەكی دانیشتووە!! پانتۆڵ و تیشێرتەكەی زەردێكی ئاوداری زەعفەرانییە!! قژ و برۆی، سمێڵ و رۆیشی رەش رەشە. چاوەكانی گەش و تیۆڵی نوورانی. باوكم لە نامەكەیدا نووسیبووی:

(لە من وابوو، ئەوەی بەرچاوم، وێنەی مەسیحە لە ئینجیلێكی وێنەدار كرابێتەوە. (لەوانە نیگار كێشانی سەتەكانی پێشوو بۆ ئەو كوڕی خوایە. تەمەنی بەخوارووی سییەكان مەزنە كردبوو. چاوی ئەبڵەق بووە. (نامناسیت).

دەمی پرسیارم لە هۆشەنگم ناوە، ئەویش سەراسیما و حەپەساو، گەرووی لە بێ وەڵامیدا تاساوە.

(ئەمە سێیەم دیدارمانە.. هۆشەنگ گیان).

باوكم هەرسڕی و واقوڕماوییە بێ دەنگییەی چاوی كراوەی لە روخساری ئەو نەناسە بڕیوە.

(ئەوە.. بۆ دەركەت.. لێ نەكردمەوە).

هەنگێن باوكم سەری یادەوەریی لەسەر خۆ راوەشاندووە. (بیهنمەوە بیرت. لە نزیكی حەوزی بنكەی بەرەو ڤانی و.. دەفتەر چەكەت).

ئەوسا باوكم هۆشی بەلای (مرۆواسكە) كەدا دەشكێتەوە. لە یەكەم دیمانەیاندا سیپاڵی كەسكی قەرسیلیی پۆشیبوو. لە دیمانەی دووەمدا، كە باوك لە ترسی رەگەزپەستان دەركەی لێ نەكردووەتەوە، پۆشاكی ئاودامانی وەكو چۆڕی شیری

لەبەربووە. لە دیمانەی سێیەمدا، جلوبەرگی زەردی زەعفەرانی. ئەڵبەتە وەکو باوکم بۆی نووسیبووم، ئەوسێ دیدارەی لە پێڵوو ترووکانێکدا بەهۆشیدا تێ پەڕیوون. چاك وایە ئەم دیالۆگەیان لە دەقی نامەکەوە، لێرەدا وەکو خۆی تۆمار بکەم

- داوای لێبووردنت لێ دەخوازم ئەی تیترمرۆی شکۆمەند، چونکی ئەوسای لە دەرگامدا وەستابووی، هەستم کرد بەخۆم تیتروا‌سکم و ترسیشم هەبوو.، زەردپۆشەکە شادمان خان، قسەی پێ بڕیم

- بیر لە سەر چوومەکەرەوە. ئێستا خەڵاتی میری تیتروا‌سکت پێ دەبەخشم.

باوکم گوتەنی، زەردپۆشەکە دەستی بردووە بۆ چالاییی بڕبڕەی پشتی و شاپەڕێکی لێوەی راکێشاوە. داوییە دەستی باوکم و گوتوویەتی، کە هەرکاتێك ویستت بەرە و لووتکە و هەڵەمووتان هەڵبکێشێت، سێ جار ئەو پەڕە لە شانو مل و دەفەی شان و سنگی خۆی هەڵبسوێت، کتوپڕ دەتیتروا‌سکێت. لە وزەیدا دەبێت هەتا بخوازێت باڵ بوەشێنێت. بابە هۆشەنگ شاپەڕە پیرۆزەکەی ماچ کردووە. ئەوجا ویستوویەتی دەستی زەردپۆشەکە بگرێ و گۆناکانی راموسێت، کەچی چۆن پەیدا بوو ئاوهاش گۆم بووە. لە خۆی بەولاوە کەس لە سەر بەردەڕەشە فیلەتەنەکە نابینێت.

لە نامەکەیدا بەمنی نۆبەرەی خۆی ئێژێت کە ئەو رەنگانەی لە هۆشیدا تاوتوێکردووە. سەوز و زەرد و... لەسپییەکەدا هەڵوەستەی کردووە و.. بەڕەنگی نەزانیوە لەگەڵ رەشدا. نووسیبووی: شادمانەکەم سوور دەزانم لە دیمانەی چوارەمی ئەو تیترمرۆڤەدا، بەرگی سووری گوڵ هەناری لەبەر دەکات بە تەواوکردنی رەنگانی ئاڵاکەمان. منیش لە پاش خوێندنەوەی وردی نامەکەی، وەڵامم بۆ نارد.

پیرۆزباییم لە دیتنی زەردپۆشەکە لێ کرد و کۆڵی رێز و چەپکی ماچەگوڵم بۆ دایکم و خوشکان و براکەم نارد. دەق ئاوهام بۆ نووسی.

(ئیتر لەوە خۆشنوودتر هەیە بابەگیان بتیتروا‌سکێت ئەوساش کەرکووك و هەڵەبجە و ئەنفالستان بە سەر دەکەوێتەوە. لە راز و پەنهاکانی دوورگەی ئامرالی و قوتکەی پیرمام و بناری قەڵاچوالان ئاگادار دەبیت. دەفڕیت بەسەر باجسێنانی ئیبراهیم خەلیل

و باشماغ و حاجی ئۆمەراندا، دەچیتە ناو کۆمبوونە داخراو و پەڕەی گرێبەستە شارەوەکان هەڵدەدەیتەوە و زۆری دیکەش.)

لە پاشکۆی نامەکەشمدا مزگێنیم دابوویێ، لەوەتی لەو زانکۆیەدام. ئالوودەبووی خوێندنەوە و جاروباریش چیرۆکۆکە دەنووسم. بەڵێنم پێ دا، کە هەرچیم نووسی بۆی بنێرم. ئەمەش لە خوارەوە تێکستی یەکەم نووسینمە.

(نیگا)

یەکەمین نیگایان لە گۆڕستانەکەدا گۆڕییەوە. ئەم بە چەپکە گوڵی سپی بەرەو کێلی ژنەکەیەوە چوو. ئەویش بەگوزرزێ گوڵی رەنگاوڕەنگەوە رووی کردە گڵکۆی مێردەکەی لە نورینگەی کێلی گۆڕەکانەوە، نیگای دووەمیان گۆڕییەوە. ئەم هەستاو بەنیازی گەڕانەوە هەنگاوی نا. ئەویش راست بووەوە و هەنگاوی گەڕانەوەی هاویشت. لە نشێوەکەدا سێیەم نیگایان بەسۆزەوە ئاڵشت کرد. رێگەکە دابەش بووە سەر دوو رێیانێك. دەبووایە ئەم رێگەی راست بگرێت و ئەویش رێگەی چەپ. ئاوڕیان دایەوە و بەرە و بەرزاییەکە چوون. بە جووتە و چوختی گولە سپی و رەنگاوڕەنگەکانیان هەڵگرت لەسەر گۆڕی شووەکانیان. نیگای چوارەمینیان بەخەندەوە گۆڕییەوە و رووە و یەکتری چوون. نێر و مێیەك و دوو چەپکە گوڵ. هاوکات لەگەڵ پێنجەمین نیگایاندا، گوڵەکانیان تێکەڵ کرد. ئەو لە دڵی خۆیدا گوتی:

(گوڵ بۆ زیندوانە.) لێوەکانی لەرانەوە.

ئەمیش بەهەمان شێوە لە ناخی خۆیدا گوتی و لێوەکانی لەرانەوە

(مردوو، چی لە گوڵ بکات).

دەستیان لە ملی یەکدی کرد. بەرەو باخچەی ناوەندی شار و گرێدانی هاوسەرییەکی نوێ.. چوون.

(خاڵ و.. تەواو بوو.)

تێبینی: ئەو چیرۆکۆکەیەکم لە کاتێکدا بۆهات، کە هەورامان و من بەشداریمان کرد لە دابونەریتی ناشتنی هاوسەری کوردێکی ئاوارە و گۆڕ غەریبکردنی.

لە کۆتاییی نامەکەمدا بۆم نووسیبوو: بابە گیان دەشێت.

(ئەو) هەر ئەوێك بێت. (ئەم)یش رەنگە دەیان نموونەی هەبن. وەكو خۆشی، لە كۆتاییدا نووسیم: چریك چریك .. چریك.. تیتر..تیتر.. واسك...

* * *

لە نامەیەكی دیكەیدا باوكم ناردی، لە وەڵامیدا بە بابە تیتراوسكم ناو بردبوو. لە جیاتی دەستەكانیشی ماچم بۆ پەڕە پیرۆزەكانی نارد. ئەو یادگارێكی چەند ساڵەی ئەوسای لە فنلاند بووم، بیری خستبووم، كە پێكەوە بووین، دەنگی سۆزناكی بەر پەڕەی گوێم كەوت.

(ئەو زیندەوەرە جوان و خنجیلانەیە دەبینی).

گورج نیگام بەرەو ئاراستەی پەنجەی رەوانە كردە سەر گەڵایەكی سەوز كە زیندەوەرێكی خریلە سووری بەسەرەوە بوو. گومەزی بریقەداری بان باڵەكانی بە خاڵی رەش رازابووەوە.

(ناوی خاڵخاڵۆكەیە، دە بەنەرمی بیخەرە ناو لەپت شادمان گیان) چۆنی ویست وام كرد كەمۆكەیەك بەناو لە پمدا رێی كرد و ختووكەی دام و هاكا كۆڵوانە سوورە خاڵخاڵییەكەی ترەكی و جووتێ باڵی دەراند و بەرز بووەوە. گورج دەنگی پرسیارێكی بابە هۆشەنگم بیست.

كوێ هەڵفری؟ شادمان خان؟

لەو گورجتر گوتم: ( رووە و باكوری رۆژئاوا).

سەرنجی قووڵاییی دیدەكانمی داو دەمی لێ نام.

(تۆش وەكو ئەو زیندەوەرە نەشمیلەیە بەهەمان ئاراستە كۆچ دەكەی) ئەو دەمە لە مەبەستی نابەڵەد بووم؛ وەلێ لە نامەكەدا نووسیبووی، كە لە هاوسەرم بووە كە شوو بەلاوێكی نەرویژی، یان سویدی دەكەم، هەرواش بوو كە هەورامان لە سوێدەوە داخوازیی كردم. دیمەنی خاڵخاڵۆكە سوورەكە و خاڵەڕەشەكانی لەسەر گەڵا سەوزە تێرەكەدا فەرامۆشییان بەگیانم دا. باوكم دركی بە رامانەم كرد.

(ناشێت هایكۆت نەبیستبێت. مەبەستم لە جۆرێ شیعری ژاپۆنییە كە سەتان ساڵە دایان هێناوە.)

سەری ئەرێم بۆ راوەشاند و هانم دا پترم لە بارەی هایکۆوە بۆ بلێت: گوتی: (کارامەترین شاعیری ئەم جۆرە ساکار و رۆحییانە، لە سەتەی حەفتەمدا(١٦٤٤-١٦٩٤) بەناوی ماتسو باشۆ بووە.)

ئەوجا دیمەنی دلڕفێنی خالخالۆکە نازدارەکە بیری بابە تیتروسکی بۆ لای هایکۆی ژاپۆنی برد، خۆی گوتەنی (باشۆ) مەزنترین هایکۆی لە سەر نووسیوە، ئەوسای لەگەڵ یەك لە شاگردەکانی، بەناو مەرەزەی برنجی پایزیدا تێ دەپەڕن. (کیکاکۆ)ی شاگرد بە(باشۆ)ی مامۆستای رادەگەیەنێ کەوا خالخالۆکەیەکی سووری جوان سرووشاندی و هایکۆی لە بارەوە نووسیوە

دوو باڵی خالخالۆك
هەڵکێشە لە ناو لەپتدا
بیبەرێك دەبینی

باشۆی هەستمەندی مامۆستای ناقایل رووی دەمی لێ دەکات.

(تۆ بەم جۆرە خالخالۆکەکەت کوشت ئەگەر دەتەوێ هایکۆیەکی ژیانمەند دابڕێژێت، پێویستە ئاوها بێت. چاك گوێ بگرە، پێنج هایکۆت نووسی، دەبێتە شاعیر، خۆ ئەگەر دەی چاکت نووسی، دەبیتە وەستای کارامەی هونەرەکە، وەکو ئەمە:)

جووتێ باڵی دیودەر
ببەخشیتە سوورە بیبەر
دەیکەیتە خالخالۆك

بەڕاستی ئەوسا و ئەمێستاش سەرسامم لە عاست چڕیی دەستەواژە و پڕواتایی و جوانسازییەکانی هایکۆ. بۆیە لێم پرسی. (بابە گیان، بەکورتی پێم بێژە هایکۆی سەرکەوتوو لە سەر چی بنیات دەنرێت؟).

گوتی:(ئەم پرسیارەت دلمەندی کردم. دەگوێ لە بابە تیتروسکی خۆت بگرە، کیژە خالخالەکەم. هایکۆ، بەخۆی بابەتی خۆیەتی و بەس. کە لە سەر چەندین پایە مکووم دەوەستی، لەوانە:

١- دیمەنەکان، لە چاوەوە دەقۆزدرێنەوە نەك لە روانینی ناخەکی.

٢- بەرهەمی راستەوخۆی هەستی راستەوخۆیە نەك مشتومڕی هۆشەکی
٣- ڕێژەی نێوان: گژمەی سرووشانەکە و دیمەنە دەرەکییەکە رادەگرێ.
٤- وشەکان، بەهێڵەکی دانسقەیی تەتەڵە دەکرێن.
٥- سێ رستەی چڕوپڕ لە خۆ دەگرێت، رستەی دەستپێك و کۆتایی پێنج بڕگەیی و رستەی نێوانیان حەفت بڕگەیی دەبن. کچی شیرینم..

پاشان، باوکم چەند لەبەر بۆ خوێندمەوە، منیش هەرزوو لە دڵم نیشتن و لە بەرم کرد.

به گوڵ تێ گەیشتم
لە چیلکەوە وەری بێت
تومەز پەپوولە بوو

* * *

بەهار تێ دەپەڕێ
باڵندە دەگریێ و چاوی
ماسییش پڕ لە ئەشکە

لە داوێنی نامەکەیدا باوکم بەخۆی جووتێ هایکۆی نووسیبوو.

خۆی گوتەنی کورداندوویەتی، بەڵام رستەی یەکەم و سێیەم شەش بڕگەیین، رستەی ناوەندیش هەشت بڕگەییە.

چڵێ نێرگزی گەش
لە گەرما ئەبڵەق بوو چاوی
لە دیاهی بەهاردا

* * *

بەستەڵەك راچڵەکی
کە پەڵە خوێنی سووری دی
لە ئاودامانی خۆی

منیش تێ کۆشام بەدووکوردە هایکۆ، وەڵامی بۆ بنێرم.
پێشتر باڵندەبووی
بۆیە ئێستا باوە هۆشەنگ، دەتەوێ باڵ بگری

* * *

ئەوە تۆوە گچکەیە
بەژنی داهاتووی درەختی
مەزنی لە ناخدایە

**ئابی ٢٠٠٩ فنلاند**